
بەرگی دووەم
نووری ڕێ
بۆ پۆلی
دووەمی ئامادەیی ئامەد
محمد رسول الله

بسم الله الرحمن الرحيم

# نووری ڕێ

## بەرگی دووەم

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی

# نووری

لێکدانەوەی دە فەرموودەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

بۆ پۆلی:

دووەمی ئامادەیی ئامەد

راڤەو لێکۆڵینەوەی

مامۆستا کرێکار

# نووری ڕێ

کـتـێـبـی: نووری ڕێ
بەرگـی: دووەم
نوسـینی: مامۆستا کرێکار
بۆپـۆلی: دووەمی ئامەد
سالّـی: ١٤٣٩ك-٢٠١٨ز

پێشکەشە:

بەو موسوڵمانە خواویستانەی
هەست بە پێشەوایەتی پێغەمبەری
سەروەرمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ
دەکەن..

**مامۆستا کرێکار**

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللّهِ مِنْ شُرُورِ أنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللّهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّه وَأَشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءًۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا * يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْۗ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا

أمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللّهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمد صَلَى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ

وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

## پێشەكی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

**الْحمد لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ وَ الصَّلاةُ وَ السَّلامُ عَلَى رَسُولِه الامِيْنِ، محمد وَ عَلَى آلِهِ وَ صَحبِه أَجْمَعِين.**

ئەمە بەشی دووەمی فەرموودەكانی نووری ڕێیە كە بۆ سێ قۆناغی خوێندنی ئامادەیی ئامەدی ئیسلامی دانراوە. دە فەرموودەیان بە شەرحێكی كورتەوە بۆ پۆلی یەكەم و دە فەرموودەی دووەم بە شەرحێكی كەمێك زیاتر بۆ پۆلی دووەم و باقی فەرموودەكان بە شەرحێكی تەفسیلتر بۆ پۆلی سێیەم ان شاءالله. مەبەست لێیان جگە لەبەرچاوڕۆشنی ـقوتابیان بە تایبەتی و خوێنەران بە گشتیـ فێربوونێكی سەرەتایی چۆنیەتی خوێندنی فەرموودەیە. كە لە سەرەتادا دەق (مەتن)ەكەی دەناسێت، ئینجا ئەوی ڕیوایەتی كردووە، پاشان ووشە گرانەكانی و لێكدانەوەیەكی گشتی ماناكانیان، تا بزانرێت چ پەندو ئامۆژگارییەكیان لێوە وەردەگیرێت.. ئەمە لەگەڵ ئامانجی گشتی خودی خوێندنەكەدا دێتەوە كە بریتییە لە ڕۆشنبیركردنی قوتابیان لە زانستییەكانی شەرع.

هیوادارین قوتابیانمان بە هیممەت بن، هەوڵ بدەن زۆرترین ژمارە لە فەرموودەكان لەبەر بكەن. ڕاستە لە هەر بەرگێكدا دە فەرموودە شەرحكراوە بەڵام لە بەرگی یەكەمدا (٥٠) پەنجا فەرموودە خراوەتە بەردەست. لە بەرگی دووەمیشدا زیاتر لە سەد (١٠٠) فەرموودە. هەر هەمووشیان توێژینەوەیان لەسەر كراوەو ساغكراونەتەوە كە سەحیح

یـــان حەســـــەنن. هەروەهـــا پـــازدە یـــاوەریش خـــوا لێیـــان رازی بێـــت ناســـێنراون لەوانەی فەرموودەکانیـــــان گێـــڕاوەتەوە، کە ئاســــــانە زانیـــــارییەکی کـــــورتیش دەربارەی ئەوان فێرببن. ان شاءالله.

خـــوای گەورە ئەم رەنـــجە کەمە لە ئـــێمە قبـــووڵ بکـــات و بیکـــاتە مـــایەی بیرخستنەوەو پێگەیاندنی ئێوەش.

ئامین

## فەرموودەی یەکەم

إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ،

وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى

فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ

فَهِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ

وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا

أَوْ امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا

فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ.

## فەرموودەی یەکەم

## خواوویستی (النية الصادقة)

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (عن أميرِ المؤمنينَ أبي حفصٍ عمرَ بنِ الخطَّابِ رَضِي اللهُ عَنْهُ قالَ: سَمِعْتُ رسولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يقولُ: إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى، فمَنْ كَانَتْ هِجْرَتهُ إِلَى اللّه وَرَسُولِهِ فَهِجْرَتهُ إِلَى اللّه وَرَسُولِهِ وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا، أَوْ امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا، فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ)متفق عليه[1]

## کوردییەکەی

واتە: هەموو کردەوەیەک بە وویست و مەبەستەوە بەندە. هەر کەسەش وویست و مەبەستێکی هەیە. هەر کەسێک کۆچکردنەکەی لەبەرخاتری خوای گەورەو بۆ سەرخستنی پێغەمبەرەکەی خوا بێت صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوە وای بۆ حسێبە، کە لەبەر خاتری خوای گەورەو بۆ سەرخستنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کردویێتی. هەر کەسێکیش کۆچکردنی بۆ دنیاوویستی بێت یان بە ئومێدی هاوسەرگیرێتیی بێت لەگەڵ ئافرەتێکدا، ئەوە هەر وای بۆ حسێب دەکرێت کە بۆ دنیاو دیداری ئافرەتێک کۆچی کردووە.

---

[1] بوخاری (٥٤)، مسلم (١٩٠٧).

## راویەکەی

سەیدنا ئەبوحەفص عومەری کوڕی خەططابی کوڕی نوفەیلی عەدەویی قوڕەیشی. لە ناوی باپیرێکی سەرەوەیدا (کەعبی کوڕی لوئەی) دەگاتەوە بە نەسەبی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. دایکی ناوی حەنتەمەی کچی هاشمی بەنی موخزووم بوو. کچەمامی خاتوو ئوم سەلەمەو خالیدی کوڕی وەلید بوو خوا لێیان رازی بێت. دووەمین خەلیفەی راشیدین و لە گەورەیاوەرانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو. خواناس و زاهیدو بە جورئەتبوو. زاناو خاوەن ئیجتیهادو ئەقڵی داهێنانبوو. هێمای فەرمانڕەوای بە ئاگاو هەستبەرزو دادپەروەر بوو. یەکێکە لە دە مژدەپێدراوەکەی بەهەشت. دوای کۆچی دوایی سەیدنا ئەبوبەکر خوا لیی رازی بێت لە (٢٢/ جومادای دووەمی ساڵی سێزدەی کۆچی (٦٣٤/٨/٢٣ ز) کرا بە خەلیفە. سێزدە ساڵ دوای لەدایکبوونی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە دایکبوو. لەو منداڵە کەمانە بوو کە فێری خوێندەواری بوو. شوانێتی و بازرگانی کردبوو. هاتوچۆی یەمەن و شامی دەکرد. یەکێک بوو لە دەوڵەمەندەکانی مەککە. یەکێکیش بوو لە پیاوماقوڵانی قوڕەیش. هەمیشە کە قوڕەیش سەیدنا عومەری بە نوێنەرێتی خۆی بۆ رێکەوتنی دوای جەنگەکانی دەنارد. کە موسوڵمانبوو تەمەنی سی ساڵانبوو.. پێش موسوڵمانبوونی یەکێک بوو لە هەرە دڵرەقەکان بەرامبەر ئیسلام و موسوڵمانان و زۆر موسوڵمانی ئەشکەنجەدابوو. لەترسی هەڕەشەو ئازاری ئەو خەڵک نەیدەوێرا گوێ لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و لە یاوەرە موسوڵمانەکانی بگرن. کەس باوەڕی نەدەکرد موسوڵمان ببێت.کە ژنەکەی عامری کوڕی رەبیعە ووتی: وا هەستدەکەم عومەر دڵی نەرمبووبێت و موسوڵمانببێت، عامر ووتی: بە خوا کەرەکەی خەططاب موسوڵمان ببێت ئەم موسوڵمان نابێت..

دواترچەندین هۆکار بوونە هۆی موسوڵمانبوونی. لەوانە:

١.ڕاستگۆیی و سەرڕاستی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. کە درۆی لینەبیسترابوو.

٢.ئەم قورئانە ڕەوانبێژەی سەیدنا عومەر لەم و لەوەو دەیبیست. خۆشی شاعیر بوو.

٣.خۆڕاگریی موسوڵمانەکان لەسەر ئەو هەموو ئازارو ژانەی لەسەر دینەکە دەدران.

٤. خۆی سەفیری قورەیش بوو، بە سەرۆکایەتی وەفدەکانیان دەچوو بۆ یەکلایی کردنەوەی خاڵی ناوکۆیی نێوان قوڕەیش و نەیارانی. کەسایەتییەکی جیددی هەبوو، کە نەدەکرا بەرامبەر ئەم بانگەوازە نوێیە خۆگێلکات و هەرلوخۆوە وەکو ئەوانی تر بڵێ: دینێکی باتڵە.

٥. دوو ڕۆژ پێش موسوڵمانبوونی، حەمزەی مامی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سووکایەتییەکی گەورەی بە ئەبوجەهل _کە خاڵی سەیدنا عومەربوو_ کردبوو، زللەی لێدابوو! لە جاهیلییەتیشدا تۆڵەی سووکایەتی وا هەر دەبێ بە شمشێر بێت. بۆیە سەیدنا عومەر لە جێ و ڕێی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگەڕا تا بیدۆزێتەوەو بیکوژێت! کە زانی لە ماڵێکن لە گەڕەکی صەفا، شمشێری هەڵگرت و چوو.. لە ڕێگا نوعەیمی کوڕی عبداللەی عەدەویی بینی _کە موسوڵمانێتیەکەی شاردبۆوە_ کە ووتی بۆ کوشتنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە، نوعەیم لەوە ترسا دەستی بیگاتێ و ئەوە بکات بۆیە پێی ووت جا بۆچی ناچیت خوشکەکەی خۆت و زاواکەت بکوژیت کە موسوڵمانبوون! کە چووە ماڵیان گوێی لێبوو قورئانیان دەخوێند. (خەبباى کوڕی ئەرەتت خوا لێی ڕازی بێت قورئانی پێدەووتن. کە سەیدنا عومەر لە دەرگایدا، خەبباب یەکسەر خۆیشاردەوە) چووە ژورەوەو زۆری لە سەعیدی زاوایدا، کە فاطمەی خوشکی

وویستی دەستی بگرێت وای بە دەموچاوی ئەو کێشا کە یەکسەر رووی پڕکرد لە خوێن.. هەر خۆی لەم کارەی خۆی پەشیمانبۆوە. داوایکرد قورئانەکەی بدەنێ تا بزانێت چی تێدایە. فاطمەی خوشکی ووتی ناتدەینێ تا خۆت نەشۆیت! دوای خۆشتنی ئایەتەکانی سەرەتای سوورەتی طاهای خوێندەوەو کەوتە ژێر کاریگەریيانەوە.. ئینجا ووتی بە خوای باڵا ئەمە قسەی بەشەر نییە.. ئیتر هەر ئەو رۆژە _کە مانگی ذیلحیجەی ساڵی پێنجەمی بانگەواز بوو_ چووە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبولئەرقەمی مەخزوومی _کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و سیونۆ یاوەری لێبوو_ موسوڵمانبوونی خۆی راگەیاند. کە ئەو موسوڵمانبوو، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە فەرمانی خوای گەورە بانگەوازەکەی ئاشکرا کرد. ئیتر لەو رۆژەوە سەیدنا عومەر بوو بە بەهێزترین کۆڵەکەی ئیسلام و قەڵای موسوڵمانان والحمدلله.

هەموو موسوڵمانان بە نهێنی هیجرەتیان کرد بۆ مەدینە، سەیدنا عومەر بە ئاشکرا، چووە کەعبەو تەوافی کردو بە سەرانی قوڕەیشی فەرموو _کە لەوێ کۆببووبوونەوە_ کێ دەیەوێت ژنی بێوەژن کات و منداڵی هەتیوو کات، با لەو دۆڵە بێتە سەرڕێم. وا من هیجرەت دەکەم بۆ مەدینە. کەس نەیوێرا بێتە سەر رێی! ئەمەش وایکرد کە کۆمەڵێک خزمی خۆی و موسوڵمانی موستەزعەف لەگەڵییدا هیجرەت بکەن..

سەیدنا عومەر لە هەموو غەزاکاندا بەشداربووە. لە بەدردا عاصی کوڕی هیشامی کوشت کە خاڵی خۆی بوو. لە ئوحودیشدا ئەو بوو کە وەڵامی ئەبوسوفیانی دایەوە کە ئەبوسوفیان هاواریکرد: محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کوژرا.. هەروەها لە غەزاکانی دژ بە جولەکەکان و غەزای خەندەق و پەیمانی حودەیبیەو فەتحی مەککەو حونەین. نیوەی سەروەت و سامانەکەشی بۆ ئامادەسازیی سوپای موسوڵمانان لە جەنگی تەبووکدا بەخشی..

لە ماوەی حوکمی سەیدنا ئەبوبەکری صددیقدا نزیکترین راوێژکاریی بوو. لە هەمانکاتدا ساڵیک قازی گشتی بوو. سەیر ئەوەیە کە لەو ماوەیەدا کەس کێشەیەکی نەهێنایە لا! بە سەیدنا ئەبوبەکری فەرموو: خوا پاداشتی خێرت بداتەوە مافی هەمو کەسێکت داوە، کەس ناکۆکی لەگەڵ کەس نییە بۆیە یەک ساڵە دوو لایەنی ناکۆک نەهاتوونەتەلام.. دوای سەیدنا ئەبوبەکریش بە خەلیفە هەڵبژێرراو بە کۆڕای دەنگ بەیعەتی پێدرا..

لە سەردەمی خیلافەتی سەیدنا عومەردا، لە چوار ساڵدا هەر هەموو شام فەتح کرا. کە تەنها لە جەنگی یەڕمووکدا سوپای ڕۆم کە ٢٤٠,٠٠٠ سەرباز بوون نیوەیان کوژران.. لە ساڵی ١٥کۆچیدا سەیدنا عومەر خۆی تەشریفی بردو کلیلی شاری قودسی وەرگرت و رۆژی دوایی نوێژی بەیانی لە میحرابی سەیدنا داووددا علیه السلام بە ئیمامەتی بۆ موجاهیدان کرد.

لەبەری فارسیشەو گەورەترین سوپای ئیسلامی تا ئەو کاتە _کە ٣٢,٠٠٠ موجاهیدبوو_ بەرەو فارس کەوتبوونەڕێ. فارس لە بەرامبەریاندا ١٢٠,٠٠٠ جەنگاوەرو ٧٠فیلیان ئامادەکردبوو. هەردوولا لەسەر خاکی قادسییە پێکگەیشتن و دوای چوار رۆژ جەنگی خوێناوی و دوای کوژرانی رۆستەمی فەرماندی فارس جەنگ کۆتاییهات. لە موسوڵمانان ٦,٠٠٠ موجاهیدو لە فارس ٤٠,٠٠٠ جەنگاوەر کوژران. ئیتر ٣٠ کم مابوو بۆ مەدائینی پایتەختی فارس.. دوای حەوانەوە سەیدنا عومەر فەرمانیدا کە هێرش بکەنە سەر مەدائین. ئیتر دوو مانگ مەدائین گەمارۆدراو هێرشی کرایە سەرو فەتح کرا.. غەزاکانی تر لە جەلەولاو حەلوان ئینجا تکریت و موسڵ، ئینجا هەموو ئەهوازو شوێن بە شوین بە دوای یەزدەگوردی پاشای فارسدا چوون تا جەنگی سەختی نەهاوەند روویدا. کە موسوڵمانان ٣٠,٠٠٠ موجاهیدو فارس ١٥٠,٠٠٠ جەنگاوەر بوون بەڵام ئەمجارە وا

تێکشکا کە ئیتر نەیتوانی سوپای بەهێزکۆبکاتەوە. بۆیە بە جەنگی نەهاوەند ووترا (فتح الفتوح).. ئیتر سوپای ئیسلام کشا بۆ ئەصفەهان و رەی و جورجان و طەبەرستان و خۆراسان و مەکران (باشووری پاکستانی ئێستا).. ئاوا دەوڵەتی ساسانی کۆتایی پێهات.

دوای تەواوکردنی فەتحی شام و عێراق و وولاتی فارس سەیدنا عومەر عەمری کوڕی عاصی نارد بۆ فەتحی میسر. ئەویش ساڵ و نیوی تەواو نەکرد کە ناوچە بەناوچە گرتی و شاری فوسطاطی بۆ حەوانەوەی سوپای ئیسلام دروستکرد، تا ببێتە مەرکەزی دەرچوونی سوپای تری ئیسلام بەرەو باکوری ئەفریقا.. بەڵام سەیدنا عومەر لە ساڵی ٢٢ک دا دوای فەتحی لیبیا فەرمانی بە وەستانی هێرشەکانداو عەمری کوڕی عاص گەڕایەوە بۆ مصر تا ببێتە والی..

سەیدنا عومەر لە مێژوی مرۆڤایەتییدا یەکێکە لە هەرە سیاسییە ئیدارییە بەهێزەکان کە توانی ئەو هەموو بەرفراوانێتییەی دەوڵەتەکەی بە شێوەی ئیدارەی مەرکەزیی حوکم بکات. ساڵانە هەموو والیەکانی لە حەج کۆدەکردەوە بۆ محاسەبەو رێنیشاندانی نوێ. سوپای ئاڕاستەدەکرد. ئاگای لە کۆکردنەوەو دابەشکردنەوەی زەکات بوو لە هەموو ویلایەتەکانی! زوو زوو سنووری ویلایەتەکانی دەگۆڕی، چونکە بە فەتحکردن و زیادبوونی دانیشتوانەکانیان بەرفراوانتردەبوون. وەکو: ویلایەتی عێراق (کە کوفەو بەسرەو ئەهوازبوو)، ویلایەتی فارس (کە سەجستان و مەکران و کرمان و طەبەرستان و خۆراسانببوو)، ویلایەتی شام (کە حیمص و دیمەشق بوو)، ویلایەتی فەلەسطین (کە ئیلە/ قودس و رەمەلە بوو)، ویلایەتی ئەفریقیا (کە باکورو باشووری میسرو لیبیابوو)، جەزیرەی عەرەبیشی وەکو دابەشکردنەکەی سەیدنا ئەبوبەکر هێشتەوە کە دوازدە ویلایەتی بچوکبوو (مەککە، مەدینە، طائف، صەنعاء، حەزرەمەوت و بەحرەین و..

هیتر)حەرەمی مەککەو مەدینەی زۆر زۆر گەورەکرد، دەیفەرموو ساڵ بە ساڵ موسوڵمانی نوێ دێن بۆ حەج.

دیوانی سەربازانی ڕێکخست و ماوەی خدمەو مۆڵەتی هاتنەوەی ساڵانەی بۆ دیاریکردن. ئینجا دیوانی بەیتولمال و دیوانی مووچە. جگە لە دیوانێکی سەربەخۆ بۆ پارە بە ناوی دیوانی سامان (کە یەکەمین وەزارەتی داراییە لە جیهاندا). دیوانی ئینشاء (واتە دائیرەی پۆست. چونکە هەر دوازدە میلی کردبووە قۆناغێکی مەسافەی نێوان ویلایەتەکان و دائیرەی پۆستی خۆی بۆ دانابوو: شوێن و فەرمانبەرو ئەسپ و خۆراک و بوجەیان). دیوانی مەزاڵم (سکاڵاکردن لە بەرپرسان)، دیوانی خەراج و داهاتی دەوڵەت. دیوانی مومتەلەکاتی دەوڵەت (ئەو شتانەی دەوڵەت خاوەنیانەو نابن بە موڵکی کەس)..

یەکەمین کەس بوو کە پارەی ئیسلامی دیاریکرد. پارە پێشتر بە فارسی و ڕۆمی لێیدەنوسرا. سەرەتا مۆری (جائیز) ی لێدەدان، ئینجا لە دیوێکی (الحمدلله) پاشان لە دیوەکەی تری (لا الە الا الله) لە هەندێک پارچەش ناوی (عومەر).

چاودێرو پشکنەری رەسمی بۆ هەموو دەزگاو دیوان و سەربازگەو ویلایەتەکان دانابوو، کە بەردەوام راپۆرتیان بۆ دەنوسی و لە هەموو شتێک ئاگاداریان دەکردەوە..

لە بەیتولمال مووچەی بۆ هەر هەموو کاربەدەستانی دەوڵەتەکەی بڕییەوە. لە والییەوە بۆ سەرباز. زەکاتیشی تەرخانکرد بۆ نەهێستنی هەژاریی و دەسکورتیی رەعیەتەکەی. لە هەر شوێنێکی دەوڵەتە بەرفراوانەکەی بووبن.

لەو هەموو مەشغوولییەتەیدا پەرژایە سەر ئەوەی شارەکانی دەوڵەتەکەی بە تایبەتی مەدینەی پایتەخت بکات بە گەڕەک و بیناکردنی خانووی نوێ رەزامەندی خەلیفە یان جێگرو نوێنەرەکانی بوێت!

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەوەی کە زۆر گرنگەو رۆژێک لێی دانەبڕا راوێژکردن (شورا)بوو.. دوو ئەنجومەنی شورای هەبوو: یەکێکیان ئەوانەی شەووڕۆژ لە خزمەتیدابوون. وەکو سەیدنا عوسمان و عەلی و عبدالرحمانی کوڕی عەوف و ئەهلی بەدرو پیاوماقوڵانی ئەوس و خەزرەجی مەدینە.. شورای دووەم ئەوەی نوێنەری تیرەو هۆزەکانیان بوون. یان زانایانی یاوەران بوون. بۆیە هیچ یەکێک لە یاوەران بۆی نەبوو بە بێ پرسی سەیدنا عومەر مەدینە جێبهێڵێت. دەیفەرموو پێویستم بە هەمووتانە. راوێژکارانی هەر پیاو نەبوون، ئەو ئافرەتانەش بوون کە بە ژیرێتی و خاوەن رەئی ناسرابوون. وەکو شیفای کچی عبداللهی عەدەوی هەر راوێژکاری بوون.

سەیدنا عومەر موحتەسیبی دانا تا چاودێری بازاڕو گەڕەکەکان بکەن و ناشەرعیی روونەدات. فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە بکرێت.. پۆلیسی تەعینکرد هەروەها پاسەوانی شەوان (حەسحەس)ی تەعینکرد، تا ئەمانە چاوی قازیەکان بن بۆ شاهیدیدان لەسەر کێشەو تاوانەکان. زیندانیشی دامەزراندو بینای تایبەتی بۆ دروستکرد. چونکە پێشتر هەر لە مزگەوت تۆمەتباران رادەگیران! سیستم و دستووری دادگاشی لە خۆی جیاکردبۆوە. قازی لە مەدینەو لە ویلایەتەکان دانابوو: ئەبوددەرداء قازی مەدینە بوو. شورەیحی کیندی قازی کووفە بوو. ئەبوموسای ئەشعەریی قازی بەسرەبوو. عوسمانی کوڕی ئەبولعاص قازی میسر بوو. بۆ هەر قازییەکیش مووچەی خۆی بۆ دیاریکرابوو..

سەیدنا عومەربوو کە لە ساڵی ١٧ی کۆچییدا رۆژژمێری ئیسلامی لەسەری ساڵی هیجرەتەوە حساب کرد، مانگی موحەڕڕەمیشی کرد بە یەکەمین مانگی دەسپێکی ساڵ..

**شەهیدبوونی:** لە عەرەفات لە کاتی حەجدا گوێی لێبوو یەکێک هاواری کرد: ئەمە دوایین حەجێتی! لە کاتی شەیتان ڕەجمکردنیشدا بەردێک بە سەری کێشراو گوێی لە هەمان قسە بوو. وا دیاربوو بکوژانی بڕیاریاندابوو بیکوژن و هەر بە دوایەوەبوون تا هەلێکیان بۆ بڕەخسێت.. دوای ئەوەی لە حەج گەڕایەوە، ڕۆژی چوارشەممە بوو ٢٦/ذیلحیجەی ساڵی ٢٣ک (٦٤٤ز) لە نوێژی بەیانییدابوو کە ئەبولوءلوئەی فارسی (کە هەر بە مەجووسێتی مابوو، موغیرەی کوڕی شوعبە داوای لە خەلیفە کردبوو ڕێی پێبدات لە مەدینە بژی) بە خەنجەرێکی ژەهراوی دوو نووک شەش خەنجەری لێدا. کە هەوڵی گرتنی کابرایاندا، سێزدە کەسی تریشی بریندارکرد، کە شەشیان بەوە مردن. تا عبدالرحمانی کوڕی عەوف عەباکەی خۆی وا بۆ هەڵدا تا بیخات، کەوت بەڵام خێرا خەنجەرەکەی کرد بەسەر دڵی خۆیداو خۆی کوشت..

## هۆی هاتنی فەرموودەکە

زۆرینەی فەرموودەوانان وایان گێڕاوەتەوە کە کابرایەکی موسوڵمان داوای ئافرەتێکی کردبوو ناوی (ئوم قەیس) بوو، کە شووی پێبکات. کاتەکەش کاتی کۆچکردنی یاوەران بوو لە مەککەوە بۆ مەدینە. ئافرەتەکە ووتبووی بەو مەرجە شووت پێدەکەم کە هیجرەت بکەیت بۆ مەدینە. ئیتر هیجرەتی کردو خواستی. لەوەودوا هەر بەناوی (موهاجیرەکەی ئوم قەیس) ناوبانگی دەرکرد. بە تایبەتی کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەسەرهاتەکەی بیست ئەم فەرموودەیەی فەرموو. کە سەرنجراکێشانی موسوڵمانە بۆ خواوویستیی و ئەنجامدانی ڕەفتار (گوفتار و کردار)ە کە دەبێت تەنها لەبەر خوای گەورە بێت و بەس..

بێگومان ئاماژەی فەرموودەکە لەو حاڵەتە تایبەتە گشتگیرترە، کە بوترێت تایبەتە بە موهاجیرەکەی ئوم قەیس. بە تایبەتی کە باسەکە باسی بۆخوالێبڕان و خواوویستییە، کە _دوای وەرگرتنی دینەکەی و شایەتمانهێنان_ فەرمانی یەکەمی خوای گەورەیە. تەنانەت شایەتمانەکەش قبوڵنابێت کە خالیس و موخلیس (سەڕاستانە) بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە نەهێنرابێت.

## هەندێك ئایەت و فەرموودەی ترلەسەرخواوویستیی:

- خوای گەورە دەفەرمویت: (وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء وَيُقِيمُوا الصَّلاَةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ )البينة/٥ واتە فەرمانیان وا پێدرابوو کە دەبێت سەربەستانەو خواوویستانە خوای گەورە بپەرستن. دڵسۆزانە دینداریتی بکەن و هەمیشە پابەندی حەق بن.

هەروەها: (وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مُوسَىٰ إِنَّهُ كَانَ مُخْلَصًا وَكَانَ رَسُولًا نَبِيًّا) مريم/٥١ واتە بە ریوایەتی قورئانەکەوە باسی موسایان عَلَیهِ السَّلَام بۆ بکە کە بەڕاستی بۆخواسوڵحابوو. بۆ خوای گەورە ساغبووبووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە نێراوی خوای گەورەو خاوەنی پەیامی خۆشی بوو، لەسەر ڕێبازی ئیبراهیم عَلَیهِ السَّلَام و نێراوەکانی تری خوای گەورە دەڕۆشت.

هەروەها: (فَمَنْ كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا) الكهف/١١٠ واتە: ئەو کەسەی کە ئومێدی بە دیداری خوای گەورە هەیەو چاوەڕوانێتی با هیچ کەس و شتێك نەکاتە هاوبەشی خوای گەورە، لە هیچ سیفەتیکی تەوحیدانەی خوای گەورەدا..

هەروەها: (إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ) الزمر/٢ واتە ئێمە ئەم قورئانەمان بۆ تۆ بەحەق ناردۆتەخوارێ، دەی سا تۆش سەر ڕاستانە دینەکە وەرگرەو خواوویستانە بۆ خوای گەورە ڕەفتار بکە.

هەروەها: (وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ) الزمر/٦٥ واتە: بە تەئکید وەحی بۆ جەنابت و بۆ ئەو کەسانەی پێش جەنابت هاتۆتە خوارەوە، کە نەکەن بکەونە شیرکەوە! ئەگەر هاوبەش بۆ خوای گەورە

دابنێیت بەتاکید کارو کردەوەکانت مایەپووچ دەبن و دەفەوتێن. سەرەنجام خۆشت زەرەمەندیی دەبێت.

هەروەها: (قُلْ إِن تُخْفُوا مَا فِي صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ اللَّهُۗ وَيَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِۗ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) آل عمران/٢٩ واتە: ئەو هەست و نەست و ختورەیەی لە دڵتاندایەو بە هزرو هۆشتاندا دێت و دەچێت، خوای گەورە ئاگای لێیەتی و دەیزانێت. جا دەرتان بڕی بێت یان هەروا پەنهان لە سینەتاندا مابێتەوە.

- پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەی تریدا دەفەرموێت: (مَنْ غَزَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَمْ يَنْوِ إِلَّا عِقَالًا فَلَهُ مَا نَوَى)[1] واتە: هەر کەسێك بەو مەبەستە جیهاد بکات کە پەتێك (لەتەگوریسێك) ی دەستکەوێت، ئەوە هەر ئەوەی بو حسێب دەکرێت، نەك جیهاد لەڕێی خوادا.

- (يَغْزُو جَيْشٌ الْكَعْبَةَ فَإِذَا كَانُوْا بِبَيْدَاءَ مِنَ الأَرْضِ يُخْسَفُ بِأَوَّلِهِمْ وَآخِرِهِمْ. قَالَتْ: قُلْتُ: يَا رَسُوْلَ اللَّهِ ! كَيْفَ يُخْسَفُ بِأَوَّلِهِمْ وَآخِرِهِمْ وَفِيْهِمْ أَسْوَاقُهُمْ وَمَنْ لَيْسَ مِنْهُمْ ؟! قَالَ: يُخْسَفُ بِأَوَّلِهِمْ وَآخِرِهِمْ ثُمَّ يُبْعَثُوْنَ عَلَى نِيَّاتِهِمْ).[2] واتە: سوپایەك هێرش دەکاتە سەر کەعبە، لەو کاتەدا لە دەشتاییەکی چۆڵ و پانوپۆڕدا دەبن سەرەتاو کۆتاییان بە زەویدا ڕۆدەچن. خاتوو عائیشە خوا لێی رازی بێت دەفەرمووێ: عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چۆن سەرەتاو کۆتاییان بە زەویدا ڕۆدەچن؟ (واتە خۆ هەموویان یەك نییەتیان نەبووە کە بێن کەعبە برمێنن ) فەرمووی: سەرەتاو کۆتاییان رۆدەچن. پاشان

---

[1] نەسائی (٢٤١٦،٥٠) و داریمی (٨/٢)، ئەحمەد (٣٢٩-١٥/٥) بەمەرفووعی لە عوبادەی کوڕی صامتەوە رەزای خوای لێ بێت.

[2] بوخاری بە موعەللەقی (٨٣/و٨٦/٣) موسلیم (٢٢١١-٢٢٠٨/٤) ئەبو داود (٤٢٨٩)، ترمزی (١٧١) نەسائی (٢٠٦).

هەر یەکەیان لەسەر ئەو نییەتەی _کە بۆی هاتبوو_ زیندوو دەکرێنەوە. ئەوەی کە بەتەمابوو بیهێنیتەدیی.

- (مَنْ أَتَى فِرَاشَهُ وَهُوَ يَنْوِي أَنْ يَقُومَ يُصَلِّي مِنْ اللَّيْلِ، فَغَلَبَتْهُ عَيْنَاهُ حَتَّى أَصْبَحَ،كُتِبَ لَهُ مَا نَوَى،وَكَانَ نَوْمُهُ صَدَقَةً عَلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ عَزَّ وَجَلَّ).[١] واته: هەر کەس چووە سەر پێخەفی نووستنەکەی و نیازی وابوو دواتر هەستێت و شەونوێژ بکات، بەڵام خەوێکی خۆش گرتی و تا بەیانی چاوی هەڵنەهێنا، نییەتەکەی بە چاکە بۆ دەنوسرێت و خەوتنەکەشی خێرێك بووە خوای گەورە پێی بەخشیوە.

---

[١] نەسائی (١٧٨٧)،ئیبنو ماجه (١٣٤٤)، مونذري : الترغيب والترهيب (٢٧). شێخی ئەلبانی رحمه الله له (صحيح ابن ماجه/١٣٧١)دا بە سەحیحی داناوە.

## پێوەری كردەوە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە:

ئەم فەرموودەیە ڕوانگەی ئیسلام ڕوون دەكاتەوە، كە چۆن دەڕوانێتە نییەت و ڕەفتار (گوفتار و كردار).

* هەر كەسێك نیازو ڕەفتارو بڕیاری لەبەر خاتری خوای گەورە بێت و بەس، بێخۆدەرخستن و ناودەركردن و ڕیابازیی و هاوبەشدانان بۆ خودا (شیرك)، ئەمە ئەو نییەت و ڕەفتارەی لێ قبوڵە و لێی بێخەم بێت. چونكە خوای گەورە لێی ڕازی دەبێت. هەر كەسێكیش بە نیازو مەبەستێكی تر كردنی، كە غەیری خوای گەورەی تێدا مەبەست بوویێت، بێگومان ڕەفتارەكەی لای خوای گەورە ڕەفزەو لە تەرازوی كاری پەسەندا نابێت، بێ نرخەو فڕێ دەدرێت. فەرموودەكە ئاشكراو ڕۆشن و ڕاشكاوانە دەفەرموێ: (فمَنْ كَانَتْ هِجْرَتهُ إِلَى اللّه وَرَسُولِهِ فَهِجْرَتهُ إِلَى اللّه وَرَسُولِهِ وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لدُنْيَا يُصِيبُهَا، أَوْ امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا، فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجرَ إِلَيْهِ). دەقی تریش لەسەر ئەم مانایە زۆرەو هەموو جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە موسوڵمان دەبێت لەبەر خاتری خوای گەورە بۆ ڕازیكردنی ئەو، هەموو ڕەفتارێك بكات. ئەگەرنا قبوڵ نییەو بە زیانیش بەسەریدا دەشكێتەوە. خوای گەورەش دەفەرموێت: (مَّن كَانَ يُرِيدُ الْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُ فِيهَا مَا نَشَاءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُ جَهَنَّمَ يَصْلَاهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا * وَمَنْ أَرَادَ الْآخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَٰئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا)الإسراء/١٨-١٩ واتە: ئەو كەسەی لە ئەنجامدانی كارە خێرەكانیدا ئومێدی دەستكەوتنی دنیاییە (كافر بێت یان موسوڵمان) بە نسیبی دەكەین و خێر دێنینەوە ڕێی. بۆ هەر كەسێك بمانەوێت، ئاسانكاری تری بۆ دەكەین. بەڵام چونكە بە ئومێدی ڕەزامەندی خوای گەورە ئەنجامی نەداوەو بە دینی خواوە پابەندنەبووە، بە زەلیلی و سەرشۆڕیی و دەركراویی لە ڕەحمەتی خوا دەیخەینە دۆزەخەوە. ئەمما ئەو كەسەی بە ئومێدی ڕەزامەندیی خوای گەورەو بە هیوای پاداشتی

ئەو کاردەکات و دنیا دەکاتە کێڵگەی قیامەتی، باوەڕی پتەووو دینداریەکەی سەرڕاستانەیە بەدڵنیایەوە ڕەنجی ئەوانە جێی ڕێزو سوپاسە و پاداشتیان مسۆگەرە.

- (مَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ الْآخِرَةِ نَزِدْ لَهُ فِي حَرْثِهِۖ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْهَا وَمَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ) الشوری/٢٠ واتە: هەر کەسێك مەبەستی لە ڕەنجەکەی ڕەزامەندی خوای گەورە و پاداشتی قیامەت بێت، ئاسانکاریی بۆ دەکەین و بەرەکەت دەخەینە ڕەنجەکەیەوە. هەر کەسێکیش بە ئومێدی بەدەستهێنانی دنیا ڕەنجبدات و خوای گەورەی تێدا مەبەست نەبێت، ڕەنجی خۆی لە دنیادا دەدەینێ، بەڵام لە قیامەت هیچ پشکێکی پاداشتی بەرناکەوێت.

* (وَعَنَتِ الْوُجُوهُ لِلْحَيِّ الْقَيُّومِ وَقَدْ خَابَ مَنْ حَمَلَ ظُلْمًا * وَمَن يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَا يَخَافُ ظُلْمًا وَلَا هَضْمًا) طه/١١١-١١٢ واتە: داماو ئەو کەسەیە کە لە دنیادا کەوتوتە شیرکەووە تا قیامەت داویەتی بە کۆڵیدا! ئەمما ئەو کەسانەی کردەوەی چاکیان ئەنجامداوە، با نە خەمی ئەوەی هەبێت کە خراپەی زیاتری بخرێتە کۆڵ و نە خەمی ئەوەشی هەبێت کە چاکەکانی بفەوتێن..

*(مَن كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ * أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ إِلَّا النَّارُ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا فِيهَا وَبَاطِلٌ مَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ) هود/١٥-١٦ واتە: هەر کەسێك مەبەستی لە هەوڵدانی دنیای ئەوانەبن کە خۆیان پێوە بادەدات (ناوناوبانگ و پارەوپوول و سامان و ئەولادو عەشیرەت و شەهادە و... هتد) تا مردن هەر هۆشی لای ئەمانە دەبێت، ڕێی دەستکەوتن و چێژ لێوەرگرتنی لێناگیرێت، دەیدەینێ و بەرهەمی هەوڵ و ڕەنجی نافەوتێنین، زۆر بێت یان کەم دەستیان دەخەین. بەڵام بە دڵنیایەوە لە ڕۆژی دوایدا هیچ پاداشتێکی لای خوای گەورەی نابێت. بە پێچەوانەشەوە

جگە لە ئاگری دۆزەخ هیچی تریان بە نسیب نابێت. چونکە ئەوان لە دنیادا هیچ هۆشیان بە لای رۆژی دوایدا نەچوو. باوەڕیان بە زیندووبوونەوە نەبوو (یان هەیانبوو، بەڵام دەیانووت ئەویشمان مسۆگەرە !) هەموو هەوڵ و رەنجە دونیایەکەیان ئەوەتا لە رۆژی دوایدا پوچەڵبووە. چونکە هیچ ڕەنجێکیان بە پێی دینی خوا نەبوو. هەر ناشەرعیی و ناڕەوایی و بۆ حەرامخۆریی بوو. نیەتیان، رەفتاریان، بڕیاریان هەمووی پێچەوانەی فەرمانەکانی خوای گەورەبوو، بۆیە ئەوە چارەنوسیانە.!

* (وَقَدِمْنَا إِلَىٰ مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَّنثُورًا) الفرقان/٢٣ واتە: خوای گەورە بەدەم هەڕەشەوە باس لەو کەسانە دەکات، کە بە ڕواڵەت کاری خێریان زۆر دەکرد، لە گوفتار و کرداری چاك، یارمەتیدان، خێرو خێرات، هاتوچۆی خزمان و... هتد بەڵام کاتیك دێنەوە لای خوای زاناو داوەر، هەر هەموو کردەوەکانیان بە چاودا دەداتەوەو نایەوێن. لەبەرچاوی خۆیاندا هەموو ڕەنجەکانیان دەکاتە تەپوتۆزی پەرش و بڵاو. کردەوەی چاکیان کردوە، بەڵام بە چ مەبەستێك؟ کوا نیەتی پاکیان؟! خوای گەورە نەیڕوانیوەتە زۆریی کردەوەیان، بەڵکو حیسابی بۆ مەبەستیان کردووە. کە خواویستیی تێدا نەبوو! هەر خۆبادان و ریابازیی بوو.

* ئەبوموسای ئەشعەری خوا لێی ڕازی بێت گێڕایەوە: (جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ الرَّجُلُ يُقَاتِلُ حَمِيَّةً وَيُقَاتِلُ شَجَاعَةً وَيُقَاتِلُ رِيَاءً، فَأَيُّ ذَلِكَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ قَالَ مَنْ قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا، فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ).[١] واتە: کابرایەك لە پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی ئەی پێغەمبەری خوا کابرایەك لەبەرخاتری تیر و هۆزەکەی دەجەنگێت، کابرایەکی تر بۆ نواندنی ئازایەتیی. یەکێکی تر بۆ خۆدەرخستن و

[١] بوخاری و (٢٧١٤)، موسلیم (٣٥٢٥).

ناودەرکردن. کام لەوانە لە پێناوی خوادایە؟ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی هەر کەسێك بەو نییەتە بجەنگێت کە دینی خوا باڵادەست بێت، ئەوە لە پێناوی خوادایە.

* (عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ قَالَ: الْغَزْوُ غَزْوَانِ فَأَمَّا مَنِ ابْتَغَى وَجْهَ اللَّهِ، وَأَطَاعَ الإِمَامَ، وَأَنْفَقَ الْكَرِيمَةَ، وَيَاسَرَ الشَّرِيكَ، وَاجْتَنَبَ الْفَسَادَ، فَإِنَّ نَوْمَهُ وَنَبْهَهُ أَجْرٌ كُلُّهُ. وَأَمَّا مَنْ غَزَا فَخْرًا وَرِيَاءً وَسُمْعَةً، وَعَصَى الإِمَامَ، وَأَفْسَدَ فِي الأَرْضِ، فَإِنَّهُ لَمْ يَرْجِعْ بِالْكَفَافِ).[1] واتە: غەزا دوو شێوەیە: یان ئەوەیە کەسێك لەبەر خاتری خوای گەورە دەیکات، نییەتی پاکە و گوێڕایەڵیی فەرمانی ئەمیرەکەیەتی و خۆی لە خراپەکاریی بە دورگرتووە، ئەم کەسە خەوتن و بەخەبەربوونی هەمووی مایەی پاداشتەو خێری بۆ دەنووسرێ. ئەمما ئەو کەسەی بۆ ڕیابازیی و شانازیی و ناو هێنانی دەچێتە جیهادو سەرپێچی فەرمانی ئەمیرەکەی دەکات و خراپە کاریی ئەنجامدەدات، ئەوە حەتمەن ناگرێتەوە.

* (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَنْ تَعَلَّمَ عِلْمًا مِمَّا يُبْتَغَى بِهِ وَجْهُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ لَا يَتَعَلَّمُهُ إِلَّا لِيُصِيبَ بِهِ عَرَضًا مِنْ الدُّنْيَا لَمْ يَجِدْ عَرْفَ الْجَنَّةِ يَوْمَ

---

[1] ئەبوداوود ( ٢٥١٥ )، ئەحمەد ( ٢٢٠٩٥ )، نەسائی لە السنن الكبرى ( ٤٣٩٧ )، داریمی ( ٢٤١٧ )، حاكم لە المستدرك (٢٤٣٥) دەفەرموێ: (هذا حديث صحيح على شرط مسلم ولم يخرجاه)، بەیهیقی لە السنن الكبرى ( ١٨٣٢٨) شێخی ئەلبانی لە (صحيح سنن أبي دود/ ٢٥١٥) و (صحيح سنن النسائی/ ٣١٨٨ ) و لە(السلسله الصحيحه/ ١٩٩٠) ، و لە (صحيح الجامع/ ٤١٧٤ )، و لە(صحيح الترغيب والترهيب/ ١٣٣٣)دا فەرموویەتی سەحیحە.

الْقِيَامَةِ).[١] واتە: هەر كەسێك كەوتە خوێندنی ئەو زانستەی بۆ خواناسیی سازكراوە، بەڵام بۆ ئەوە فێردەبێت تا بەرژەوەندیی دنیای پێ بە دەست بێنێت، لە ڕۆژی قیامەتدا بۆنی بەهەشت بەسەریدا نایەت.

* (مَنْ طَلَبَ الْعِلْمَ لِيُجَارِيَّ بِهِ الْعُلَمَاءَ، أَوْ لِيُمَارِيَ بِهِ السُّفَهَاءَ، أَوْ يَصْرِفَ بِهِ وُجُوهَ النَّاسِ إِلَيْهِ، أَدْخَلَهُ اللَّهُ النَّارَ).[٢] واتە: هەر كەسێك بەو نیازە زانست فێر ببێت كەشان بدات لە شانی زانایان، یان بكەوێتە موجامەلەی خەڵكی گەلۆر و كاڵفام، یان بیەوێت خەڵكی پێ كەسب بكات و بۆخۆیان رابكێشێت، خوای گەورە دەیخاتە ئاگری دۆزەخەوە.

* (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: إِنْ أَوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى عَلَيْهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ رَجُلٌ اسْتُشْهِدَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرِفَهَا قَالَ فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: قَاتَلْتُ فِيكَ حَتَّى اسْتُشْهِدْتُ قَالَ: كَذَبْتَ وَلَكِنْ قَاتَلْتَ لِأَنْ يُقَالَ جَرِيءٌ فَقَدْ قِيلَ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ. وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَعَلَّمَهُ وَقَرَأَ الْقُرْآنَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرِفَهَا قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: تَعَلَّمْتُ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرْآنَ قَالَ:كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ تَعَلَّمْتَ الْعِلْمَ لِيُقَالَ عَالِمٌ وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ هُوَ قَارِئٌ فَقَدْ قِيلَ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ وَرَجُلٌ وَسَّعَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَعْطَاهُ مِنْ أَصْنَافِ الْمَالِ كُلِّهِ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرِفَهَا قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: مَا تَرَكْتُ مِنْ سَبِيلٍ تُحِبُّ أَنْ يُنْفَقَ فِيهَا إِلَّا أَنْفَقْتُ فِيهَا لَكَ قَالَ: كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ فَعَلْتَ لِيُقَالَ هُوَ جَوَادٌ فَقَدْ قِيلَ: ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ ثُمَّ أُلْقِيَ فِي النَّارِ. وَقَالَ التِّرْمِذِيُّ فِي هَذَا الْحَدِيثِ: ثُمَّ ضَرَبَ

---

[١] ئەبو داود (٣٦٦٤)، ئیبنو ماجە (٢٥٢)، ئەحمەد (٨٤٥٧). ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح ابن ماجه/٢٥٢)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٢] ترمزی (٢٦٥٤)، ئیبنو ماجە (٢٥٣). ئەلبانی رحمەالله لە (المشكاة/ ٢٢٣و٢٢٥) و لە (التعليق الرغيب ٦٨/١) دا دەفەرموێ: حەسەنە..

رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى رُكْبَتِي فَقَالَ: يَا أَبَا هُرَيْرَةَ أُولَئِكَ الثَّلَاثَةُ أَوَّلُ خَلْقِ اللَّهِ تُسَعَّرُ بِهِمُ النَّارُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ).[١] واته: ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو کە فەرمووی: یەکەمین کەسێك کە لە رۆژی دواییدا داوەری دەکرێت، کابرایەکە کە شەهیدبووە. دەهێنرێتەوە خزمەت خوای پەروەردگار. خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی دەخاتەوە یادی، ئەمیش هەموویان دەناسێتەوەو ئیعتیرافیان پێدەکات. ئینجا خوای پەروەردگار لێیدەپرسێت کە چیت بەم نیعمەتانە کرد؟ دەڵێ: خوایە، لە پێناوی تۆدا جیهادم کرد تا شەهیدبووم. خوای گەورە دەفەرمویّ درۆت کردا بۆیە دەجەنگایت تا پێت بڵێن ئازاو قارەمانە! ئەوا ووترا. پاشان فەرمان دەدرێت لەسەر روو رایدەکێشن تا فڕێیدەدەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە. هەروەها کابرایەکە کە خاوەن زانستێکی شەرعناسی و قورئانخوێنبووە. ئەویش دەهێنرێتەوە خزمەت خوای پەروەردگار. خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی دەخاتەوەیادی، ئەمیش هەموویان دەناسێتەوەو ئیعتیرافیان پێدەکات. ئینجا خوای پەروەردگار لێیدەپرسێت کە چیت بەم نیعمەتانە کرد؟ دەڵێ: خوایە، لە پێناوی تۆدا زانستی شەرعی فێربووم و خەڵکم فێری شەرع دەکرد، قورئانم پێدەووتن. خوای گەورە دەفەرمویّ درۆت کردا بۆیە پێتدەووتنەوە تا بڵێن زانایت، بۆیە قورئانت دەخوێندو فێرتدەکردن تا بڵێن قورئانخوێنە! ئەوا ووترا. پاشان فەرمان دەدرێت لەسەر روو رایدەکێشن تا فڕێیدەدەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە. ئینجا کابرایەکە کە خوای گەورە بڕێکی زۆری لە هەموو جۆرە سەروەت و سامانێك پێبەخشیووە، ئەویش دەهێنرێتەوە خزمەت خوای پەروەردگار. خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی دەخاتەوە یادی، ئەمیش هەموویان دەناسێتەوەو ئیعتیرافیان

[١] موسلیم (١٧٦١)، نەسائی (٦/٢٣).

پێدەکات. ئینجا خوای پەروەردگار لێیدەپرسێت کە چیت بەم نیعمەتانە کرد؟ دەڵێت: خوایە، هیچ بوارێك نەبوو تۆ حەزت بە بەخشینی ماڵ بووبێت تێیدا ئیللا گرتمەبەرو سامانم تێدابەخشی. خوای گەورە دەفەرموێ: درۆت کرد! بۆیە دەتبەخشی تا بڵێن سەخی و خێرومەندە. ئەوا ووترا. پاشان فەرمان دەدرێت لەسەر روو رایدەکێشن تا فڕێیدەدەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە. ترمزی دەفەرموێ: ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت فەرمووی: پاشان پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەستێکی بە رانمداداو فەرمووی: ئەی ئەباهورەیرە، ئا ئەوانە یەکەمین کەسێك دەبن کە لە رۆژی دواییدا ئاگری دۆزەخیان پێخۆشدەکرێت.

ئەم دەقانە و هاوشێوەی ئەمانە زۆرن هەموو ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ئەگەر نییەت و ڕەفتار و بڕیارێك لەبەر خاتری ڕەزامەندی خوای گەورە نەبوبێت رەفزە. جەختیش لەوە دەکەنەوە کە هەر نییەت و رەفتار و بڕیارێك مەبەست لێی ڕەزامەندیی خوای گەورە بێت قبوڵە و پاداشتی لای خوای گەورە مسۆگەرە.

* هەر کارێك یان نییەتێك هاوبەش بێت لە نێوان خوای گەورە و نەفسی خۆتدا، ئەگەر لە سەرەتاوە نییەتت وا بوبێت، بە تەئکید هەر لەسەرەتاوە پێش دەستپێك رەفتارێکی باتڵ و ناشەرعی بووەو گوناحیشت هاتۆتە گەردن. چونکە خوای گەورە بە هیچ کلۆجێك قبوڵناکات هیچ جۆرە هاوبەشێکی بۆ بڕیاربدرێت. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت: (يَقُولُ اللَّهُ عَزَّوَجَلَ: أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنْ الشِّرْكِ، مَنْ عَمِلَ عَمَلًا أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَه).[1] واتە: خوای گەورە دەفەرموێت: من لە هەموو هاوبەشێك

[1] موسلم (٢٩٨٥) ئیبنوماجە (٤٢٠٢).

بێنیازم. پێویستم بە هیچ هاوبەشێك نییە. هەر کەسێك کارێك بکات و من بکاتە هاوبەشی بەشدارێك، خۆی و بەشدارەکەی وەلدەکەم، با بڕوات بۆ لای ئەو تا پاداشتی بداتەوە.

* لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت: (فَأَنَا مِنْهُ بَرِيءٌ، وَهُوَ لِلَّذِي أَشْرَكَ).[١] واتە: من لە خۆی و کارو هاوبەشەکەی بەریم. کارەکەی با بۆ ئەوە بێت کە کروێتیە هاوبەشی من.

* (قَالَ الله تَعَالَىَ اَنَا خَيْرُ شَرِيْكٍ فَمَنْ اَشْرَكَ مَعِيْ شَرِيْكًا فَهُوَ لِلشَّرِيْكِ يَااَيُّهَاالنَّاسُ اَخْلِصُوْا اَعْمَالَكُمْ لِلّهِ فَاِنَّ الله لاَيَقْبَلُ مِنَ اْلاَعْمَالِ اِلاَّ مَا خَلَصَ لَهُ. وَلاَ تَقُوْلُوْا هَذَا لِلّهِ وَلِلرَّحْمِ فَاِنَّهَا لِرَحْمِهِ وَلَيْسَ لِلّهِ مِنْهَا شَيْئٌ وَلاَ تَقُوْلُوْا لِلّهِ وَلِوُجُوْهِكُمْ فَاِنَّهَا لِوُجُوْهِكُمْ وَلَيْسَ لِلّهِ مِنْهَا شَيْئٌ).[٢] واتە: خوای پەروەردگار دەفەرموێت: من خۆم باشترین شەریکتانم کە خێرتان دێنمە ڕێ (ئیوە نابێت هاوبەش بۆ من لەو کارانەتاندا دابنێن کە بە تایبەت بۆ منی دەکەن) هەر کەسێك لە هەر کارێکدا هاوبەش بۆ من دابنێت، ئەوە کارەکەی بۆ ئەو هاوبەشەیە کە بۆ منی داناوە، بۆ من نییە. هۆ خەڵکینە، کارو کردەوەکانتان خواوویستانە تەنها بۆ خوا بکەن بەس، چونکە خوای گەورە تەنها ئەو کارانە وەردەگرێت کە خالیسەن لەبەر ڕەزامەندیی ئەو کراون. مەڵێن لەبەر خاتری خواو خزمایەتی. ئەوە هەر بۆ خزمایەتی

---

[١] لە ڕیوایەتەکەی پەراوێزی پێشودایە، بەس لای ئیبنوماجە.

[٢] المنذري لە (الترغيب والترهيب ١/٥٥ ژ٨) بەمەرفوعی، ابن رجب لە (جامع العلوم والحكم /ل١٣) شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الترغيب/ژمارە/٧) دا دەفەرموێ سەحیحە. دەفەرموێ پێشتر لە (ضعيف الترغيب والترهيب)دا بە زەعیفم دانابوو بەڵام دوایی بۆم ڕوونبۆوە کە سەحیحە، بۆیە هێنامە ریزی سەحیحەکان.

دەچێت. خوای گەورە هیچی لێناوێت. مەڵێن لەبەر خاتری خواو ئێوە، ئەوە دەچێتە خاتری ئەوان و هیچی بۆ خوای گەورە تێدا نامێنێت.[١]

کابرایەك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی (أَرَأَيْتَ رَجُلا غَزَا يَلْتَمِسُ الأَجْرَ وَالذِّكْرَ مَا لَهُ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: لا شَيْءَ لَهُ، فَأَعَادَهَا ثَلاثَ مَرَّاتٍ، يَقُولُ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: لا شَيْءَ لَهُ، ثُمَّ قَالَ: إِنَّ اللَّهَ لا يَقْبَلُ مِنَ الْعَمَلِ إِلا مَا كَانَ لَهُ خَالِصًا وَابْتُغِيَ بِهِ وَجْهُهُ).[٢]واتە: ئەرێ ئەی پێغەمبەری خوا کابرایەك دەچێتە غەزاو مەبەستی پاداشتی دنیاو ناودەرکردنێتی، پاداشتی چی هەیە؟ فەرمووی: هیچ پاداشتێکی نابێت. کابرا پرسیارەکەی سێ جار پرسیەوەو هەموو جارێك پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: هیچ پاداشتێکی نابێت. دواتر فەرمووی: خوای گەورە تەنها ئەو کارو کردەوەیە قبوڵدەکات کە تایبەت، لەبەر ڕەزامەندی ئەو ئەنجام درابێت.

* کابرایەك عەرزی پێغەمبەری خوای کرد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (إِنِّي أَقِفُ الْمَوْقِفَ أُرِيدُ وَجْهَ اللَّهِ، وَأُرِيدُ أَنْ يُرَى مَوْطِنِي، فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، حَتَّى نَزَلَتْ: فَمَنْ كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلا صَالِحًا وَلا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا).[٣] واتە: دەچمە شوێنێك و لەبەر خاتری خوای گەورە دەمەوێت کارێك بکەم، بەڵام مەبەستیشمە لەو

---

[١]بێگومان لە کوردیشدا دەستەواژەی شرکیاتی وا هەیە کە جائیزیش نیە و نەزانەکان هەر دەیڵێن. وەکو: خواو خەڵکی، یان لە سایەی خوا و سەری تۆ وە .. هتد، دەبێت بوترێت پاشان خەڵکی یان لە سایەی خوا و هاوکاری خەڵکیەوە.

[٢]نەسائی (٢٥/٦) ابن رجب (جامع العلوم والحكم) (١٣،١٤)، الحاكم دەفەرموێت: (حسن الاسناد)، زەهەبیش لە (التخليص) دەفەرموێت راستە وایە.

[٣]حاکم لە مستدرك (١٢/٢) فەرمووی (صحيح على شرط شيخين) ، زەهەبیش فەرمووی: بەڵێ وایە.

شوێنه دەربکەوم (بزانرێت کە ئەوە منم ئەو کارە دەکەم) پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێشتا وەڵامی نەدابۆوە کە ئەو ئایەتە هاتەخوارەوە کە دەفەرموێت: هەر کەسێک بە ئومێدی دیداری خوای پەروەردگاریێتی و دەیەوێت کاراکانی لێ قبوڵبکات، با کردەوەی چاك بکات و بە هیچ شێوەیەك هاوبەش بۆ خوای پەروەردگار دانەنێت.

* ئەگەر لە سەرەتا نییەت بۆ خوابوو، بەڵام دوایی ڕیابازیی تێکەوت، شەرعناسان و زانایان ڕاجوێن لەسەری. هەندێکیان دەفەرموون قبووڵە، بەڵام لە پاداشتەکەی کەم دەبێتەوە. چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمویت: (مَا مِنْ غَازِيَةٍ تَغْزُو فِي سَبِيلِ اللَّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى،فَيُصِيبُوا غَنِيمَةً إِلا تَعَجَّلُوا ثُلُثَيْ أَجْرِهِمْ مِنَ الآخِرَةِ،فَإِنْ لَمْ يُصِيبُوا غَنِيمَةً تَمَّ لَهُمْ أَجْرُهُمْ).[١] واتە: ئەگەر موجاهیدان لە جەنگ و جیهادیاندا دەستکەووتیان دەستکەوت و پشکی خۆیانیان وەرگرت، ئەوە دولەسێی پاداشتیان وەرگرتووە. ئەگەر هیچیان دەستنەکەوت، هەموو پاداشتەکەیان مسۆگەرە و وەریدەگرن. بەڵام پۆلێك زانا و شەرعزانی تر دەفەرموون قبوڵنابێت و بەسەر خاوەنیدا دەدرێتەوە. بەڵگەشیان ئەو هەموو دەقەیە کە هەندێکیان هێناویانەتەوە.. پێموایە بۆچوونی دووەم ڕاسترو پەسەندترە. چونکە بەڵگەکان پشتگیرن و مەبەستی سەرەکیش خواوویستیی پاك و ڕاستە. دەبێت جیددی وەربگیرێت.[٢]

[١] موسلیم (١٥٣،١٥٤)، نەسائی (١٨/٦)، ئەبوو داوود (٢٤٩٧).

[٢] فەرموودەکەش نافەرموێ کە مەبەستیان دەستکەوت بووە، بەڵکو مەبەستیان هەر خوای گەورە بووە. بەڵام بە قەدەر پشکیان لە دەسکەوتەکەیان پاداشتەکەیان کەم بۆتەوە.

## یەکەم: هەندێك ڕەفتارکە دژایەتی خواوویستییەکە ناکات:

**١- دەرکەوتن و خۆنیشاندانی خەڵکی بە رواڵەتی جوان و ڕێکوپێك،** لە قامەت و سیما و پۆشاك و پێڵاو و هاوشێوەیان مادام مەبەستی شانازی و خۆ بادان نییە بەسەر خەڵکیدا.. ئەمانە نیعمەتن و نیعمەتی خوای گەورەش دەرخستنی باشترە و باسکردنی پەسەند ترە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ) الضحى/١١ واتە: ئەمما دەربارەی نیعمەتەکانی خوای گەورە بێ خەمبە و باسیان بکە.

کابرایەك لە پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی: (إِنَّ الرَّجُلَ يُحِبُّ أَنْ يَكُونَ ثَوْبُهُ حَسَنًا، وَنَعْلُهُ حَسَنَةً. قَالَ الرَسُولُ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ وَغَمْطُ النَّاسِ).[1] واتە: کابرا حەز دەکات پۆشاکی جوانی لە بەردا بێت، نەعلی جوانی لە پێدا بێت، (ئایا ئەمانە لە بازنەی شانازیدایە؟) پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: هەواو فیز و شانازی ئەوەیە کە بە هەبوون مەغرور ببێت لە خۆبایی ببێت خۆ بەسەر خەڵکیدا بدات، دەنا ڕواڵەتی جوان پەسەندە ناکەوێتە بابی ڕیابازی و نیەت پیسیەوە.

**٢- خۆشحاڵ بوون و کامەرانی بە سەرفرازی و ڕێنمایی و سەرکەوتن.** بە تەقواکاری و دینداری و چاکەکاری، و خەفەتباری و خەمگینی بە گوناه و سەرپێچی کردن و بێ فەرمانی خوای تاك و پاك، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (فَمَنْ سَرَّتْهُ حَسَنَتُهُ، وَسَاءَتْهُ سَيِّئَتُهُ، فَهُوَ مُؤْمِنٌ).[2] واتە: هەر کەسێك کردەوە چاکەکانی خۆشحاڵی بکەن و گوناحەکانی خەمباری بکەن ئەوە ئیماندارە.

---

[1] موسلم (١٤٧) ئەبوو داوود (٤٠٩٢).

[2] ئەحمەد (١/١٨).. ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح الجامع/ ٦٢٩٤)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

**٣- زۆر ئەنجامدانی کارە خێرخوازیە گشتیەکان:** وەکو خێر و خێراتکردن و سەردانی نەخۆش و بەشدار بوون لە بە خاك سپاردنی کۆچکردووان و چالاکی نواندنی چاکە لە بەرچاوی خەڵکی، یان بۆ ئەوەی بیبیستنەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش چاو لەم بکەن هان بدرێن بەشدار بن، ئەبوعەمر جەریری کوڕی عبداللهی بەجەلی خوا لێی رازی بێت دەفەرموێت: (كُنَّا عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي صَدْرِ النَّهَارِ قَالَ فَجَاءَهُ قَوْمٌ حُفَاةٌ عُرَاةٌ مُجْتَابِي النِّمَارِ أَوِ الْعبَاءِ، مُتَقَلِّدِي السُّيُوفِ عَامَّتُهُمْ مِنْ مُضَرَ بَلْ كُلُّهُمْ مِنْ مُضَرَ، فَتَمَعَّرَ وَجْهُ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِمَا رَأَى بِهِمْ مِنَ الْفَاقَةِ، فَدَخَلَ ثُمَّ خَرَجَ، فَأَمَرَ بِلَالًا فَأَذَّنَ وَأَقَامَ فَصَلَّى، ثُمَّ خَطَبَ فَقَالَ: (يَأَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ إِلَى آخِرِ الْآيَةِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا)النساء/١ وَالْآيَةَ الَّتِي فِي الْحَشْرِ (اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنْظُرْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ) الحشر/١٨ تَصَدَّقَ رَجُلٌ مِنْ دِينَارِهِ مِنْ دِرْهَمِهِ مِنْ ثَوْبِهِ مِنْ صَاعِ بُرِّهِ مِنْ صَاعِ تَمْرِهِ،حَتَّى قَالَ: وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ "، قَالَ: فَجَاءَ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ بِصُرَّةٍ كَادَتْ كَفُّهُ تَعْجِزُ عَنْهَا بَلْ قَدْ عَجَزَتْ، قَالَ: ثُمَّ تَتَابَعَ النَّاسُ حَتَّى رَأَيْتُ كَوْمَيْنِ مِنْ طَعَامٍ وَثِيَابٍ، حَتَّى رَأَيْتُ وَجْهَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَتَهَلَّلُ كَأَنَّهُ مُذْهَبَةٌ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: مَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً حَسَنَةً فَلَهُ أَجْرُهَا وَأَجْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا بَعْدَهُ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْءٌ، وَمَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً سَيِّئَةً كَانَ عَلَيْهِ وِزْرُهَا وَوِزْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ بَعْدِهِ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أَوْزَارِهِمْ شَيْءٌ).[١] واتە: سەرەتای ڕۆژبوو، لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بووین صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. کۆمەڵە خەڵکێکی رووت و ڕەجاڵ و ماندوو هاتنە خزمەتی، بەو گەرمایە (لەبەر نەبوونییان) عەبای خورییان لەبەردابوو. عەباکانیان کۆن و دڕاوو شڕۆڵ بوو، پشتێنیان

---

[١] موسلیم (١٠١٧)، ترمذي (٢٦٧٥)، نەسائی (٢٥٥٤) ئەحمەد (٣٥٧/٤) داریمی (٥١٢).

بەستبوو، شمشێرەكانیان بە دەستەوەبوو، ئامادەبوون فەرمانیان پێبدات و بچنە جیهاد. زۆرینەیان ـبگرە هەموویان ـ لە هۆزی موضەڕ بوون.. كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەو هەژارییەوە بینینی ڕەنگی لە خەفەتدا ڕەش داگەڕا. تەشریفی بردە بۆ ماڵی خۆیان و هاتەوە مزگەوت. پاشان فەرمانی بە بیلالی حەبەشییدا كە بانگ بدە، ئینجا هەستاو نوێژی كرد. پاش نوێژەكە هەستاو ووتاری بۆ خەڵكەكەدا. ئەم ئایەتەی سوورەتی نیسائی خوێندەوە: (يَأَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ.. إِلَى آخِرِ الْآيَةِ: إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا) واتە: هۆ خەڵكینە، لە خوای پەروەردگاری خۆتان بترسنكە لە یەك كەسەوە خەلقی كردوون.. (تا كۆتایی ئایەتەكەی تەواوكرد) واتە تا: بە تەئكیید خوای گەورە چاودێرە بەسەرتانەوە. هەروەها ئایەتەكەی سوورەتی حەشری خوێندەوە كە دەفەرمویٚ: (اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنْظُرْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ) ئیتر خەڵكەكە هەبوو دیناری بەخشی، هەبوو درهەمی بەخشی، هەبوو لە پۆشاكەكانی دەبەخشی، هەبوو توورەكە گەنمی دەهێنا، هەبوو زەمبیلەی پڕ خورمای دەهێنا.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەروا داوای لێدەكردن كە ببەخشن، تا ئەوەندەی فەرمووی: لەتكە خورمایەكیش بێت بیبەخشە! كابرایەكی ئەنصاریی بەرچنەیەك خورمای هێنا كە خەریكە بڵێم نەیدەتوانی ـلە ڕاستیشدا نەیدەتوانی هەڵیگرێت ـ ئیتر هەر خەڵك بوو بەردەوام شتی دەهێنا، تا گردێك خۆراك و پۆشاك لای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كۆبۆوە! ڕووی پاكی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوەندە گەشبۆوە دەتووت بە زێڕ ڕووماڵ كراوە. ئەو كاتە فەرمووی: هەر كەسێك لە ئیسلامەتییدا ڕێبازێكی خێرو چاكەكاریی داهێنێت، ئەوە پاداشتی خۆی دەست دەكەوێت و پاداشتی ئەنجامدانی ئەو كارەشی دەست دەكەوێت كە خەڵكانێك دەیكەنەوە، بێ ئەوەی لە پاداشتی كەسیان كەم بكاتەوە. هەر كەسێكیش لە ئیسلامەتییدا ڕێبازێكی شەڕخوازیی و خراپەكاریی داهێنێت،

ئەوە سزای کارەکەی خۆی دەدرێت و سزای ئەنجامدانی ئەو کارەشی دەدرێت کە خەڵکانێک دەیکەنەوە، بێ ئەوەی لە سزای کەسیان کەم بکاتەوە.

**٤- خۆ پاڵاوتن و خۆپیشاندان بۆ هەڵگرتنی بەرپرسێتیەك یان وەرگرتنی ئاڵای جیهاد**

مادام بەخۆیدا ڕادەپەرموێت و لە خۆی شیاوتر نابینێت بێتە پێش. (مادام نیەتی بەرەو ڕیا بازی ناچێت). چونکە سیدنا یوسف عَلَيهِ السَّلَام وەك کە دیتی ساڵ بەرەو گرانی دەڕوات کەسێکی لە خۆی ئەمیندارتر شك نابات تا بەرپرسێتی ڕزق و ڕۆزی و گەنجینەی وولات بگرێتە دەست بە پاشای میسری فەرموو: (اجْعَلْنِي عَلَى خَزَائِنِ الأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ) یوسف/٥٥ واتە: بمکە بە بەرپرسی خەزێنەی خۆراکی وولات. چونکە دەشیپارێزم و پسپۆڕیشم تێیدا هەیە.

خالیدی کوری وەلید خوا لێی ڕازی بێت کە بە فەرماندەیی لەشکرێك بۆ یارمەتی سوپای ئیسلام لە یەرمووك لە عێراقەوە چووە شام، کە گەیشتێ دیتی لەشکریان لێك جوداو دوورن هەر یەکەیان ئەمیری خۆی لەسەرە. لەشکرێك وا لە بەردەست سیدنا ئەبوعوبەیدەو عەمری کوری عاصدا خوا لێیان ڕازی بێت لە شوێنێکی تریش لەشکرێکی تر بەفەرماندەی یەزیدو شورەحبیلە خوا لێی ڕازی بێت. ئەمیش خۆی لەشکرێکی پێیە و خۆی فەرماندەیەتی.. لە ناو موجاهیدەکاندا هەستایە سەرپێ و ووتارێکیدا. داوای یەکرپزیی و لێك نزیکبوونەوەی لێکردن تا بەرەکانی جەنگ بکەن بە یەك و ڕاجوێ نەبن، خەڵکی کۆبوونەوە و هەموو ڕیز بوون، یەکەمین ڕۆژی مانگی جومادی دووەمبوو، لە ناویاندا هەستاو دوای سوپاس و ستایشی خوای گەورە فەرمووی: (ئەمڕۆ ڕۆژێکە لە ڕۆژە گرنگەکانی خوای گەورە، ناشێت شانازی تێدا بنوێنین و خۆمان دەرخەین، ناشێت سنور ببەزێنین و دەستدرێژی بکەین. جیهادەکەتان بە پاك و پوختی بۆ خوای گەورە بکەن،

مەبەستتان لە كار و كردەوەتان تەنها خوای گەورە بێت، ئەمڕۆژەش تەواو دەبێت، ڕۆژانی تریشی بە دوادا دێت. بەڵام ئەمڕۆ گرنگە ئەگەر توانیمان بیان بەزێنین، (واتە ڕۆمەكان بشكێنین) تا سەنگەرەكانی خۆیان بڕەتێنین، ئیتر بەردەوام دەتوانین پاشەكشێیان پێ بكەین و بیان شكێنین، ئەگەر بەزاندیانین، هەتا هەتایە ئیتر سەركەوتوو نابینەوە، دەی ساوەرن با ئەمیرێتیەكە بكەینە نۆرە، ئەمڕۆ یەكێك ئەمیر بێت و سبەی یەكێكی تر و دوو سبەی یەكێكی تر، تا هەمووتان دەبنە ئەمیر لێ گەڕێن با ئەمڕۆ من ئەمیر بم... ئیتر بە ئەمیریان قبوڵ كرد).[١]

ئەمەی كە سیدنا یوسف عَلَيهِ السَّلَام و خالیدی كوری وەلید خوا لێی رازی بێت كردیان، داوا كردنی ئەمانەتی بەرپرسێتیە، چونكە هەردوكیان دەیانویست بارو دۆخەكە پارسەنگ ڕاگرن نەهێڵن زیان بە ڕەعیەتەكە بگات، هەردوكیان شارەزای بەرپرسێتیەكە بوون دەیانزانی كەسێكی شیاوتر لەو ساتە وەختەدا لە خۆیان زیاتر كەسی تر نییە، تا كارەكە بەو شێوەیە بگرێتە ئەستۆ كە ئەمان زیاتر دركیان پێ كردبوو واقیعەكەش ئەوەی سەلماند كە هەردووكیان زۆر چاك دركیان بە واقیعەكە و هەڵوێست و كەسی شیاو بۆی كردبوو، سەیدنا یوسف گەلی میصری لە گرانییەكی داهاتوو ڕزگار كرد، خالیدیش سوپای موسوڵمانانی لە بەزین بەرامبەر سوپای بێ شوماری ڕۆمەكان قوتار كرد كە هەر خوای گەورە دەیزانی كە ئەگەر ئەو سەركەوتنەیان بۆ نەچوایەتە سەر چۆن تێك دەشكان. ئەو دوو هەڵوێستەی ئەم پێغەمبەرە مەعسومە عَلَيهِ السَّلَام و ئەو فەرماندە بەڕێزەی یاوەران كە نە لە جەنگی جاهیلیدا بەزیی بوو نە لە جەنگی موسوڵمانێتیدا كاری سلبیی لەسەر نییەت پاكیان نەبوو، زۆریش لە ڕەفتاری ریابازی خۆ دەرخستنەوە دووربوون، حاشا وللە ئەوە لەوان نەدەوەشایەوە.

---

[١] ابن كثير (البداية والنهاية/٧/٧)

## دووەم: بەرهەمی نییەت پاکی و خوا وویستی:

١- **مایەی ڕەزامەندی خوای گەورەیە:** کە دەفەرموێت: (فَمَنْ كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا) الكهف/١١٠ واتە: با ئەو کەسەی کە ئومێدی بە دیداری خوای گەورە هەیە و چاوەڕوانیێتی با هیچ کەس و شتێك نەکا هاوبەشی خوای گەورە و بەشداری هیچ سیفەتێکی تەوحیدانەی خوای گەورە نەکات.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (مَنْ فَارَقَ الدُّنْيَا عَلَى الإِخْلاصِ لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ فِي عِبَادَتِهِ لا شَرِيكَ لَهُ، وَإِقَامِ الصَّلاةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، فَارَقَهَا وَاللَّهُ عَنْهُ رَاضٍ).[١] واتە: هەر کەسێك خوا ویستانە لەدنیا دەرچێت، ئەهلی تەوحید بێت و هیچ هاوبەشێکی بۆ خوای گەورە بڕیار نەدابێت، نوێژ و ڕۆژوی گرتبێت و زەکاتی دابێت، ئەوە کە لە دنیا دەرچوو خوای گەورە لێ ی ڕازیبووە.

*** ئەگەرخوای گەورەش لێی ڕازی ببێت، کارەکانی قبوڵ کردووە و دیارە پاداشتەکانیشی ئاوەها دەبێت:**

### أ- یارمەتی دانی بە ووزە و هێزو توانای ئیزافی:

تا بەردەوام بێت لەسەر دید و بزاوت و هەڵوێستی و ڕێگاکەی ببڕێت تا دەگاتە کۆتایی، ووره و جۆشی ئیزافی دەداتێ تا بەسەر کۆسپەکانیدا زاڵ بێت، ئارامی زیاتر پێ دەبەخشێت، تا گلان و ماندوویی و بێزاری کاریگەریان لەسەری نەبێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیعمەتێکی گەورەی هیدایەتدانە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا ۚ وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ) العنكبوت/٦٩ واتە: ئەو کەسانەی لە ڕێی ئێمەدا جیهادیان کردووە بە دڵنیایەوە هیدایەتیان دەدەین، ڕێیان نیشان دەدەین،

---

[١] ئیبنو ماجة (٧٠)، بەیهیقی (٦٣٥٤). منذري دەفەرموێت حاکم فەرمویەتی بە پێی مەرجەکانی موسلم و بوخاری (صحيح)ە.

ئامۆژگاریان دەکەین تا هەڵوێستی گونجاو بگرنە بەر، خوای گەورە لەگەل ئەو کەسانەدایە کە پیاو چاك و خێرخواز و چاکەکارن، هەروەها دەفەرموێت (إِنَّ اللَّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَوا وَّالَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ) النحل/١٢٨ واتە: خوای گەورە لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە دینداریتیان سەر ڕاستانە کردووە و تەقوا کار بوون، هەروەها لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە پیاو چاك و چاکسازن.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى قَالَ: مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ، وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُهُ عَلَيْهِ، وَلَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ، فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ، وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ، وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا، وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا، وَإِنْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ، وَلَئِنْ اسْتَعَاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ، وَمَا تَرَدَّدْتُ عَنْ شَيْءٍ أَنَا فَاعِلُهُ، تَرَدُّدِي عَنْ نَفْسِ الْمُؤْمِنِ يَكْرَهُ الْمَوْتَ، وَأَنَا أَكْرَهُ مَسَاءَتَهُ).[١] واتە: دوایی تەرجمەی بکە

واقعی ژیانی پێغەمبەران و نێراوانی خوای گەورە و داعیانی سەر شا ڕێی ئەوان هەموو تەئکیدن لەوە دەبینیت هەریەکەیان ڕەنجی شەوانە و ڕۆژی خۆی دەدایە دەم یەك بۆ ووچان هەوڵی خۆی دەدا، بۆ ئەوەی ماندوو بۆ زاری پێوە دیار بێت، جەستە و ووزە و وورەیی هەروەکو هاوشانانی سەردەمی خۆی بوو بەڵام لەهەموویان چالاکتر بوو ! بۆ چی ؟ لەبەر ئەو مەددەی خوای پەروەردگار یان کە بۆیان دەهات چونکە لەگەڵ خوای تاکدا پاك و سەر ڕاست و ڕاستگۆ بوون، نییەت پاك و ڕەفتار چاك بوون، سەرنج بدەرە مێژوی ژیانی سەیدنا ئەبوبەکر و سەیدنا عومەر خوا لێیان رازی، یان عمری کوری عبدالعزیز و شیخ حەسەنی بەصری یان ئیبنوتەیمیە و ئیبنوالقیم، لەم سەردەمەشدا ئیمام بەنناو هیتر. رحمهم الله.

---

[١] بوخاری (٦١٣٧)، ئەحمەد (٦/٢٥٦) .

ب- قوتار بوون له کارەسات و سەختیەکانی ڕێ:

ئەمەش له سیرەی پاکی پێغەمبەرانی خوادا عَلَيهِمُ السَّلَام دا دیارە کە چۆن بەردەوام لە ژێر ئاودێری و چاودێری خوای پەروەردگاردا بوون لە پلانی دوژمنان دەی پاراستن، ئەوە سەیدنا نوح عَلَيهِ السَّلَام کە خوای گەورە لە نقوم بوونی لافاو پاراستنی (وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ إِلَّا خَمْسِينَ عَامًا فَأَخَذَهُمُ الطُّوفَانُ وَهُمْ ظَالِمُونَ * فَأَنْجَيْنَاهُ وَأَصْحَابَ السَّفِينَةِ وَجَعَلْنَاهَا آيَةً لِلْعَالَمِينَ) العنكبوت/ ١٤-١٥ واته: ئێمە نوحمان بە پەیامی پێغەمبەرێتی بۆ قەومەکەی خۆی نارد، کە پەنجا ساڵ کەمتر لە هەزار ساڵ لە ناویاندا مایەوە، تا سەرەنجام لافاو هەمویانی ڕاپێچ کرد، بەڕاستی قەومێکی ستەمکار بوون.

ئەوانمان غەرق کردو ئەم و یاوەرانی کەشتیەکەمان قوتار کردو کردمانن بە بەڵگەیەکی موعجیزە ئاسا و نیشان جیهانماندا.

(قِيلَ يَا نُوحُ اهْبِطْ بِسَلَامٍ مِّنَّا وَبَرَكَاتٍ عَلَيْكَ وَعَلَىٰ أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ ۚ وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ) هود/٤٨ واته: هاواری لێکرا: هۆ نوح ئەمین و لە ئەماندا بەو هێمن و ئاسودە لە کەشتیەکە دابەزە و لەسەر زەمین نیشتەجێ ببە، فەزڵ و بەرەکەتی ئێمەش بەسەر خۆت و ئەوانەشدا دادەبارێت کە لە خزمەتتدان.

- ئەوە سیدنا ابراهیم عَلَيهِ السَّلَام کە هەڵی دەدەنە ناو ئاگرێکی گەورەی بڵێسە دارەوە بەڵام خوای گەورە بۆی دەکاتە مێرغوزار و ئەمان، هەروەکو کە دەفەرموێت: (قَالُوا حَرِّقُوهُ وَانصُرُوا آلِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ * قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ) الأنبياء/٦٨-٦٩ واته: ووتیان زۆر بە سەختی بیسوتێنن تا کڵو کۆی دابمرێت، خواکەی خۆتان سەرخەن، ئەوە نەخشەیە ئەگەر ڕای دەپەڕێنن، ئێمەش بە ئاگرەکەمان ووت سارد و بێوەی بە بەرامبەر ئیبراهیم.

- ئەوە سەیدنا لوط عَلَيهِ السَّلَام کە لەوپەری تەنگانەدا بوو (قَالَ لَوْ أَنَّ لِي بِكُمْ قُوَّةً أَوْ آوِي إِلَىٰ رُكْنٍ شَدِيدٍ) هود/٨٠ واتە: ئای خۆ ئەگەر دەرەقەتتان دەهاتم یان دەمتوانی دوای لەسەر کردنەوە لە دەسەڵاتدارانێکی خاوەن هێزی بەهێز بکەم، یەکسەر مەددەدی خوایی بۆ هات و قوتار بوو لێیان (وَلَمَّا أَن جَاءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِيءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا وَقَالُوا لَا تَخَفْ وَلَا تَحْزَنْ ۖ إِنَّا مُنَجُّوكَ وَأَهْلَكَ إِلَّا امْرَأَتَكَ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ) العنكبوت/٣٣ واتە: سوێند بێت بە تەئكید خۆی و کەس و کاری جگە لە ژنەکەی دەرباز دەکەین لە دەستی دوژمنانی، کە ژنەکەشی یەکێك بو لەوان.

- ئەوە سەیدنا ئەیوب کە لەبەر نەخۆشی گۆشەگیربوو و دوورخرابویەوە، لە ئازاری جەستەو دەرونییەوە ئالابوو، بەڵام زۆر بە ئەدەبانە لەخوای گەورە دەپاڕێتەوە -بێ سکاڵاکردن- (وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ) الأنبياء/٨٣ واتە: خوایە ئاگات لە حاڵم هەیە کە چ زیانێك گرتوومی، تۆش خۆت بە بەزەییتینیت. خوای پەروەردگار پاڕانەوەکەی بیست و فەرمانیدا هەرچی مایەی نەخۆشی و نەداریی و بێ کەسێتیە یەکسەر نەمێنێت، دەفەرموێت: (فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَكَشَفْنَا مَا بِهِ مِن ضُرٍّ ۖ وَآتَيْنَاهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَذِكْرَىٰ لِلْعَابِدِينَ) الأنبياء/٨٤ واتە: یەکسەر دوعاکەیمان گیراکردو هەرچی ناڕەحەتیەکی لەسەر بوو لەسەرمان لاداو کەسوکارو خزمان و زۆر لەوانیش زیاتر خەڵکانی هاودەنگمان بۆ گێڕایەوە (چونکە هەموو کەس و کاریشی جگە لە ژنەکەی لێی دورە پەرێز بوون عَلَيهِ السَّلَام. ئەوە ڕەحمەتێکە و لە لایەن خۆمانەوە پێمان گەیاندووە.. ئەم باسە یاداوەریە بۆ خواناسان و خوا پەرستان تا دڵنیا بن کە خوای گەورە ئیهمالیان ناکات.

* ئەوە سەیدنا موسا عَلَيهِ السَّلَام کە دوژمنی سەر سەختیان -فیرعەون و دەست و پێوەند و سەربازەکانی- لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی موسوڵمانەکانی هاوڕێی ئەمیاندا

عَلَيهِ السَّلَام وه بەردەمیشیان دەریای سوور بوو هەموو هاواریان لێ هەستا: ئەی هاوار گیراین (فَلَمَّا تَرَاءَى الْجَمْعَانِ قَالَ أَصْحَابُ مُوسَىٰ إِنَّا لَمُدْرَكُونَ) الشعراء/٦١ واته: گەیشتنه سەرمان و پەنامان نەما ڕێی دەرچوونمان گیراوه و دەکەوینه بەردەستیان، بەڵام سەیدنا موسای ئیماندار و خواناس و پێشەوایان عَلَيهِ السَّلَام دەیزانی ئەوەی عەبد دایدەخات لای خوا کراوەیه، بۆیه فەرمووی: (قَالَ كَلَّاۖ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ) الشعراء/٦٢ واته: نا نەخێر من خوای پەروەردگاری خۆمم لەگەڵه بەتەئکید ڕێم نیشان دەدات، ئیتر ڕێی قوتار بوونی نیشاندا و فەرمانیدا (فَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْبَحْرَۖ فَانفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّوْدِ الْعَظِيمِ * وَأَزْلَفْنَا ثَمَّ الْآخَرِينَ) الشعراء/٦٣-٦٤ واته: وەحیمان بۆ موسا نارد کە دار عەساکەت بە دەریاکە بکێشە، پێی کێشا یەکسەر دەریاکە دێڕ دێڕ بوو، نێوان دێرەکانی ووشکانی بوو، بوو بوو بە ڕێڕەوی پەڕینەوە، نێوان ڕێڕەوەکان و دێرە دەریایەکان بەربەستی وەکو چیا پەیدا بوون تا جارێکی تر ئاوەکە بەسەر ڕێڕەوی پەرینەوەکاندا زاڵ نەبێتەوە و نقومیان بکات یان ڕایان ماڵێت، ڕێشماندا دوژمنەکانیش بگەنە سەر دەریاکە بەڵام دێرە ئاوەکانمان وێك هێناوە و فیرعەون و سەربازەکانیمان نقووم کرد، موسا و ئەوانەی لە خزمەتیدا بوون، هەمویانمان قوتار کرد..

ئەوە سەیدنا محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە شەوی هیجرەت هەموو هێزەکانی موشریکەکان کۆبوونەوە و ڕمبازە و ئازاکانیان گەمارۆی ماڵی پێغەمبەریان دابوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تا پێکەوە دەستە جەمعی خۆ بکەن بە ماڵەکەیدا و هەریەکەیان -کە هەریەکە و لە هۆزێکەوە هاتبوون- شمشێرێکی لێ بدەن، ئاوا بیکوژن و خوێنەکەشی بە هەموو هۆزەکاندا بڵاو ببێتەوە تا قورەیش نەزانن و نەتوانن داوای خوێنی بکەن. بەڵام خوای گەورە پلان و پیلانەکەی پوچەڵ کردنەوە، هەروەکو فەرمووی: (وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَۚ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُۖ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ)

الانفال/٣٠ واتە: ئەوەت بێتەوە یاد کە کافرەکان پلان و پیلانیان دژت داڕشت کە هێرش بکەنە سەرت بتدەنە بەرشمشێر تا یان ئەگەر بتوانن هەنجن هەنجنت بکەن، ئەگەر نا لە شار دەرت بکەن -ئەوان پلانیان دانا و خوای گەورەش پیلانەکەیانی پوچەڵ کردەوە- خوای گەورەش بە تواناترە لە هەڵوەشانەوەی پیلانی دوژمناندا.

ئەو کاتەی کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە بن سێبەری درەختێکدا بوو بە تەنها، کابرایەکی کافر بە شمشێرەوە لێی ڕاست بویەوە، ووتی ئێستا کێ دەستم دەگرێت کە نەتکوژم، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی خوای گەورە.. ئەمە ئەو حەقیقەتەی باوەڕ و یەقینە.. سەرنج بدە.

* یەکێك لە خاڵە سەرەکیە پەروەردەییەکانی ئەم ئایەتانە ئەو (ف) یە کە بەسەر وەڵامدانەوەکانەوەیە، کە وەڵامی بێ هیوا بوونی بەشەرییە لە هێزە مادییەکانی بەردەستی مرۆڤ.. هەریەك لە پێغەمبەرە مەعسومە خواناسانە هەموو ڕەنجێکی بەردەستیان خستۆتە کار هەموو ووزەکانیان خستۆتە گەڕ، کە ئیتر خەڵکی تر هیوا بڕاو بوون، ئەم پێغەمبەرە خواناسانە هانایان بۆ خوای گەورە بردووە وەکو ئەوەی بفەرموون: ئیتر خوایە وادیارە لە توانای ئێمەی مرۆڤدا نەما، خۆت بە لوتف و توانای خۆت تەدەخول بکە... سەرنج بد:.

(وَنُوحًا إِذْ نَادَىٰ مِن قَبْلُ فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَنَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ مِنَ الْكَرْبِ الْعَظِيمِ) الأنبياء/٧٦

(وَذَا النُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَاضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَىٰ فِي الظُّلُمَاتِ أَن لَّا إِلَٰهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ * فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْغَمِّ ۚ وَكَذَٰلِكَ نُنجِي الْمُؤْمِنِينَ) الأنبياء/٨٧-٨٨

(وَزَكَرِيَّا إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُ رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ * فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَوَهَبْنَا لَهُ يَحْيَىٰ وَأَصْلَحْنَا لَهُ زَوْجَهُ إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ) الأنبياء/٨٩-٩٠

- سەیدنا ئەیوب عَلَيهِ السَّلَام: ئایەتی سەرەوە سورەتی الأنبياء (٨٣-٨٤) هەروەها سەیدنا موسا و ابراهیم و محمد عَلَيهِمُ السَّلَام. ئەمە تایبەت بە پێغەمبەران نییە، بۆ ئەهلی جیهادو ئەوانەشە کە کەوتونەتە تەنگانەوە. بڕوانە یاوەران (طالووت) (وَلَمَّا بَرَزُوا لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالُوا رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ * فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ اللَّهِ وَقَتَلَ دَاوُودُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاءُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الْأَرْضُ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ)البقرة/٢٥٠-٢٥١

جابر خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (غَزَوْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ غَزْوَةً قِبَلَ نَجْدٍ فَأَدْرَكَنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي وَادٍ كَثِيرِ الْعِضَاهِ فَنَزَلَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَحْتَ شَجَرَةٍ فَعَلَّقَ سَيْفَهُ بِغُصْنٍ مِنْ أَغْصَانِهَا -قَالَ- وَتَفَرَّقَ النَّاسُ فِي الوادي يَسْتَظِلُّونَ بِالشَّجَرِ - قَالَ - فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ « إِنَّ رَجُلاً أتاني وَأَنَا نَائِم، فَأَخَذَ السَّيْفَ، فَاسْتَيْقَظْتُ وَهُوَ قَائِمٌ عَلَى رَأْسِي، فَلَمْ أَشْعُرْ إِلاَّ وَالسَّيْفُ صَلْتًا فِي يَدِهِ، فَقَالَ لِي: مَنْ يَمْنَعُكَ مِنِّي؟ قَالَ: قُلْتُ: اللَّهُ. ثُمَّ قَالَ فِي الثَّانِيَةِ: مَنْ يَمْنَعُكَ مِنِّي؟ قَالَ: قُلْتُ: اللَّهُ. قَالَ فَشَامَ السَّيْفَ فَهَا هُوَ ذَا جَالِسٌ).[١] واتە: لە ناوچەی نەجد لەگەڵ هەندێك لە هاوەڵان بۆ غەزا لە خزمەت پێغەمبەری خوادابووین صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ، قرچەی گەرمای نیوەڕۆمان بەسەرداهات، شوێنەکە دۆڵێکی ووشك و بەردەڵان بوو، یاوەران بە دۆڵەکەدا

---

[١] بوخاری (٣٩٠٥)، موسلم (٨٤٣).

بڵاوبوونەوە. هەر یەکەیان لە درەختێك دەگەڕا تا لە ژێر سێبەرەکەیدا بحەسێتەوە. پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی گەیاندە درەختێك و شمشێرەکەی پێداهەڵواسی و خەوت. کە خەبەری بۆوە بینی کابرایەك گەیشتۆتە سەری، پیغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یاوەرانی بانگ کرد و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕانەوە فەرمووی:کابرایەک لەو کاتەدا کە خەوتبووم هات و شمشێری گرت بە دەستەوە. خەبەرم بۆوە وا کابرا لەژوور سەرمەوەیەو شمشێرەکەشی بە هەڵکێشراوی لە دەستدایە. پێی ووتم: ئێستا کێ ناهێڵێت بتکوژم؟ منیش ووتم (الله). دیسان پرسیەوە کە کێ رێم لێدەگرێت کە نەتکوژم؟ ووتمەوە خوای گەورە. ئیتر شمشێرەکەی لەدەست بەربۆوە. ئێستا ئەوەتا وا دانیشتووە لەبەر دەستمدا.. پێغەمبەری خوا سزای نەدا و رێیدا بڕوات.

ئەم مەددە خواییە، ئەم چاودێری و ئاودێریی و ئاگالێبوونە، ئەم یارمەتی و بەهاناوەچوونە بۆ هەموو خواناسێکی پاك و سەر ڕاستە. قورئان و فەرموودە ئاسەواری یاوەران و تابعین زۆر لەم بەسەر هاتانەی تێدایە، کە لەو پەڕی بێ دەسەڵاتی مرۆڤدا مەددە خواییەکە هاتووە و هەڵوێستەکەی بە قازانجی خواناسەکە وەرچەرخاندووە.. لەوانە بەسەر هاتی سێ کەسی ئەشکەوتەکەیە کە تاوێرێکی زل بەردەمی ئەشکەوتەکەی لێگرتن و لەناوەوە گیریان خوارد، هیچ پەنایەکیان نەما جگە لە هانا بردن بۆ خوای گەورە نەبێت. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەسەرهاتەکەیان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: (بَيْنَمَا ثَلَاثَةُ نَفَرٍ يَتَمَاشَوْنَ أَخَذَهُمُ الْمَطَرُ فَمَالُوا إِلَى غَارٍ فِي الْجَبَلِ فَانْحَطَّتْ عَلَى فَمِ غَارِهِمْ صَخْرَةٌ مِنَ الْجَبَلِ فَأَطْبَقَتْ عَلَيْهِمْ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ: انْظُرُوا أَعْمَالًا عَمِلْتُمُوهَا لِلَّهِ صَالِحَةً، فَادْعُوا اللَّهَ بِهَا لَعَلَّهُ يَفْرُجُهَا، فَقَالَ أَحَدُهُمْ: اللَّهُمَّ إِنَّهُ كَانَ لِي وَالِدَانِ شَيْخَانِ كَبِيرَانِ وَلِي صِبْيَةٌ صِغَارٌ كُنْتُ أَرْعَى عَلَيْهِمْ، فَإِذَا رُحْتُ عَلَيْهِمْ فَحَلَبْتُ بَدَأْتُ بِوَالِدَيَّ أَسْقِيهِمَا قَبْلَ وَلَدِي، وَإِنَّهُ نَاءَ بِيَ الشَّجَرُ فَمَا أَتَيْتُ حَتَّى أَمْسَيْتُ فَوَجَدْتُهُمَا قَدْ نَامَا، فَحَلَبْتُ كَمَا كُنْتُ أَحْلُبُ فَجِئْتُ بِالْحِلَابِ فَقُمْتُ عِنْدَ رُءُوسِهِمَا، أَكْرَهُ أَنْ أُوقِظَهُمَا مِنْ نَوْمِهِمَا، وَأَكْرَهُ أَنْ

أَبْدَأَ بِالصِّبْيَةِ قَبْلَهُمَا وَالصِّبْيَةُ يَتَضَاغَوْنَ عِنْدَ قَدَمَيَّ، فَلَمْ يَزَلْ ذَلِكَ دَأْبِي وَدَأْبَهُمْ حَتَّى طَلَعَ الْفَجْرُ، فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي فَعَلْتُ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ فَافْرُجْ لَنَا فُرْجَةً نَرَى مِنْهَا السَّمَاءَ، فَفَرَجَ اللَّهُ لَهُمْ فُرْجَةً حَتَّى يَرَوْنَ مِنْهَا السَّمَاءَ،وَقَالَ الثَّانِي: اللَّهُمَّ إِنَّهُ كَانَتْ لِي ابْنَةُ عَمٍّ أُحِبُّهَا كَأَشَدِّ مَا يُحِبُّ الرِّجَالُ النِّسَاءَ فَطَلَبْتُ إِلَيْهَا نَفْسَهَا فَأَبَتْ حَتَّى آتِيَهَا بِمِائَةِ دِينَارٍ فَسَعَيْتُ حَتَّى جَمَعْتُ مِائَةَ دِينَارٍ فَلَقِيتُهَا بِهَا. فَلَمَّا قَعَدْتُ بَيْنَ رِجْلَيْهَا قَالَتْ: يَا عَبْدَ اللَّهِ اتَّقِ اللَّهَ،وَلَا تَفْتَحِ الْخَاتَمَ إلا بحقه فَقُمْتُ عَنْهَا،اللَّهُمَّ فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي قَدْ فَعَلْتُ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ فَافْرُجْ لَنَا مِنْهَا فَفَرَجَ لَهُمْ فُرْجَةً،وَقَالَ الْآخَرُ: اللَّهُمَّ إِنِّي كُنْتُ اسْتَأْجَرْتُ أَجِيرًا بِفَرَقِ أَرُزٍّ فَلَمَّا قَضَى عَمَلَهُ قَالَ أَعْطِنِي حَقِّي فَعَرَضْتُ عَلَيْهِ حَقَّهُ فَتَرَكَهُ وَرَغِبَ عَنْهُ،فَلَمْ أَزَلْ أَزْرَعُهُ حَتَّى جَمَعْتُ مِنْهُ بَقَرًا وَرَاعِيهَا،فَجَاءَنِي فَقَالَ: اتَّقِ اللَّهَ وَلَا تَظْلِمْنِي وَأَعْطِنِي حَقِّي، فَقُلْتُ: اذْهَبْ إِلَى ذَلِكَ الْبَقَرِ وَرَاعِيهَا، فَقَالَ: اتَّقِ اللَّهَ وَلَا تَهْزَأْ بِي، فَقُلْتُ: إِنِّي لَا أَهْزَأُ بِكَ فَخُذْ ذَلِكَ الْبَقَرَ وَرَاعِيَهَا فَأَخَذَهُ فَانْطَلَقَ بِهَا، فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي فَعَلْتُ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ فَافْرُجْ مَا بَقِيَ. فَفَرَجَ اللَّهُ عَنْهُمْ).[١] واتە: لەو کاتەدا کە سێ کەس بە ڕێگایەکدا دەڕۆشتن بارانیان لێ باری و ناچار خۆیان گەیاندە ئەشکەووتی شاخێك تاوێرە بەردێکی زۆر گەورە لە شاخەکەوە داخزا و بەردەمی ئەشکەوتەکەی لێگرتن، کە زانیان توانای لابردنی تاوێرەکەیان نییە و هیچ بوارێکی تریان نییە بۆ قوتار بوون یەکێکیان ووتی: هەر کەسێك بابڕوانێتە کار و کردەوەیەکی چاکی خۆی کە لەبەر خوا ئەنجامی داوە هانا بۆ خوا بەرێت تا لەبەر خاتری ئەو کردەوە چاکەی دوعای گیرا بکات و ڕێی دەرباز بوونمان بۆ بڕەخسێنێت.

یەکێکیان ووتی: خوایە تۆ دەزانیت من دایك و باوکێکی پیرم هەبوو هەروەها ژن و منداڵی گچکەش، هەموو جارێك کە شیری مەڕەکانم دەدۆشی دەمهێنایەوە بە دایکم و باوکم

---

[١] بوخاری (٥٦٥٣).

دەستم پێ دەکرد و شیرم دەدانێ، پاشان دەمدایە منداڵەکانم، جارێکیان لە دارکردن دوا کەوتم نەمتوانی ئێوارە بگەڕێمەوە ماڵەوە، کەهاتمەوە دیتم دایکم و باوکم نوستوون، ماڵاتەکانم دۆشی و شیرەکەم بۆ هێنان، لای سەرەوەیان ڕاوەستام و نەم وویست لەخەو خەبەریان بکەمەوە و حەزیشم نەدەکرد پێش ئەوان بیدەمە مناڵەکانم ئەگەرچی ئەوان لە بن پێمدا دەکرِوزانەوە بۆی، هەر ئاوا بە پێوە لە ژوور سەریانەوە مامەوە تا سپێدەی بەیانی...

جا خوایە خۆت دەزانی ئەو کارەم لەبەر خاتری تۆ کردووە خوایە ئەوەندە ئەو تاوێرەمان لەسەر لادە تا ئاسمانمان لێ دەرکەوێت، خوای گەورە تاوێرەکەی ئەوەندە خزاند تا ئاسمانیان لێ دەرکەوت.

- ئەوی تریان وووتی: خوایە خۆت دەزانی کە کچە ئامۆزایەکم هەبوو زۆرم خۆش دەویست، تا کۆتا پلە کە پیاو ئافرەتی خۆش بووێت حەزم لێی بوو، داوام لێ کردبوو کە لەگەڵم بخەوێت، ڕێی نەدەدام دەیووت بڕۆ سەد دینارم بۆ پەیداکە، منیش زۆر ماندوو بووم تا سەد دینارەکەم پەیدا کرد و بۆم هێنا، کە پێکەوە ڕاکشاین، پێمی ووت: ئەرێ هۆ عەبدی خوا لە خوا بترسە و مۆرەکە لامەبە مەگەر بەمافی خۆی (واتە بە حەڵاڵی نەبێت نەیەیتە لام، منیش هەستام و لێگەرام، خوای گەورە خۆت دەزانیت ئەگەر ئەو کارەم لەبەر خاتری تۆ کردووە تەکانێك لەو تاوێرە بەردە بدە تا کەمێك بواری زیاترمان هەبێت بۆ دیتن و هاوار بێت خوای گەورە تەکانێکی تری بە تاوێرەکە دا.

- سێهەمیان وووتی خوایە خۆت دەزانی من کرێکارێکم هەبوو (یفرق ارز) کە ئیشەکەی تەواو کرد، وووتی کرێکەم بدەرێ: منیش پێم ووت زیادەیەکی بۆ خۆم هەڵدەگرم، بەڵام نەیویست و هیچی وەرنەگرت و ڕۆشت، منیش هەر لەو کاتەوە لەحەقەکەی خۆیم خستۆتەوە چاندن تاحەقەکەی کردیە نرخی مانگایەك و گوێرەکەیەك... ڕۆژێك هاتەوە لام

و ووتی حەقەکەی خۆمم بدەرێ و ستەمم لێ مەکە منیش وتم: بڕۆ ئەو مانگاو گوێرەکەیە هی تۆیەو بیبە بۆ خۆت، ووتی: لە خوا بترسە گاڵتەم پێدەکەیت؟ ووتم: نا گاڵتەت پێناکەم بڕۆ بۆ خۆتیان ببە. ئیتر ڕۆیشت و مانگاو گوێرەکەکەی برد بۆ خۆی. خوایە خۆت دەزانیت ئەگەر ئەو کارەم لەبەرخاتری تۆ بووە لەم ناڕەحەتیە قوتارمان بکەو تاوێرە بەردەکە لابەرە. ئاوا خوای گەورە لەبەرخاتری ئەو کارانە _کە خالیس و موخلیس بۆ خۆی کراوە_ تاوێرە بەردەکەی لە بەردەم ئەشکەوتەکە ترازاند و ئەو سێ کەسە قوتاریان بوو.

ج- خۆگریی و ویقار و پارسەنگیی لە کاتی لاچوونی ناڕەحەتیی و لە کاتی بەردەوامبوونیشیدا:

خوای گەورە باسی یاوەرانی ئەشکەوت دەگێڕێتەوە کە چۆن بوێرانەو خۆگرانە حەقیان لە ڕووی موشریکان ڕاگەیاند: (وَرَبَطْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا فَقَالُوا رَبُّنَا رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَ مِن دُونِهِ إِلَٰهًاۖ لَّقَدْ قُلْنَا إِذًا شَطَطًا) الکهف/١٤ واتە: دڵ و دەروونیانمان بەهێز و وورە بەرزکردەوە تا بگەنە ئەو ئاستەی کە بۆ خوا لێببڕێن و ساغ ببنەوە بە شێوەیەك کە دڵیان بێت کەس و کار و ووڵات جێ بهێڵن لەبەر خاتری خوای گەورە هیجرەت بکەن وا ڕابن کە دەستە جەمعی لەبەر خاتری خوای گەورە هەڵوێستی ئیماندارانە بگرنە بەر و بڵێن خوای پەروەردگاری ئێمە خاوەنی ئاسمانەکان و زەوییەو هەڵسوڕێنەریانە، ئێمەش بۆ ئەو یەکلایی بوینەتەوە هەتا ماوین هیچ شتێك ناکەینە خوای خۆمان و هیچ دینێکی تر ناگرینە بەر جگە لە دینەکەی ئەو.. ئەگەر وامان کرد دیارە گومڕاو سەرلێشێواو دەبین و لاڕێیمان پێ پەسەند دەبێت ئەوەش ئەستەمە.

- دەربارەی دیندارانی پابەندو سەر ڕاست و خۆگر دەفەرموێت: (إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ) فصلت/٣٠ واتە: ئەو کەسانەی کە بۆ خوا سوڵحان و ڕایان گەیان کە خوای

تاك و تەنها پەروەردگاریانە کە هیچ هاوبەشێکی لە هیچ سیفاتێکدا نییە پاشان لەسەر ئەم خواناسی و دینداڕێتیە مانەوە و خۆڕاگر بوون و پابەند بوون، فریشتەی خوای گەورە دێنە خوارەوە بۆ لایان، تا زیاتر وورەیان بەرز بێتەوە بە دینداری و خواناسیەکەیان شادمان بن و خەمی هێنانی سوود و لادانی زیانیان نەبێت، فریشتەکان مژدەیان دەدەنێ کە نە لەپەژارەی ئەوەدا بن کە لەداهاتوو چیان لێ دێت و خەفەت بخۆن بۆ ڕابردویان، مژدەی ئەو بەهەشتەتان پێ ڕادەگەیەنین کەبەڵێنتان پێ درابوو.

(يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ ۖ وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ ۚ وَيَفْعَلُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ) ابراهيم/٢٧واتە: ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە خوای گەورە لەسەر حەق وێژی و حەقخوازیی جێگیریان دەکات و بە مەدەدی خۆی بەهێزیان دەکات لە دنیاو لە قیامەتدا پشتیوانیان لێ دەکات خوای گەورە ستەمکاران گومڕا دەکات و وێڵ و سەرگەردانیان دەکات خوای گەورە هەرچیەکی بوێت دەیکات.

(وَكَيْفَ أَخَافُ مَا أَشْرَكْتُمْ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَانًا ۚ فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالْأَمْنِ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ * الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُولَٰئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ) الانعام/٨١-٨٢ واتە: سەیدنا ابراهيم عَلَيهِ السَّلَام بە کافرانی قەومەکەی دەفەرموێت: چۆن لەوە بترسم کە ئێوە کردوتانن بە خوای خۆتان هاوبەشی خوای تاك و تەنها لە کاتێکدا خواکانی ئێوە نەزیانتان پێ دەگەیەنن و نە سود و قازانج، نە خەلق دەکەن و نەڕۆزی دەدەن، کەچی ئێوەش لەوە ناترسن کە هاوبەشتان بۆ خوای کردگار داناوە، ئەو خوایەی کە دروستکەر و ڕۆزی دەرتانە، شەریکتان بەبێ هیچ بەڵگە و زانیاریەك بۆ داناوە کە خوای گەورە ڕێ بە ڕەفتاری وەها نادات، ئیدی کێمان شایەنی ئەوەیە لە ئەماندابێت و کێ جێی ترس و بیمە ئەگەر ڕاست دەکەن و پەی بە دین و ژین دەبەن تێفکرن، ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە و چڵك و چەپەڵی شیرکیان تێکەڵ بە

(ئیمان) یان نەکردووە ئەوانە شایەنی ئەمن و ئەمان و ئاسودەی و ئاشتین و ئەوانەشن هیدایەت دراون و ڕێنیشاندراوانی ڕێبازی ڕاستی خواویستین.

خوای پەروەردگار ئەم وورە بەرزکردنەوە و خۆڕاگری و مەدەد و پشتیوانی لێکردنەیی بە یاوەرانی بەدر بەخشی: (إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلَائِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا الَّذِينَ آمَنُوا ۚ سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ فَاضْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ) الانفال/١٢واتە: خوای پەروەردگارت فەرمان و وەحی بە فریشتەکان دا کە منیش لە گەڵتانم، بڕۆن وورەی ئەو کەسانە بەرز بکەنەوە کە باوەڕیان هێناوە و جێگیر و دڵنەبەزیان کەن، منیش ترس و تۆقین دەهاوێژمە نێو ناخ و دەروونی ئەوانەی کە کوفریان هەڵبژاردووە و سوورن لەسەر دوژمنداریێتی دین و دینداران، ئێوەش هێرش ببەن و لە گەردنیان بدەن پەنجەیان بپەڕێنن (پەنجەی دەست و قاچ) کە پەنجەی دەست بۆ شمشێر وەشاندنە و پەنجەی پێش بۆ پێ قایم کردن و پێ هەڵهێنانەوەی ئاسان و خێرایە.

- لە حودەیبەشدا دەفەرموێت: (لَّقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا) الفتح/١٨ واتە: بە دڵنیاییەوە خوای گەورە لەو موسوڵمانانە خۆش بووە کە لە ژێر درەختەکەدا بەیعەتی مردنیان لە گەڵدا بەستویت، بۆیە یەکسەر ئەمان و ئاسودەیی و وورە بەرزیی بەسەر پێغەمبەرەکەیی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و هەموو ئەو ئیماندارانە داباراند و پاداشتی بە فەتحی مەککە دانەوە (بڕوانە ئەم یاوەرە ئەزیزانە کە ڕاستگۆیانە پەیمانی مردنیان دا و ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەو سەندنەوەی تۆڵەی خوێنی حەزەتی عوسمان بوون (خوا لێی ڕازی بێت) کە تەنها بە قسە هەواڵی کوشتنی هاتبوو -واش نەبوو- بەڵام ئەمان چونکە بۆ خوا ڕاستگۆیانە لێ بڕان جەنگیشیان نەکرد و (فەتحی مەککە)ش بوو بە نسیب.. نەچوونە

غەزاوە و ئاوا لە جێی ترس و بیم وورەیان بەرزتر بۆیەوە و بەهێزتر بوون.. ئەم هەموو بەرهەمە سەرەنجامی ڕاستگۆیی دڵە، جا بزانە دڵی تۆش چەند بۆ خوا ساغ بۆتەوە؟!.

- لە حونەینیشدا دەفەرموێت: (لَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ ۙ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ ۙ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئًا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ * ثُمَّ أَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا وَعَذَّبَ الَّذِينَ كَفَرُوا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَاءُ الْكَافِرِينَ) التوبة/٢٥-٢٦ واتە: خوای گەورە لە زۆر شوێن (ساحەی جەنگ و جیهاد) دا سەری خستوون. ئەمما ڕۆژەکەی (حونەین) کە موسوڵمانان تێدا شکان کە بەزۆری موجاهیدانتان سەرسام بوون (کە دوانزە هەزار کەس بوون) هێرشەکە بۆ سەر هۆزی (هەوازن) بوو کە هەندێکتان دەتان ووت مادام دوانزە هەزار کەسین ناشکێین! بەڵام شکان و ئەو زۆریەتان بە هاناتانەوە نەهات و دادی نەدان، تەنانەت وا کەوتبوونە شپرزەییەوە سەری دنیاتان لێ هاتەوە یەك و زەمینی بەرفراوانتان لەبەر چاواندا لێ تەسك بۆیەوە! دواتریش پشتتان هەڵکرد و هەڵهاتن! بەڵام دوایی خوای گەورە وورە بەرزی و ئەمان و خۆگری بە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئیمانداراەکان بەخشی و سەربازانێکی خۆی بۆ سەرخستن ناردە خوارەوە کە ئێوە نەتان دەبینین، ئاوا خوای گەورە ئێوەی پاراست و کافرانیشی خستە ژان و ناسۆرەوە (کە دەبوو چێژی سەرکەوتنەکەیان بکەن و خۆشحاڵ بن بەڵام ئەوەیان دەستنەکەوت و ترس و بیمیان زیاتر بوو، چونکە دەکوژران بێ ئەوەی بزانن بکوژەکە کێ یە، چونکە فریشتەکان نەدەبینران ) ئەوەشە سزای کافران.

## د- خواوویستیی و نییەتی پاك تەوەری کۆبوونەوەی خەڵکیە:

ئەمەش نهێنییەکی تری نییەتپاکیە، کە زۆر کەس پەی پێنابەن. نییەت پاك بێ ئەوەی مەبەستی بوبێت دەبێتە مایەی لێکۆبوونەوەی خەڵکی، چونکە جێمتمانەیە و خەڵکی خۆشیان دەوێت. بۆچی؟ خۆشی نازانێت، بەڵام ئەوە ئەنجامی خۆش وویستنی خوای خاوەنێتی بۆی، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (إِذَا أَحَبَّ اللَّهُ الْعَبْدَ

نَادَى جِبْرِيلَ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلَانًا فَأَحْبِبْهُ فَيُحِبُّهُ جِبْرِيلُ فَيُنَادِي جِبْرِيلُ فِي أَهْلِ السَّمَاءِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلَانًا فَأَحِبُّوهُ فَيُحِبُّهُ أَهْلُ السَّمَاءِ ثُمَّ يُوضَعُ لَهُ الْقَبُولُ فِي الْأَرْضِ).[1] واته: کاتێك خوای گەورە عەبدێکی خۆش دەوێت، جبریل عَلَيهِ السَّلَام بانگ دەکات و پێی دەفەرموێت: من فڵان کەسم خۆش دەوێت، تۆش خۆشت بوێت، ئینجا جبریلیش خۆشی دەوێت، پاشان بە ئاسماندا جاڕ دەدات کە خوای گەورە فڵان کەسی خۆش دەوێت ئێوەش ئەی دانیشتوانی ئاسمانەکان خۆشتان بوێت، دوای ئەوە وای لێ دێت کە لەسەر زەمیندا پەسەند دەکرێت و جێمتمانە و خۆشەویست دەبێت.. سوبحان الله سەرنجی ئەو پلە و ئاست و ڕێزە بدە کە موسوڵمانێك بە نییەتی پاکی دەیگاتێ.. نییەتەکەش شاراوەیە و لە نێوان خۆی و خوای گەورەدایە.. خۆ خەڵکی هەست بە نییەت پاکی و پیسی من و تۆ ناکەن، بەڵام بەرهەمی نییەت پاکیەکە دەبێتە ئەو خۆشەویستیەی کە بۆشت دەرنەبڕی هەستی پێ دەکەیت.!

- ئەبوزەر خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (أَرَأَيْتَ الرَّجُلَ يَعْمَلُ الْعَمَلَ مِنْ الْخَيْرِ وَيَحمدهُ النَّاسُ عَلَيْهِ ؟ قَالَ : ( تِلْكَ عَاجِلُ بُشْرَى الْمُؤْمِنِ).[2] واتە: عەرزی پێغەمبەری خوام کرد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: کەسێك کارێك لەبەر خاتری خوای گەورە دەکات خەڵکیش بەهۆی ئەوەوە خوشیان دەوێت، حوکمی ئەمە چیە؟ فەرمووی: ئەوە موژدەی پێش وەختە کە بە موسوڵمان دەدرێت، پاداشتێکی سەرەتایی کارە چاکەکەیەتی.

کاتێك ئەمە لە موسوڵمانێکدا دێتە دی، هەموو ئەرك و بزاوت و بانگەوازی ئیسلامی بۆ ئاسان دەبێت.

ه- گەیشتنە دانایی و توانای شیکارو جوێ کردنەوەی حەق و باتڵ:

---

[1] بوخاری (٥٦٩٣)، موسلیم (٤٩٠١).

[2] موسلیم (٢٦٤٢)، ئیبنو ماجە (٤٢٢٥)، ئەحمەد (١٦٨/٥).

ئەمە بەرهەمێكی تری كاریگەری و ئاسانكاریی خوا وویستیەكەیە، كە زۆر گرنگە، چونكە نەك هەر ئاسان حەق و باتڵی پێ لێك جیا دەكرێتەوە، بەڵكو (فیراسەت) ێكی بۆ دروست دەبێت كە خەڵكی دیندار و دووڕوو و بێ دینیشی ئاسان پێ لێك جیا دەكرێتەوە، زۆر دانایانە دەتوانێت شیكاری ڕووداوە واقیعیەكان بكات، ئەمە ئەو حیكمەتەیە كە خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێت:(يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ) البقرة/٢٦٩واتە: هەر كەسێك (حیكمەت) ی پێ ببەخشرێت مانای وایە خێری زۆر هێنراوەتە ڕێگای و چاكەی زۆر لەگەڵدا كراوە.

دەستكەوتنی ئەم نیعمەتی دانایی و پەی پێ بردن و شیكاری واقیع و ناسینەوەی حەق و حەقخوازان و هەڵاوێردنیان لە لایەن موسوڵمانانەوە زۆر زەروریە بۆ نێو ڕیزی بانگخوازان و كۆمەڵكاری ئیسلامیەكە، ئەمەیە كە خوای گەورە ناوی ناوە (فورقان) واتا توانای جوێ كردنەوە (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تَتَّقُوا اللَّهَ يَجْعَل لَّكُمْ فُرْقَانًا وَيُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ۗ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ) الانفال/٢٩ واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر سەر ڕاستانە دینداری بكەن و تەقواكار بن خوای گەورە توانای فورقانیانەتان دەداتێ كەبتوانن حەق و باتڵ لەكاتی ئاڵۆزی و تێك باهەڵدانیاندا لە یەكتر جوێ بكەنەوە -هەروەها ئیماندار لە كافر و دوو ڕوو و لادەران جوێ بكەنەوە-

و- هەڵەی خواوویست بە ئیجتیهاد حسێب دەكرێت مادام بە نیەتێكی پاك كردویەتی:

ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (إِنَّ رَجُلًا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ قَالَ: لَأَتَصَدَّقَنَّ اللَّيْلَةَ بِمَالِي، فَخَرَجَ بِهِ فَوَضَعَهُ فِي يَدِ زَانِيَةٍ، فَأَصْبَحَ النَّاسُ يَتَحَدَّثُونَ، تُصُدِّقَ عَلَى فُلَانَةَ الزَّانِيَةِ، ثُمَّ خَرَجَ بِمَالٍ أَيْضًا: فَوَضَعَهُ فِي يَدِ سَارِقٍ، فَأَصْبَحَ أَهْلُ الْمَدِينَةِ يَتَحَدَّثُونَ: تُصُدِّقَ عَلَى فُلَانٍ السَّارِقِ، ثُمَّ خَرَجَ بِمَالٍ أَيْضًا، فَوَضَعَهُ فِي يَدِ رَجُلٍ غَنِيٍّ، وقَالَ: لَوْ شِئْتُ لَقُلْتُ: لَا يَدْرِي حَيْثُ وَضَعَهُ، فَرَجَعَ الرَّجُلُ إِلَى نَفْسِهِ، فَقَالَ: وَضَعْتُ صَدَقَتِي عِنْدَ زَانِيَةٍ، ثُمَّ وَضَعْتُهَا عِنْدَ سَارِقٍ، ثُمَّ وَضَعْتُهَا عِنْدَ غَنِيٍّ فَأُرِيَ فِي الْمَنَامِ: إِنَّ صَدَقَتَكَ قَدْ قُبِلَتْ، أَمَّا الزَّانِيَةُ فَلَعَلَّهَا تَعَفَّفُ عَنْ زِنَاهَا، وَأَمَّا السَّارِقُ

فَلَعَلَّهُ يُغْنِيَهُ عَنِ السَّرَقِ، وَأَمَّا الْغَنِيُّ فَلَعَلَّهُ يَعْتَبِرُ فِي مَالِهِ).[١] واته: كابرایەك ووتی حەتمەن ئەمشەو دەبێت خێرێك بكەم (صەدەقەیەك بگەیەنمە كەسێكی شایستە، شەو خێرەكەی هەڵگرت و بردی، بەڵام خستیە دەستی ئافرەتێكەوە كە بە زیناكار ناسراو بوو، بۆ سبەی خەڵكی لێی كەوتنە قسە و ووتیان خێری بە زیناكار كردووە! ئەویش دەیووت: خوایە سوپاس بۆ تو كە خێرەكەم گەیاند ئەگەر چی داومە بە زیناكارێك. پاشان ووتیەوە: ئەمشەو خێرێكی تر بە كەسێكی تر دەكەم، شەو خێرەكەی لەگەڵ خۆی برد و كردیە دەستی دەوڵەمەندێكەوە بۆ سبەی خەڵكە كەوتنە قسە پێووتنی و دەیانووت: خێری بە دەوڵەمەند كردووە! ئەویش دەیووت: خوایە سوپاس بۆ تو كە خێرێكە و كردوومە ئەگەرچی بە نسیبی دەوڵەمەندێكیش بووە. دیسانەوە ووتی: دەبێت ئەمشەو خێرێك بكەم، خێرەكەی هەڵگرت و بردی كردیە دەستی پیاوێكی دزەوە، بۆ سبەی خەڵكی بە هەمان شێوەی جاران كەوتنە قسە پێ ووتنی و دەیانووت: خێری بە دز كردوە! ئەویش هەر دەیووت: خوایە سوپاس بۆ تو كە خێرەو كردوومە ئەگەر چی بە نسیبی دزێكیش بوبێت، خوایە سوپاس بۆ تو بە خێر كردنم بە ئافرەتی زیناكار و دەوڵەمەند و دز.. لە خەونییدا ڕسپێراوێك هاتە لای و پێی ووت: خەمت نەبێت خێرەكانت قبوڵبوون. ئەمما ئومێدە زیناكارەكە بە هۆی پارەكەی تۆوە هۆشێك بێتەوە بەری و واز لە زینا بهێنێت. دەوڵەمەندەكەش بەڵكو بیرێك بكاتەوە ئەویش خێر لە ماڵ و سامانەكەی بكات كە خوای گەورە پێی بەخشیوە. دزەكەش هەروەها، بەڵكو بێتەوە سەر خۆی و واز لەو كارە چەپەڵەی بهێنێت و پاك ببێتەوە.

ئەبویەزدی مەعنی كوڕی یەزیدی كوڕی ئەخنەس خوا لێیان ڕازی بێت (كە خۆی و باوكی یاوەربوون) گێڕاویەتیەوە: (كَانَ أَبِي يَزِيدُ أَخْرَجَ دَنَانِيرَ يَتَصَدَّقُ بِهَا، فَوَضَعَهَا عِنْدَ رَجُلٍ فِي الْمَسْجِدِ، فَجِئْتُ فَأَخَذْتُهَا فَأَتَيْتُهُ بِهَا. فَقَالَ: وَاللهِ، مَا إِيَّاكَ أَرَدْتُ، فَخَاصَمْتُهُ إِلَى رسولِ اللهِ

---

[١] بوخاری (١٣٧)، موسلم (١٠٢٢).

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: لكَ مَا نَوَيْتَ يَا يزيدُ، ولَكَ ما أخَذْتَ يَا مَعْنُ).[١] واتە: یەزیدی باوکم چەند دینارێکی جیاکردبویەوە تا بیانکات بە خێر، بردنی و لای کابرایەك لە مزگەوت داینا، منیش چوومە مزگەوت و کابرا دایمیەوە، منیش وەرم گرت و هینامەوە ماڵ، باوکم فەرمووی: واللە نەمویستووە بدرێت بە تۆ.. منیش سکاڵاکەم بردە لای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (بەسەر هاتەکەم عەرز کرد) فەرمووی: یەزید تۆ پاداشتی نییەتەکەی خۆتت وەرگرتووە کە کردووتە بە خێر، مەعن تۆش مافێکی خۆتت وەرگرتووە و بۆخۆت (چونکە شایانی بوویت).

ز- بەردەوام بوونی پاداشتی نییەت پاکی و خواوویستیی با کردەوەشی وەستابێت:

مادام بەهۆی عوزرێکەوە لە کارەخێرەکەی وەستا بێت و نەیتوانی بێت ئیدامە بە کارەکەی بدات: ئەوا خێری بەردەوامی بۆ دەنوسرێت.

- هەندێك لە یاوەران لە مەدینە مابوونەوە عوزریان هەبوو کە نەیاتوانی بوو خۆ بگەیەننە غەزاکە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (إِنَ بِالْمَدِينَةِ لَرِجَالاً مَا سِرْتُمْ مَسِيراً، وَلاَ قَطَعْتُمْ وَادِياً إِلاَ كَانُوا مَعَكُمْ حَبَسَهُمُ الْمَرَضُ).[٢] واتە: پیاوانێك لە مەدینەن کە خاوەن پاداشتن وەك ئێوە، هەر ڕێیەك دەبڕن و بە هەر دۆڵێکدا تێ دەپەڕن ئەوانیش لەگەڵتاندان، چونکە لەبەر نەخۆشی نەیانتوانیوە لە گەڵتاندا بکەونە ڕێ.

- لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت: (إنَّ أَقْوَاماً خَلْفَنَا بِالْمَدِينَةِ مَا سَلَكْنَا شِعْباً، وَلاَ وَادِياً إِلاَّ وَهُمْ مَعَنَا، حَبَسَهُمُ الْعُذْرُ).[٣] واتە: خەڵکانێکمان لە مەدینە بەجێهێشتووە، کە ئێمە هەر

---

[١] بوخاری (٢/١٣٨).
[٢] موسلیم (١٩١١) ، ئەحمەد (٣/٣٤١).
[٣] بوخاری (٢٨٣٨).

ڕێگا و بان و دۆڵێك ببرین ئەوانیش لەگەڵمان دەبن (بە پاداشتە مسۆگەرەکەیان) عوزریان هەیە بۆیە نەیانتوانیوە لە گەڵماندا بن.

- (إِذَا مَرِضَ الْعَبْدُ أَوْ سَافَرَ كُتِبَ لَهُ مِنَ الأَجْرِ مِثْلُ مَا كَانَ يَعْمَلُ صَحِيحًا مُقِيمًا).[١] لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێت: (مَا أَحَدٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ يُصَابُ بِبَلَاءٍ فِي جَسَدِهِ، إِلَّا أَمَرَ اللَّهُ الْحَفَظَةَ الَّذِينَ يَحْفَظُونَهُ، فَقَالَ: اكْتُبُوا لِعَبْدِي فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ مِثْلَ مَا كَانَ يَعْمَلُ مِنَ الْخَيْرِ، مَا كَانَ مَحْبُوسًا فِي وِثَاقِي)[٢] واتە: هەر کەسێك نەخۆشکەوت یان چووە سەفەر پاداشتی ئەو کردەوە چاکانەی بۆ دەنووسرێت کە لە کاتی نیشتەجێبوونیدا دەیکردن.

- (مَنْ سَأَلَ اللَّهَ الشَّهَادَةَ بِصِدْقٍ بَلَّغَهُ اللَّهُ مَنَازِلَ الشُّهَدَاءِ وَإِنْ مَاتَ عَلَى فِرَاشِهِ).[٣] واتە: هەر کەسێك ڕاستگۆیانە و پڕ بە دڵ داوای شەهید بوون بکات، خوای گەورە دەیگەیەنێتە پلە و ئاستی شەهیدان ئەگەر چی لەسەر پێخەفی خۆشی کۆچی دوایی بکات.

**٢- نییەت پاکی هۆکاری یەکریزی و کۆمەڵکاریی دەستەجەمعیە:**

کەسانی نییەتپاك کە بەردەوام لە هەوڵی پاڵفتەی دڵ و دەروون و (تەزکیە)ی خۆیاندان چڵك و چەپەڵیەکانی حەسادەت و خۆپەسەندی و لوتبەرزی و هەڕاڵی و بوغز و کینە و هاوشێوەکانیان لە دڵ و دەروونیان دەکەنەوە، کە هەمیشە لەبەر خاتری خوای گەورە دڵ گەورە و سینە فراوان و لێبوردەو بێ هەواو فیز و یارمەتی دەری خێرۆمەندن،

---

[١] بوخاری (٢٨٣٤).

[٢] ئەحمەد (٢٦٨/٤) داریمی (٢٨١٢)، حاکم (٣٤٨/١) و فەرموویەتی بە پێی مەرجەکانی بوخاری و موسلیم سەحیحە. ئیمامی ذەهەبیش فەرموویەتی: ڕاستە وایە.

[٣] موسلیم (١٩٠٩)،ئەبوو داوود (٢١/٣). نەسائی (٣٦،٣٧/٦)، ئیبنو ماجە (٣٧٩٧)، دارمی (٢٠٥/٢).

کەسایەتیەك کە ئەمانە سیفاتیان بن، ئەمە ڕەفتار و ڕەوشتی بێت هەمیشە مایەی ئەوەیە کە خەڵکی لێی کۆ ببنەوە، ئەم جۆرە کەسانە دەبنە داوو (گشتەك)ی ملوانکەو تەسبیح، بە هەبوونیان دانە مرواریەکان و دەنکە تەسبیحەکان کۆ دەبنەوەو پەرش و بڵاو ناکەونەوە.. ئەم کەسە نییەت پاکانە کە ئاوا بۆ خوا سوڵحاون خەڵکی حەز دەکات لە نزیکیان بن و لەبەر دڵ نەشکاندنی ئەم کەسە چاکانە ئەوانیش دڵی یەکتر ڕادەگرن و برایەتی نێوانیان دەپارێزن، بڕوانە چۆن خوای گەورە ئاماژە بەم حاڵەتە دەدات کە بەدڵی یاوەران بە ئیمانداریان ئەو هەموو دوژمنایەتی و دوبەرەکیەی نێوان تیرە و هۆزەکانی لادا، دەفەرموێت: (وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا) آل عمران/١٠٣ واتە بیر لەو نیعمەتەی خوای گەورە بکەنەوە و لە یادتان نەچێت کە ئێوە هەموو دوژمنی یەکتری بوون، بەڵام خوای گەورە دڵەکانتانی یەکخست و ڕیزەکانتانی ڕێکخست و بە نیعمەتی ئیسلامەکە هەموو بوون بە برای یەك.

هەروەها دەفەرموویت: (وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مَّا أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ) الأنفال/٦٣ واتە: خوای پەروەردگارە کە دڵەکانی یەکخستن، ئەگەر هەرچی سامان و موڵکی دنیا هەیە بتانخستایە کار نەتاندەتوانی دڵیان یەکخەیت بەڵام خوای گەورە ڕێکی خستن.

ئەم کەسە نییەت پاکە خوا وویستە کە ئاوا خەڵکی لێ کۆ دەبنەوە، بە لایەوە گرنگ نابێت ئەمیرە یان شوێنکەوتوو دەرکەوتووە یان پەنهان، لە پێشەوە دانراوە یان لە دواوە، ناوی هێنراوە یان نەهێنراوە، هەمووی بەلاوە وەك یەکە، چونکە ئەو ڕەفتار لەگەڵ خوای گەورەدا دەکات کە دەبینێت ئاودێر و چاودێریتی، ئەم مادام سووره لەسەر ڕەزامەندی خوای گەورە، هەموو کارە کانی لەبەر خاتری خوا دەکات.

**٣- نییەت پاکی و خواوویستیی هۆکاری چاکسازی و قوربانیدانە:**

کەسی نییەت پاك و خواوویست تەماعی لە ڕەزامەندی خوای خۆیدایە دڵنیایە کە هەر خوای پەروەردگار دەتوانێت پاداشتی هەوڵ و ڕەنج و بزاڤ و جیهادەکەی بداتەوە، ئەمە وای لێ دەکات سوور بێت لەسەر چاکی کارەکانی خۆی چاکی کاریش دوو مەرجی دەوێت:

١- الاخلاص: واتە تایبەت بۆ خوای گەورە ئەنجام درابێت و هیچ پشکێکی هەواو نەفس و ریابازی و خۆ نواندنی تێدا نەبێت.

٢- الصواب: واتە شەرعی بێت و پێچەوانەی سیرە و سوننەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەبێت. ئەم دوو مەرجە هەر داخوازیەکانی دوو برگەی شایەتمانەکەن (أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) (أَشْهَدُ أَنَّ محمدا رَسُولُ اللَّهِ) ئەم کەسە نییەت پاکە بەردەوام -لەم ڕوانگەوە- هەوڵ دەدات کارەکەی پاك و پوخت و ڕاست و دروست بێت، بۆیە هەموو ڕەنجێکی بۆ دەخاتە کارو هەموو ووزەیەکی بۆ دەخاتە گەڕ، بە هیوای پاداشتی زۆری خوای گەورە هیچ توانا و ووزەیەك پەك ناخات و تەمبەڵی نانوێنێت.

ئەم نییەت پاکە چالاکە بەردەوام دەڕوانێتە ڕەنجی پێغەمبەران و نێراوانی خوای گەورە عَلَيهِمُ السَّلَام، وە بزاوت و هەڵوێستی پیاو چاکان، کە هەرچی هەیان بووە لە پێناوی خوای گەورەدا بۆ سەرخستنی دینەکەیان سەرف دەکرد هەوڵیان دەدا بە باشترین و جوانترین شێوە ئەو ئەرکانە ڕاپەڕێنن کە دین و دینداریتی دەیانخواست لێیان، هیچ مەبەستێکی دنیایی نەدەبووە هاندەریان نە سەرەکی و نە ئیزافی.. تاکە پاڵنەر خۆشەویستی خوای گەورە و شەیدا بوونی دینەکەیی و ڕەزامەندی ئەو بوو بەس، دوای ئەوە پلە و ئاستەکانی بەهەشت.

**٤- نییەت پاك و خواوویست شیاوی هەڵگرتنی ئەمانەتەكەی خوای گەورەیە:**

كەسی نییەتپاک شایستەو شیاوە بۆ ئەوەی بانگەوازی خوای گەورەی بخرێتە ئەستۆ. چونكە لە هێزی ڕاكێشانەكانی حەزی دونیایی خۆی دەرچووە، بەرژەوەندی و دنیاخوازی كاریگەریان لەسەری نەماوە.. ئەم خوا وویستە چاك و پاكە بە تەواوی بۆ خوا لێ بڕاوە، نە لەڕواڵەتیدا و نە بە پەنهانێتیدا هەست بە مەبەستێكی تری شاراوەیان دیاری تر ناكرێت، نە لە ناخیدا غەیری خواوویستیی هەیە نە لە سیما و سیفات و ڕەفتاریدا دەبینرێت. ئیبنوئەبی داوود لە حەممادەوە بە سەنەدەوە بە مەرفووعی گێڕایەوە: (أَنَّ رَجُلا مِنَ الأَعْرَابِ جَاءَ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَآمَنَ بِهِ وَاتَّبَعَهُ، وَقَالَ : أُهَاجِرُ مَعَكَ فَأَوْصَى بِهِ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَعْضَ أَصْحَابِهِ، فَلَمَّا كَانَتْ غَزْوَةٌ غَنِمَ فِيهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَشْيَاءَ، فَقَسَمَ وَقَسَمَ لَهُ، فَأَعْطَى أَصْحَابَهُ مَا قَسَمَ لَهُ وَكَانَ يَرَى ظَهْرَهُمْ، فَلَمَّا جَاءَ دَفَعُوهُ إِلَيْهِ، فَقَالَ : مَا هَذَا ؟ قَالُوا : قِسْمٌ قَسَمَهُ لَكَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَأَخَذَهُ فَجَاءَ بِهِ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَ : يَا محمد مَا هَذَا ؟ قَالَ : قَسَمْتُهُ لَكَ، قَالَ : مَا عَلَى هَذَا اتَّبَعْتُكَ، وَلَكِنِّي اتَّبَعْتُكَ أَنْ أُرْمَى هَاهُنَا وَأَشَارَ إِلَى حَلْقِهِ بِسَهْمٍ فَأَمُوتَ وَأَدْخُلَ الْجَنَّةَ، فَقَالَ : إِنْ تَصْدُقِ اللَّهَ يَصْدُقْكَ، فَلَبِثُوا قَلِيلا ثُمَّ نَهَضُوا إِلَى الْعَدُوِّ، فَأُتِيَ بِهِ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُحْمَلُ قَدْ أَصَابَهُ سَهْمٌ حَيْثُ أَشَارَ، فَقَالَ النَّبِيُّ : أَهُوَ هُوَ ؟ قَالُوا : نَعَمْ، قَالَ : صَدَقَ اللَّهَ فَصَدَقَهُ، وَكَفَّنَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي جُبَّةِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ثُمَّ قَدَّمَهُ فَصَلَّى عَلَيْهِ، فَكَانَ مِمَّا ظَهَرَ مِنْ صَلاتِهِ عَلَيْهِ : اللَّهُمَّ إِنَّ هَذَا عَبْدُكَ خَرَجَ مُهَاجِرًا فِي سَبِيلِكَ، فَقُتِلَ شَهِيدًا أَنَا شَهِيدٌ عَلَيْهِ)[١] واتە كابرایەكی ئەعرابی هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانبوو و شوێن پێغەمبەری خوا

[١] نەسائی (١٩٣٧)، بەیهیقی (٦٣٠٢)، عبدالرزاق لە (المصنف/٦٤٨٢). ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح الترغیب والترهیب/١٣٣٦)دا دەفەرموێ سەحیحە.

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کەوت. حەرزی کرد دەمەوێت لە خزمەتدا هیجرەت بکەم. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دایە دەست یاوەرێکی تا ئاگای لێی بێت و بە خەمیەوە بێت. کاتی غەزایەک کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەسکەوتەکانی جەنگی لە جەنگاوەرانی بەش دەکرد، پشکی ئەویشی داناو بۆی نارد. چونکە لە جەنگەکەدا بەشداربوو، لە پشتیانەوە پاسەوانی لێدەکردن. کە هاتنە لای و پشکە دەسکەوتەکەیان دایێ. پرسی: ئەمە چییە؟ ووتیان پشکی خۆتەو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆی داناویت. کابرا پشکە دەسکەوتەکەی هەڵگرت و هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. عەرزی کرد: ئەمە چییە؟ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: پشکە دەسکەوتی خۆتەو بۆم داناویت. عەرزی کرد من بۆ ئەمە شوێنت نەکەوتووم. بۆ ئەوە شوێنت کەوتووم تا ئا لێرەم بدرێت و پێی بمرم و بچمە بەهەشتەوە. بە تیرێکیش ئاماژەی بۆ گەردنی کرد. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەگەر راستکات خوای گەورەش راستی دێنێتەڕێ. پاش ماوەیەک هەستانەوە بۆ جەنگ. چەند کەسێک جەنازەکەییان هەڵگرتبوو، هێنایانە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. کە دیاربوو تیرێک لەو شوێنەی دابوو کە ئاماژەی بۆ کردبوو. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: بە راستی ئەمە ئەوە؟ خۆیەتی؟ عەرزیان کرد: بەڵێ ئەرێ وەڵا خۆیەتی. ئینجا فەرمووی: وەل خوای خۆیدا راستی کرد، خوای گەورەش راست و دروست رەفتاری وەلدا کردەوە. ئیتر پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جبەکەی خۆی بۆ کرد بە کفن و خستیە پێش خۆی و نوێژی جەنازەی لەسەرکرد. لەوەی کە گوێیان لێبوو لە نوێژەکەیدا دەربارەی فەرمووی، ئەوەبوو کە: خوایە ئەمە عەبدەکەتە کە لەبەرخاتری خۆت هیجرەتی کرد، ئەوەتا بە شەهیدیی کوژراوە، خوایە من شاهیدی بۆ دەدەم کە وابوو..

كاتێك موسوڵمانان شاری مەدائینیان گرت دەستكەوتەكانیان لە بەردەستی فەرماندەكەیاندا كۆ كردەوە، هەر كەسێك شتێكی دەستكەوتبوو دەیهێنایە ئەوێ، دیتیان كابرایەك زێر و خشڵێكی زۆر و شتی گرانبەهای هێنا و خستیە سەر شتەكان، وووتیان: ئەمانەت لە كوێ بوو؟ خۆ ئێمە شتی وەهامان دەست نەكەوت، ئایا ئەمە هەمووی ئەوەیە كە دەستت كەوتووە یان لێت هەڵگرتووە بۆ خۆت؟ وووتی: سوێند بەخوا، لەبەر خاتری خوای گەورە نەبوایە هیچم بۆ نەدەهێنان من تەماعم تێدا نییە، زانیان ئەمە كەسێكە حەتمەن خاوەن دید و هەڵوێستە، وووتیان ناوت چیە؟ وووتی پێتان ناڵێم نامەوێت بڵێن ئەوە فلانە كەس ئەوەندە زێر و شتی گرانبەهای دەستكەوتو هێنای مەدحم بكەن، بە كەس ناڵێم كە من كێم تا نەشڵێن دەبوایە پشكی خۆی لێ هەڵگرتایە، بەڵام تەماعم لە ڕەزامەندی خوای گەورەدایە و بەس، سوپاس بۆ خوا تەنها چاوەڕوانی پاداشتی ئەوم، كە ڕۆشت كەسێكیان بە دوایدا نارد تا سۆراغی بكات، كە گەیشتەوە لای هاوڕێكانی دەربارەی ئەو لێیانی پرسی، زانی كە ئەمە عامری كوڕی عەبدی قەیسە.[١]

**٥- نییەت پاك و خواوویست بە سینە فراوانییەوە ڕەخنە قبوڵ دەكات:**

نییەت پاك كە مەبەستی سەرەتا و كۆتایی ڕەزامەندی خوای پەروەردگارە خەمی ڕەخنە لێ گرتنی نییە، چونكە ئەگەر ڕەخنەكە لە جێی خۆیدا بێت و ڕاست بێت ئەم پێی شتێكی چاكە و هەوڵ دەدات خۆی ڕاست بكاتەوە، بە پێچەوانەی خەڵكی تریشەوە ئەم حەز دەكات كە هەڵەكانی خۆی پێ نیشان بدرێت، چونكە پێی وایە ڕێنمایی كردنێتی بۆ ڕاستە ڕێگا و نیشاندانی پارسەنگێتی.

[١] طەبەری: تاریخ الامم والملوك (٦/٤) لە ماموستا ئەبولحەسەنی نەدەویەوە وەرگیراوە لەكتێبی (ماذا خسر العالم بانحطاط مسلمین ل (١٠٣).

عوینەی کوری (حصن) و ئەقرەعی کوڕی حابس هاتنە خزمەتی سەیدنا ئەبوبەکری صدیق خوا لێی ڕازی بێت، کە خەلیفە بوو عەرزیان کرد: ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئێمە لە نزیك پارچە زەویەکەوە دەژین کە خاکەکەی لمینە و گیای ئەوەندە لێ ناڕوێت کە بەشی ماڵاتەکانمان بکات، ئەگەر پێت چاکە بیکە بە موڵکی خۆمان، ئێمەش هەڵی دەگرینەوە و دەیکەینە موڵکی خۆمان و (دەیکێڵین) و گیای لێ دەڕوێنین، بەڵکو خوای گەورە بە پیتی بکات، سەیدنا ئەبوبەکر ڕووی کردە مەجلیسەکە و ئامادە بووان و فەرمووی ڕاتان چییە؟ عەرزیان کرد، مادام خاکەکە خۆی لمینە و سوودی نییە وای دەبینین بیاندەیتێ و بیکێڵن، بەڵکو خوای گەورە سوود مەندی بکات بۆیان، ئیتر بڕیاریاندا بیاندرێتێ، نامەیەکی وەکو (وەسیقە) بۆ نوسین و پێشی فەرموون بیبەنە لای عومەری کوڕی خەتتاب، با ئەگەر ئەویش ڕازی بوو (ئیمزای) بکات بۆتان - نامەکەیان هەڵگرت و بردیانە لای عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت کە لەو کاتە خەریکی شوشتنی حوشترێك بوو، عەرزیان کرد کە ئەبو بەکر ئەم نامەیەی بۆ نوسیوین تا ببینە خاوەنی ئەو پارچە زەوییە لمینەی تەنیشت زەویەکانی خۆمان عەرزیان کرد کە ئەگەر حەز دەکەیت نامەکەت بۆ دەخوێنینەوە یان صەبر بگرین تا لە کارەکەت تەواو دەبیت و خۆت بیخوێنیتەوە، فەرمووی: ئەوە دەست و پلمە دەیبینن کە چۆنە، خۆتان بۆم بخوێننەوە کە بۆیان خوێندەوە زۆر توڕە بوو، لێی وەرگرتن و بە تف سڕیەوە، ئەوانیش زۆر توڕە بوون قسەی ناشیرینیان کرد، سەیدنا عومەر فەرمووی: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە کاتی خۆی بۆیە زەکاتی دەدانێ و دڵنەوایی دەکردن چونکە ئەو کاتە ئیسلام بێ دەسەڵات بوو، ئێستا خوای گەورە ئیسلامی بەهێز کردووە، بڕۆن ڕەنجی خۆتان بدەن، خوا بەرەکەت نەخاتە خاکەکەوە ئەگەر بدرێت پێتان.. ئیتر بەزویریەوە گەڕانەوە خزمەت ئیمامی ئەبوبەکر و عەرزیان کرد: بەخوا نازانین تۆ

خەلیفەی یان عومەر؟ فەرمووی: ئەو خەلیفە دەبوو ئەگەر ڕازی بووایە، لەو کاتەشدا سەیدنا عومەریش هات، زۆر توڕە بوو گەیشتە لای سەیدنا ئەبوبەکر و عەرزی کرد: پێم بڵێ ئایا ئەو زەویەی بەخشیوتە بەم دووانە، زەویەکە موڵکی خۆتە، یان موڵکی گشتی موسوڵمانان؟ سەیدنا ئەبوبەکر فەرمووی: هی موڵکی گشتی موسوڵمانانە. فەرمووی: ئەدی بۆچی بێ پرسی موسوڵمانان داوتە بەوان؟ فەرمووی: ڕاوێژم بەوانە کرد کە لە دەورووبەرم بوون، ئەوان پێیان چاك بوو کە بیاندەمێ، سەیدنا عمر فەرمووی: ئەگەر ڕاوێژت بەوان کردووە بۆچی ڕاوێژ کردنەکەت هەموو موسوڵمانانی نەگرتۆتەوە؟ سەیدنا ئەبوبەکر فەرمووی: پێشتر پێم ووتی: تۆ بەهێزتریت لە من (تاببیتە خەلیفە) بەڵام هەر ڕای خۆتت زاڵ کردو نەتکرد؟.[١]

**٦- نییەت پاكی و خواوویستیی عەیب و عار دادەپۆشێت:**

کەسانی نییەت پاك و خواویست و سەر ڕاست، کە هەر وەکو مرۆڤی تر هەڵە و کەمو کوڕییان لێ دەردەکەوێت، بەڵام مادام بە ئەنقەست نەبوبێت و بە ئاشکراو یاخی بوونی پێوە دیار نەبوبێت، خوای پەروەردگار لە فەزڵ و بەزەیی خۆیەوە بۆ موسوڵمانێتیە سەر ڕاستیەکەی هەڵە و کەم و کورتیەکەی بۆ دادەپۆشێت و فەزحی ناکات، تەنانەت خەڵکیش بۆی دەپۆشن، ئەگەر دوژمن و ناحەز و بەدکارانیش ویستیان کەسایەتی لەکەدار بکەن بەسەدان کەسانی تر لە بەرامبەر ئەماندا بۆی دەپۆشن و بەرگری لێ دەکەن، ئەمما ئەو کەسانەی ریابازو خۆدەرخەرن خوای گەورە تاوانەکانیان بۆ ناپۆشێت. وعەتمەن فەزح دەبن.

---

[١] ابن جوزی: تاریخ عمر بن الخطاب (ل٤٣-٤٤) / شیخ علی طنطاوی: اخبار عمر (ل ٣٣٩-٣٤٠) وەرگیراوە.

**٧- نییەتپاکیی و خواوویستیی وا دەکات دابوونەریتیش بۆت ببێتە مایەی پاداشت:**

موسوڵمانی خواوویست کە هەموو شتێکی لەبەر خاتری خوای گەورە دەکات، کە نییەتی ئاوەها بۆ خوای گەورە پاك دەبێتەوە، ئیتر خوای گەورە هەموو ڕەفتار و عادەتێکیشی بە چاکە بۆ هەژمار دەکات و پاداشتی لەسەر وەردەگرێتەوە.

ڕەفتاری باوکانەی لەگەڵ منداڵیدا، ڕەفتاری خۆشەویستییانەی لەگەڵ هاوسەریدا، دابوونەریتی میوانداریی و دواندن و عادەتی ڕۆژانەی. تەنانەت چوونە لای هاوسەری خۆشی _هەرچەندە بۆ حەز و چێژی خۆشی بێت_ بەخێر بۆی دەنوسرێت.

- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (وَفِي بِضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ. قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيَأْتِي أَحَدُنَا شَهْوَتَهُ يَكُونُ لَهُ فِيهَا أَجْرٌ؟ قَالَ: أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فِي الْحَرَامِ أَكَانَ عَلَيْهِ فِيهَا وِزْرٌ؟ فَكَذَلِكَ إِذَا وَضَعَهَا فِي الْحَلالِ كَانَ لَهُ فِيهَا أَجْرٌ).[1] واتە: لە جیماع کردنەکەشتاندا خێرتان دەستدەکەوێت. عەرزیان کرد کە بۆ چێژی خۆشمان جیماع دەکەین هەر پاداشتمان بۆ دەنوسرێت؟ فەرمووی: ئەگەر چێژەکەی بە حەرامی بکات گوناهبار دەبێت یان نا؟ عەرزیان کرد: بەڵێ گوناهبار دەبێت، فەرمووی: ئێ لە حەڵاڵەکەدا توشی پاداشت دەبێت چونکە چاکەیە.

**٨- نییەت پاکی مایەی سەرفرازی و ڕووسووری لای خوای گەورە و پاداشتەکانێتی:**

خواوویستیی و نییەت پاکی مایەی دەستخستنی ڕەزامەندی خوای گەورەیە، هۆکاری ڕزگار بوونە لە غەزەبی (لە سزای) هۆکاری سەرفرازی و دەستکەوتنی پاداشتەکانێتی

---

[1] موسلم (١٠٠٦)، ئەبو داوود (١٢٨٥).

(بەهەشت و بەهەرەكانێتی) باكردەوەشی كەم بێت، بەڵام بە پوختی و پاكی بۆ خوای تاك و پاك كرابێت بەسە، خوای گەورە زۆری و بۆری ناوێت، كەم بێت بەڵام پاك و پوخت بێت، بۆیە هەمیشە تەئكید لە (ئیمان) و (عمل)ی ساڵح دەكاتەوە پێكەوە، (عمل) گرنگە كە ساڵح بێت خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَن يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَا يَخَافُ ظُلْمًا وَلَا هَضْمًا) طه/١١٢ واتە: هەر كەسێك ئیماندار بێت و كردەوەی چاكە بكات حەتمەن ئەوەندە لە ئەماندا دەبێت كە نەترسێت لەوەی كە چاكەیەكی لە دەست چووبێت یان خراپەیەكی زیاد لەسەر نوسرابێت.

- ئەبوو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە فەرمووی: (أَنَّ رَجُلا زَارَ أَخًا لَهُ فِي قَرْيَةٍ، فَأَرْصَدَ اللَّهُ عَلَى مَدْرَجَتِهِ مَلَكًا، فَقَالَ: أَيْنَ تُرِيدُ؟ فَقَالَ: أُرِيدُ أَخًا لِي فِي هَذِهِ الْقَرْيَةِ. فَقَالَ: هَلْ لَهُ عَلَيْكَ مِنْ نِعْمَةٍ تَرُبُّهَا؟ قَالَ: لا، إلا أَنِّي أُحِبُّهُ فِي اللَّهِ. قَالَ: إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكَ بِأَنَّ اللَّهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَحَبَّكَ كَمَا أَحْبَبْتَهُ).[١] واتە: كابرایەك بەرەو گوندێكی تر كەوتە رێ بەو هیوایەی سەردانی برایەكی (دینی) خۆی بكات، خوای گەورە فریشتەیەكی ناردە سەر رێگاكەی، كە كابرا گەیشتێ فریشتەكە پرسی: بۆ كوێ دەچیت؟ ووتی دەمەوێ بچمە ئەو گووندە برایەكی دینی خۆمی لێیە و سەردانی دەكەم، فریشتەكە پرسی: حساباتێكی دنیایی لە نێوانتاندا هەیە تا داوای لێ بكەیت؟ كابرا ووتی: نەخێر، تەنها لەبەر خاتری خوای گەورە دەچم بۆ سەردانی و خۆشم دەوێت، ئینجا فریشتەكە فەرمووی: دەی من نێرراوی خوام و مژدەی ئەوەت دەدەمێ كە خوای گەورە تۆی خۆش دەوێت هەروەك چۆن تۆ ئەو برایەت خۆش دەوێت لەبەر خاتری ئەو.

[١] موسلیم (٢٥٦٧)، ئەحمەد (٢/٤٠٨).

## سێهەم: ئەو پەند و ئامۆژگاریانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت

**١- هەوڵدانی بەردەوام بۆ نییەت پاکی هۆش لێ بوونی خوا وویستی:** ڕێنەدان بە هەواو نەفس و ریابازی و بەرژەوەندی دنیایی خۆی بخزێنێتە نێو مەبەست و نیازیەوە تا موسوڵمان بە پاکی و سەر ڕاستانە هەموو نییەت و ڕەفتارو گوفتارێکی کردار و بڕیارێکی کردن و نەکردنی لەبەر خاتری خوای گەورە بێت و بەس.

ئەو هوکارانەی کە یارمەتی دەرت دەبێت لەسەر ئەم بەئاگایی و هۆشداریە:

أ- هەمیشە هۆشت لای ئەو پارسەنگیە بێت کە ئەگەر نییەتت بۆ خوا بوو سەرکەوتن و سەرفرازیی پێوە دەبێت، ئەگەر ڕیابازی و بەرژەوەندی دنیایی و شیرك خۆی بخزێنێتە نییەتتەوە ئەوا بە تەئکید دەبێتە مایەی فەزح بوون و زەرەر مەندی.. چونکە خوای گەورە ڕێگە نادات کەسێك موسڵمانێتی ڕاگەیاند بێت و هەر لەسەر دید و هەستی جاهیلی مابێت.

ب- هۆشیار بوون و بەراورد کردنی بەرهەمەکانی نییەت پاکی و زیانەکانی دەرچەی ڕیابازی و نییەت پیسی هەروەها چارەنووسی نییەت پاکی و نییەت پیسی وە ئەو زیانانەی کە لە دووەمیانەوە پەیدا دەبێت، ئەم بەراورد کردنە ئەگەر بەردەوام بوو موسوڵمان فەرامۆشی نەکرد خوای گەورەش بۆ پیاوی ژیر و دیندار زۆر سوود بەخش دەبێت، چونکە زۆر زوو زوو بە نییەتیدا دەچێتەوە و ڕاستی دەکاتەوە و ناهێڵێت شەیتان و نەفس زۆری بۆ بهێنن.

ج- بەردەوام بوون لەسەر نوێژ و ڕۆژ و زەکات و حەج و جیهاد و زیکر و قورئان خوێندن و دوعا و پاڕانەوەو ڕووکردنە خواو داوای لێ خۆش بوونی بەردەوام لێی، هەروەها بیرکردنەوە و تێفکرین لە گەردوون و ژیان و مەخلوقات، هەروەها ئەنجامدانی کردەوەی چاك و بەردەوام و ئامۆژگاری و بانگەواز کردن و لە خۆ پرسینەوەی بەردەوام و کە بۆچی

وات کرد بۆچی وات ووت یان بۆچی وات نەکرد؟ ئەمانە هەموو یارمەتی دەر دەبن کە موسوڵمان هەمیشە هۆش و بیری لای پاکی نییەتی بێت و بەردەوام یادی خوای گەورە لە هەست و بیریدا بێت.

د- دیراسە کردن و بە دوادا چوونی سیرەی سەلەف  لە یاوەران و پیاو چاکانی هەموو سەردەمەکان  سەرنج دانە ڕادەی پابەندی یاوەران و پیاو چاکانی پێشین پابەند و سەر ڕاستی و دیندار و جدێتیان و بۆ خوا ساغ بوونەوەیان، هەموو ئەمانە وادەکەن کە موسوڵمان خۆی پێ پەسەند نەبێت هەر هەوڵ بدات کە ئاستی دینداریتی خۆی زیاتر بەرز بکاتەوە نەهێڵێت نەفسی وەهای لێ بکات لە خۆی ڕازی بێت، هەرچی چاکەیە کە تۆ کردووتە ئایا بەراوود دەکرێت لەگەڵ ڕەنجی یاوەرێکی بەرێزدا یان تابعێکی دوای ئەواندا یان یەکێك لە پیاو چاکانی ئەم ئوممەتە پڕ بەرەکەتە کە تۆی تێدایت؟ کەوابوو دەبێت هەوڵ بدەین وەکو ئەوان بین لانی کەم خۆ بەوان بچوێنین وەکو کابرای شاعیر دەڵێ:

فَتَشَبَّهوا إِن لَم تَكُونوا مِثلَهُم      إِنَّ التَّشَبُّهَ بِالصَّالِحِينَ فَلاحُ[1]

هـ- گەڕان لە دووی خواوویستان و دۆزینەوەی پیاو چاکان خۆ نزیك کردنەوە لێیان. عادەتەن ئەوانەی کە بۆ خوا لێبڕاون زۆر دەرناکەون، زۆر پەیوەندی نابەستن، زۆر قسە ناکەن، حەزیان لە ناسین و ناوبانگی خۆیان نییە، کە یەکێکی وەهات دەستکەوت دەستی پێوە بگرە و هاتوو چۆی بکە و لێی دانەبڕێیت، چونکە ئامۆژگاریەکانی لەبەر خاتری خوای گەورەیە و ڕاستگۆیانەیە و دڵسۆزانەیە.

---

واتە: خۆتان بەوان بچوێنن (بشوبهێنن) مادام وەکو ئەوانتان پێ ناکرێت، خۆچواندن بە پیاو چاکان سەرفرازیە [1]

و- بیرخستنەوەی یەکتر: ئەمە زۆر گرنگە، چونکە موسوڵمان بە براکانی تری بەهێزتر دەبێت، سروشتی ڕۆحیش وەهایە لە خۆی ڕازی دەبێت، یان دەڵێ دواتر دەیکەم یان سستی تێدا دەکات، تا بە یەکجاری بیری دەچێتەوە! بیرخستنەوەی یەکتری ئامۆژگاری خوای گەورەیە بۆ بەندەکانی کەدەفەرموێت: (وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَىٰ تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ) الذاريات/٥٥ واتە: یادەوەری بکە و بیر بخەرەوە، چونکە بیرخستنەوە سوودی بۆ موسوڵمانان تێدایە، هەروەها دەفەرموێت: (فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ الذِّكْرَىٰ) الاعلى/٩ واتە: بیر بخەرەوە چونکە بیرخستنەوە سوودی دەبێت.

ز- گرتنە گوێی ئامۆژگاری پیاو چاکان و دیندارانی بە ئەزموون و داعیانی شارەزا و پەروەردەکارانی پشوو درێژ، ئەمانە کە خۆیان دەیان ئەزموونیان دیوەو ئەو قۆناغەی تۆیان بڕیوە حەتمەن کە ئامۆژگاریت دەکەن لە شارەزایی و هەستی بەرپرسێتی قیامەتیانەوەیە، تۆش سوودی چاك لە ئامۆژگاریەکانیان دەکەیت بە دڵنیایەوە.

**٢- بەردەوام لە هیجرەتدا بە بەرەو خوای پەروەردگار:** بە دوور کەوتنەوەت لە گوناه و تاوان با گچکەش بن خوای گەورە دەفەرموێت: (وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ) المدثر/٥ واتە: گوناه و کەسافەت کاری وەل کە، خۆیان لێ دەرباز کە، ئەمەش هیجرەتێکی بەردەوامە، لەملاوە گوناه جێ دەهێڵێت و لەو لاشەوە دەڕۆیت بەرەو لای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە زیاتر پابەند بوون و دیندارێتی و هەستی بەرپرسێتی دنیا و قیامەت لە دینەکە، هیجرەت بەرەو خوای گەورە مانای زۆر قوڵ و بەرفراوانی هەیە، چونکە هەموو بوارەکانی ژیان کێڵگەی بەرهەم هێنانن، خۆ لە گوناه دەگریتەوە و چاکەی زیاتر ئەنجام دەدەیت، سستی و تەمبەڵی دەخەیتە لاوە و چوست و چالاکتر دەبیت، لە ترسنۆکی و بەزین و ڕوخانەوە بەرەو ئازایەتی و دلێر و وورە بەرزی پێ هەڵدەگەڕێیت، لە ڕەووشتە

بەدەكانەوە بەرەو ڕەوشتە بەرزكان. بە گشتی هیجرەت بەرەو خوای پەروەردگار یەعنی لادان و ڕادانی هەموو بەربەستێك كەوا لەسەر ڕێی خۆشەویستی خوای گەورەدا دێتە ڕێت لەولاشەوە هۆگر بوون بە پەرستشەكان و شەیدایی دینداریێتی ئەوینی دیدار و پەرۆشی ڕازی بوونی خوای گەورە لە دڵدا شیرین تر دەبێت.

هەر كەسێك باری گوناه لە خۆی بكاتەوە ئاسان مەنزڵگاكانی گەیشتن بە خواوویستیی و خۆشەویستی خوای گەورە دەبڕێت.

**٣- بە حەزەر بوون لە دنیا وویستی:** لە حەز و هۆشچون بۆ دنیا بە تایبەتی بۆ ئافرەتی موسوڵمانی دیندار هەرچەندە بە حەز بێت ئافرەت بێت و نەكەوێتە حەرامەوە لەگەڵیدا كەمە، چونكە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (مَا تركْتُ بعْدِي فِتْنَةً هِي أَضَرُّ عَلَى الرِّجالِ: مِنَ النِّسَاءِ).[١] واتە: هیچ شتێكم جێ نەهێشتوە زیانی زۆرتر بێت بۆ پیاوان وەك لە ژنان، هەروەها هۆگر بوونی ئاڵ و واڵای دنیا خۆش ویستن و هەوڵدانی زیاد لە پێویست، چونكە دنیا خۆی هۆكاری ڕاكێشان و غرور بوون و فریوخواردنی تێدایە خوای گەورە دەفەرموێت: (فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ) لقمان/٣٣ واتە: نەكا ژیانی دنیا فریوتان بدات یان شەیتان هەڵتان خەڵەتێنێت، لە دینی خوای گەورە دورتان بخاتەوە.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (فَمَن كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى الله وَرَسُولِهِ، فَهِجْرَتُهُ إِلَى الله وَرَسُولِهِ، وَمَن كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا أَوْ امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا، فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إليه).

---

[١] بوخاری (٥٠٩٦)، موسلیم (٢٧٤٠).

**٤- هەوڵدان بۆگەیاندنی بانگەوازی خواوویستیی بە هەموو خەڵکی:** بە ئاسانترین ڕێگا و ڕۆشنترین شێواز و ووشەی هەڵبژێراو ئادابی بەرزی ئاخاوتن و بە کورتی، چونکە قسەی کورت هەڵبژاردەیە لەکات و شوێنی خۆیدا کاریگەرتر لە ڕاڤەی زۆر، کە زیاتر مەشغوڵت دەکات و زەین و فکرت بە زۆر لا دا دەبات، نابینیت چۆن فەرموودەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە چەند ووشەی کورت و پوخت و پر واتا تێناپەڕێن، هەندێکیشیان چەند ووشەیەکن بە قەدەر پەنجەکانی دەستن کاریگەریشیان چەند زۆرە، چونکە ئاسان مەبەستەکە ڕۆشن دەکاتەوە.

**٥- خۆ ڕاگرتن لەسەرڕێ و پشوو درێژیی:** لەگەڵ کێ بڕکێی شەرعیانە لەسەر کاری خێر و چاکەو چاکە سازیی موسوڵمانی نییەت پاك و خواوویست کە دەزانێت ئەنجامی کار بەنییەتیەوە پابەندە تەنها خوای گەورەش دەزانێت کە کێ نییەت پاکە و کێ نیازی ڕیا بازی و شیرکە، موسوڵمان کە دڵنیایە لەوەی کە خوای گەورە خۆی پاداشتی خەڵکی دەداتەوە مسقاڵە زەرەیەك ستەم لە کەس ناکرێت هەموو کەس بەحەقی خۆی لەگەڵدا دەکرێت، هەوڵ دەدات کە هەمیشە نییەت پاك و دینداریتیەکی ڕاست بۆ خوای گەورە ئەنجام بدات، بە ئومێدی پاداشتی کارو چاکەکانییەوە دەبێت، ئەمەش وای لێ دەکات بە دینداریتیەکەی خۆشحاڵ بێت زیاتر پابەند بێت و رەنجی زیاتر بدات، تا تای خێر و چاکەکانی قورستر ببن لە قیامەتدا.

(ئێمەش هەر بە ئومێدی خوای گەورە نییەتمان بۆ خوا پاك بکاتەوە... امین)

## فەرموودەی دووەم

الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَي اللَّهِ

مِنَ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ

وَفِي كُلٍّ خَيْرٌ

احْرِصْ عَلَي مَا يَنْفَعُكَ وَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ وَلَا تَعْجَزْ

وَإِنْ أَصَابَكَ شَيْءٌ فَلَا تَقُلْ لَوْ أَنِّي فَعَلْتُ كَانَ كَذَا وَكَذَا

وَلَكِنْ قُلْ قَدَرُ اللَّهِ وَمَا شَاءَ فَعَلَ

فَإِنَّ لَوْ تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطَانِ.

## فەرموودەی دووەم

# موسوڵمانی بەهێز

# باشترو خۆشەویستترە لای خوای گەورە لە موسوڵمانی لاواز

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَي اللَّهِ مِنْ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ وَفِي كُلٍّ خَيْرٌ احْرِصْ عَلَي مَا يَنْفَعُكَ وَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ وَلَا تَعْجَزْ وَإِنْ أَصَابَكَ شَيْءٌ فَلَا تَقُلْ لَوْ أَنِّي فَعَلْتُ كَانَ كَذَا وَكَذَا وَلَكِنْ قُلْ قَدَرُ اللَّهِ وَمَا شَاءَ فَعَلَ فَإِنَّ لَوْ تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطَانِ).[١]

## کوردیەکەی

ئەبهورەیرە خوا لێی رازی بێت غێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: موسوڵمانی بەهێز باشترو خۆشەویستترە لای خوای گەورە لە موسوڵمانی لاواز، خێر لە هەردوکیاندا هەر هەیە. سووربە لەسەر هەرچی شتێك کە سوودت پێدەگەیەنێت. داوای یارمەتی لە خوای گەورە بکەو پشتی پێببەستە. مات و مەلول رامەوەستە و بڵێی ناکرێت! ئەگەر بەڵایەکیشت لێ بەسەر هات مەڵێ: ئای ئەگەر وامبکردایەو وامنەکردایە. بڵێ قەدەری خوای گەورە وا بوو، ئەوەی کە خوای گەورەش دەیویست ئەو هاتە دیی..چونکە وتنی (ئەگەر) دەروازەی کاری شەیتان دەکاتەوە.

---

[١] مُسْلِم (٢٦٦٤) ،ئیبن و ماجة (٧٩) ، ئەحمەد(٣٧٠).

## راویەکەی

سەیدنا ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت ناوی عبدالرحمن کوڕی سەخرە، لە نەفامیدا ناوی (عبد الشمس) بووە. پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەم ناوەی گۆڕی و کردی بە عبدالرحمن.

- لە یەمەن لەدایك بووەو لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا موسوڵمان بووە.

- فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرانی تری وەکو سەیدنا عومەرو ئەوانی تر وەرگرتووە.

- جەماوەرێکی زۆر لە ئەسحاب و تابعین کە لە (٨٠٠ کەس) زیاتربوون فەرموودەیان لێوە ریوایەت کردووە.

- موسنەدی[١] سەیدنا ئەبو هورەیرە گەیشتۆتە (٥٣٢٦ فەرموودە). کە ئیمامی بوخاری و موسلیم پێکەوە (٣٢٦ فەرموودە) یان لێوە ریوایەت کردووە، هەم بە جیا: ئیمامی بوخاری (٩٣ فەرموودە) و ئیمامی موسلیم (٩٨ فەرموودە).

- لەبەر زۆری ریوایەتی فەرموودە هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ناحەزان تەم و مژی گومانیان بۆ ریوایەتەکانی سەیدنا ئەبوهورەیرە دروست کردووە، بە تایبەتی شیعەی رافیزە، تا رووی پاکی ئەبو هورەیرە لە کەدار بکرێت.. کە گوایە تەمەنی یاوەرێتی کەم بووە چۆن ئەو هەموو فەرموودەیەی بیستووەو گێڕاوێتیەوە.. سەیدنا ئەبوهورەیرە دەفەرموێ: (برایانی کۆچکەرم سەرگەرمی مامەڵەی بازاڕ بوون، برایانی پشتیوانم سەرگەرمی ماڵ و دارایی

---

[١] ئەو کتێبانەی فەرموودەن کە لە رێگای یاوەرێکەوە ریوایەت کراوە. وەکو موسنەدی چوار خولەفای راشیدین، موسنەدی عائیشە خوا لێیان رازی بێت.. یاوەری تریش هەن کە موسنەدیان هەیە..

خۆیان بوون، بەڵام من هەژارێکی پەنا دیواری مزگەوت بووم و یەکێکی ئەهلی سوففە بووم..[١] کاتێك ئەوان لەوێ نەبوون من لە خزمەتی ڕابەرەکەمدا دەبووم و ئەوان شتیان لە یاد دەچوو من لە مێشکمدا تۆمارم دەکرد. سوێندم بە خوا ئەگەر لەبەر ئەو ئایەتە نەبوایە هیچ فەرموودەیەکم بۆ نەدەگێڕانەوە کە دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى) البقرة/١٥٩ ڕۆژێکیان خۆشەویستم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (هەر کام لە ئێوە با پارچە پۆشاکێکی لەبەر دەستمدا ڕاخات، تا قسەکانم تەواو دەکەم، کاتێ کۆی کردەوە هەرچی من ووتوومە هەمووی لەبەر دەبێت و لە یادی ناچێت. منیش عەباکەم ڕاخست تا فەرموودەکانی کۆتاییان هات، ئەوجا کۆم کردەوەو بە سنگمەوە نووساند، لە پاش ئەوە ئیتر هیچ فەرموودەیەکی ئەو ڕابەرەم لە یاد نەچووە).

- سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت کە بووە خەلیفە ئەبو هورەیرەی بە والی بەحرەین تەعین کرد.

- ئیمامی بوخاری و موسلیم دەگێڕنەوە: لە ساڵی ٥٧ی کۆچی لە ناوچەی (عەقیق) لە تەمەنی حەفتاو هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی بەقیع لە مەدینە نێژرا.

---

[١] ئەهلی سوففە کۆمەڵێك یاوەری دەسکورت و هەژاری زەمانی پێغەمبەری خوا بوون صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە بێ ماڵ و جێ بوون، زۆریان هەر لە مزگەوت دەمانەوە..

## واتا و مەبەستی

کەسایەتی موسوڵمان بەوەدا دەناسرێتەوە کە کەسایەتیەکە هەموو سیفەتێکی خێر و ڕەفتارێکی جوانی تێدایە، کەسایەتیەکە: ئیماندار، زانایە، بەهێزە، ئازایە، بوێرە، ئارامە، خۆگرە، هێدیە، لە سەرخۆیە، دەست پاکە، سەخیە، داوێن پاك، بەئەدەبە، موجاهید و شەرمنە، جوامێر و بە بەزەییە، حەق وێژە، لە ووتنی حەقدا لە لۆمەو قسە و قسەڵۆکی خەڵکی ناترسێت و، باکی بەوە نییە کە لە ڕێی حەق و حەقخوازیدا بەسەری دێت، کەسایەتیەکی زیرەك و بەهۆشە و سوو رە لەسەر کات و سامان و توانای، چوست و چالاکە، پشتی بەخوا ئەستورە سست و تەمەڵ نیە بەقەزا و قەدەری خوای پەروەردگاری رازییە و ووریا و زیت و هۆشداریشە.. لە ململانێی خۆی و شەیتان غافل نابێت، هەمیشە لە یادی خوادایە و هەستی بەرپرسێتی دنیاو قیامەتی بەرزە... هەروەها..

ئەم فەرموودەیە بانگهێشتێکی ئاشکرا و ڕۆشن و ڕاشکاوە کە داوا لە موسوڵمان دەکات ئەم سیفەتە چاکەی تێدابێت کە بەهێزیە بێت بۆئەوەی گشتگیری ئەم بانگهێشتە و سیفەت و ڕەوشتی بەهێزێتیمان لە بەرچاو بێت، واتاکانی بەچەند خاڵێك دەخەینە ڕوو:

### یەکەم: مەبەست لەو (بەهێزی)ییەی فەرموودەکە دەیخوازێت:

یەکەمین داواکاری فەرموودەکە هێزی ویست و ئیرادە و ووره بەرزی دەگرێتەوە، کە خاوەنی هیمەت و ویستنی ئەنجامدان و توانا بەسەر شکانی ئەو کارەی هەبێت کە پێی دەسپێردرێت، بیەوێت بیکات،سوور بێت لەسەر ئەنجامدانی هەموو توانای خۆی و مەرجەکانی بەئەنجامگەیاندنی بۆساز بکات، لە پەیبردن بەخودی کارەکە و چونیەتی کاربۆکردنی شیوازەکانی ئەنجام دانی، لەگەڵ ساغ و سەلامەتی هزر و ژیری و جەستە و دەروونی پارسەنگ، چونکە ئەو کەسەی کاڵ فام و رقن و نەخۆش بێت کاری گرنگی پی ئەنجام نادرێت، هەرچیەکیش بکات نوقسان و لاسەنگ دەبێت هەرلەزەمانی کۆنیشەوە

وتراوه (العقل السليم في الجسم السليم) واته ژیری ساغ وا لەلەشی ساغدا. هێزی بەدەن و دەست و بازوی ئەستوری شان و پەل قەوی کە ووره روخاو بێت، ترسنۆك بێت، یان ووره روخاوبێت بەپاڵ بیخەنە سەرکارێك حەتمەن کاریکی شل و شێوا و ئەنجامێکی پوکاو دەداتە دەست!

کەسێك بێئیرادەیە، یان هیمەتی کارکردنی نیە، یان تەممەڵ و تەوەزەلەو هەر حەزی بەخەوو خواردنە، یان ئەو کەسەی گێژوویژە، گەلحۆو گەوێلە، یان هەستی بەرپرسێتی مردووە! ئەمە کارێکی پێناسپێردرێت و چاوەڕوانی بەرهەمی لێبکرێ! ئەم جۆرە کەسانە کۆڵی سەربارو مشەخۆری سەرخوانن، با خوێندەواریش بن. چۆن لای خوای گەورە خۆشەویستتر دەبێ لە موسوڵمانی خاوەن هیممەت و وورەبەرزو بەکارێکی نەخوێندەوار؟.

خوای گەورە وەك لە قورئانی پیرۆز بۆمان باس دەفەرمووێ – هەزاران دەسەڵاتداری بەهێز و خاوەن ئیرادەی کافرو دووڕوو مشەخۆرانی دەوریانی فەوتاندووە و خەڵکانی موستەزعەفی دینداری سەرخستوە کە هەستی بەرپرسێتی دین و دنیاو قیامەتیان وایلێکردوون خۆچاك بکەن و بە وویست و هیممەتەوە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە و دەسەڵاتدا بکەن.. دینداری فەرزە، بەڵام کۆمەڵکاری و بزاوت بەدینەکەشەوە هەر فەرزە، چونکە ئەو کەسانەی بە (دین و ئوممەت و بزاوت) بەهێز دەبن خوای گەورە دەیکاتە ئالییەتی ڕوخاندنی تاغوتان.وەك دەفەرمووێت:(أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ * إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ * الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ * وَثَمُودَ الَّذِينَ جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوَادِ * وَفِرْعَوْنَ ذِي الْأَوْتَادِ * الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلَادِ * فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ * فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ * إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ) الفجر/٦- ١٤ واتە: مەگەر نازانیت خوای پەروەردگارت چی بەسەر (عاد) هێنا؟ خۆی و قەومەکەی (ئیرەم) کە خاوەن هێز و دەسەڵات بوون، کە پێشتر خەڵکی وەکو ئەوان لە ناوچەکەدا دروست نەکرابوون، لەقەدوباڵاو بەخۆ پێ کەوتەییدا،

لەزۆری جەنگاوەرو ئازایاندا، لە تواناو سەبری شەڕكردنیاندا، لەقەڵا و قوللەی سەختی بەردینیاندا، هەروەها قەومی (ثەموود) كەسیدنا صاڵح بوو بە پێغەمبەری خوا لە ناویاندا، كەشارو گوند و قەڵای زۆر سەختیان لە تاوێرە بەرد دروست دەكرد (هەزار و حەوسەد خانوویان لە ناو چیادا دروست كردبوو بەهەڵكۆڵین !)، هەروەها فیرعەونی خاوەن سەرباز و سوپای پرچەك و شەڕانی... ئا ئەمانە (عاد و ثەموود و فیرعەون) ی كە خراپەكاری شیرك و كوفرو ستەم و گوناح و تاوانیانی لە وولاتەكانیان بڵاو كردەوە و خراپەكاریان كردە سیماو سیفاتی كۆمەڵگە و دەوڵەتیان ! ئەمانە هەموو خاوەنی هەمووجۆرە (هێز)ێك بوون، بەڵام خوای پەروەردگارت غەزەبی لێگرتن و سزای خۆی بەسەردا هێنان و مەفحی كردنەوە، خوای پەروەردگارت ڕەفتاری ئەوانی بینی و ڕەفتاری كافرانی قورەیشیش دەبینێت خوای گەورە لە سەنگەردایە بۆیان و كەسی لە دەست دەرناچێت.

**دووەم: ڕەهەند و گرنگی هێز لە ئیسلامدا:**

هێز بەو مانایانەی ئاماژەمان پێدا ڕەهەندێكی زۆر بەنرخی هەیە، پلە و ئاست و مەنزیلەیەكی بەرزو گرنگ و كاریگەرییەكی بەرچاوی لەدید و ڕێی ئیسلامییدا هەیە، چونكە تاكە ڕیگای جیهاد كردنە، جیهادیش لوتكەی بڵندی هەموو ئیسلامەكەیە، جیهاد تاكە ریگایەكی كاریگەریشە لە توند كردنەوەی پابەندیی موسوڵمان بەدینەكەی، دینداری كردنی بەشێوەیەكی تەواو.

ئائەم كاریگەرێتییەیەی كە خوای گەورە ئاماژەی پێداوە، كە ئێوە بەدینەكە بەهێز دەبن و بەجیهادكردنەكەش بەهێز، خوای گەورەش هێزی ئیزافی دەخاتە سەر هێزە جیهاد خوازییەكەتان، سەیدنا هود علیه السلام بەقەومەكەی خۆی (عاد) رادەگەیاند كە ئەگەر ئێوە ئیمان بهێنن و سەر راستانە دینداریتی بكەن دەبنە خاوەن هێز و خوای گەورەش

هێزی ترتان پێ دەبەخشێت، سیدنا (هود) علیه السلام فەرموی: (يا قَومِ لا أَسأَلُكُم عَلَيهِ أَجرًا إِن أَجرِيَ إِلّا عَلَى الَّذي فَطَرَني أَفَلا تَعقِلونَ * وَيا قَومِ استَغفِروا رَبَّكُم ثُمَّ توبوا إِلَيهِ يُرسِلِ السَّماءَ عَلَيكُم مِدرارًا وَيَزِدكُم قُوَّةً إِلى قُوَّتِكُم وَلا تَتَوَلَّوا مُجرِمينَ ) هود/ ٥١-٥٢ واتە: ئەری هۆ گەلۆ هۆ خزمینە، خۆمن داوای پاداشتتان لێ ناکەم کە ڕێی راستتان نیشان دەدەم و بۆ دین و دینداری بانگهێشتان دەکەم، من پاداشتی خۆم لە خوای پەروەردگار دەوێت، خوای کردگار و باڵا دەست کە منی خەلق کردوە. نازانم ئێوە بۆ پەیی بەوە نابەن عەقلتان پێی ناشکێ. هۆگەلۆ، داوای لێخۆش بوون لەخوای پەروەردگارتان بکەن تا لە گوناهەکانی رابردوتان ببورێت و عەزم و وویستان جەزم کەن کە نەگەڕێنەوە سەر گوناح و بێ فەرمانی خوای گەورە، ئەویش حەتمەن زیاترتان پی دەبەخشێت، بارانی زۆرتان بەسەردا دەبارێنێت، بەردەوام (ئەوانیش خاوەن زەوی و زارو بەرهەم و حاصلاتی کشتوکاڵی بوون) و بەدڵنیاییەوە هێزی ئیزافی دەخاتە سەر ئەو هێزەی خۆتان هەتانە...

* لە بەرگرنگی و کاریگەری هێزیشە کە فەرمانی بە ئوممەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە خاوەن هێز بن و بەردەوام لەهەوڵی پەیدا کردنی هێز و پێشبردو بەهێز کردنیدا بن. وەك دەفەرموێت: (وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ) الأنفال/٦٠ واتە: ئەوەندەی لە تواناتاندا هەیە هێز پەیداکەن تا بەرەو ڕوویان بۆستنەوە. (تەکمیلەی ئایەتەکە داوای ئامادە سازی ( سێ) هێز دەکات.. جەنگاوەر، چەك، پارە)..

* پارانەوەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پەنا بردنە بەرخوای گەورە لە لاوازی و بێ هێزی هەر لەم ڕوانگەیەوە بوو کە دەیفەرموو:(اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ،

وَالْعَجْزِ وَالْكَسَلِ، وَالْبُخْلِ وَالْجُبْنِ، وَضَلَعِ الدَّيْنِ، وَغلَبَةِ الرِّجَالِ).[1] واتە: خوایە گیان پەنا بەتۆ دەگرم لە نەتوانین و دەستەوسان کەوتن و سستی و تەمبەڵی، خوایەگیان پەنا دەگرم لە ترسنۆکی و چاو چنۆکی و پیسکەیی، خوایە گیان پەنا بەتۆ دەگرم لە کۆڵی قورسی قەرزایی و ژێر دەستە بوونی پیاوان.. (دیارە هەموو ئەمانەش سیما و سیفاتی بێهێزی و لاوازین ).

جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەم فەرموودەیەشدا رایدەگەیەنێت کە موسوڵمانی بەهێز باشتر و خۆشەویسترە لە موسوڵمانی لاواز و بێهێز، لە راستیدا هەڵنان و هاندانی موسوڵمانان بو بەخۆ بەهێز کردن و دەست خستنی هەموو ئامێر و هۆکارێکی بەهێز بوون و لە دەست نەدانی لەکاتی هەبوونیدا.

**سێیەم: سود و بەرهەمەکانی بەهێز بوون:**

سودی بەهێزی و هەبوونی هێزی کاریگەر ئەوەندە زۆرە کەلە ژمارە نایەت، چونکە بواری بەکارهێنانی زەرورەت و کاریگەریتیەکەی ئیجگار زۆرە، بەڵام دەشێت ئاماژە بەهەندێك بوار و تەوەری بدرێ:

١- دلێری و بوێری لە فەرمانکردن بە چاکە و بەرهەڵستیکردن لە خراپە بێ هەبوونی ترس و تەنازول و موجامەلە هەروەکو کە زانای گەورە ئەبو حازم لەبەرامبەر عبدالمکلیکی کوری مەرواندا وەستایەوە کە خەلیفە دەسەڵاتداری ئەو ئوممەتە بەرفراوانەی رۆژهەڵات و رۆژئاوابوو، یان هەڵوێستی بەناوبانگی شیخ عبدالسلامی کوری عزالدین (عززی کوری عبدالسلام ) کە بەسوڵتانی زاناکان بەناو بانگبوو، هەڵویستی لە (زاهیر

---

[1] ئەبو داوود (١٥٥٥) و هاوشێوەشی بەزیاد و کەمترەوە لە بوخاریشدا هەیە (٩٩/٧) هەروەها موسلیم(٢٠٨٨).

بێبەرس) یان هەڵوێستی شیخولئیسلام ئەحمەدی کوڕی عبدالحلیمی ئیبن و تەیمیە بەرامبەر قازانی فەرماندەی تەتار و دەیان و سەدان زانای تر.

٢- خۆش ویستن و ئامادە بوون بۆ جیهاد کردن و بەرپا کردنی، لە کاتی مومارەسەکردنیشیدا لە مەیداندا موجاهیدی خاوەن هێز ئازاتر و نەبەز تر دەبێ و جورئەتی هەڵمەت بردنی زیاتر دەبێت، چونکە هێزی ئیمان و هێزی ڕیز و هێزی دەست و بازوو (چەك) هەموو کۆدەبێتەوە با بەرامبەرەکەش ئازا و پڕ چەکیش بێت، بیلالی حەبەشی خوا لێی رازی بێت لە غەزای بەدردا بەرامبەر ئومەییەی کوری خەلەف وەستایەوە و کوشتیشی یان عبدالله ی کوڕی مەسعود خوالێی رازی بێت (کەئەوەندەجەستەی بچوك و لاواز بوو جاریك ڕەشەبا لەسەر دار خستیە خوارەوە !) کەچی ئەبوجەهلی کوشت کەسەرکردەی هەموو شیرك و دوژمنی سەرسەختی ئیسلام وموسوڵمانان بوو، تەنانەت کە کوژرا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: لاشەکەیم پیشان بدەن ئەوە فیرعەونی ئەم ئومەتە بوو.. هەروەها دلێری و هەڵمەت بردنی حەنزەڵەی کوڕی عامر کە لەغەزای ئوحوددا کە نازناوی (غسیل الملائیکة ) ی هەیە واتا: ئەوی فریشتە غوسڵی دەکرد.

٣- ئارام گرتن و خۆڕاگری بەرامبەر نارەحەتیەکانی سەر ڕێی خواویستی.. هەروەکو دیدو هەڵوێستی موسوڵمانانی یەکەمینی نەوەی یەکەمی ئیسلام لە مەککە یان ئەوەی کە ئێستا لە میصر و سوریا و وولاتانی تری موسوڵماناندا ڕودەدات.

٤- پاراستنی دروشمەکانی پەرستن و کۆمەڵکاری نوێژ و رۆژ و زەکات و حەج و قورئان خوێندن و زیکر کردن و دوعا و پارانەوە و خێر و خێرخوازی و چاکە کردن و چالاکی ئیسلامی، چونکە هێز ڕێی بۆ دەکاتەوە و سەربەستیەکەی دابین دەکات. ئەوە پێویستی

بەبەڵگە نیە، چونکە واقعی هەموو کات و شوێنێکە، کەموسوڵمانان خاوەن هێز دەبن ئازادی و دینداریێتی و خوا پەرستیان زۆرتر دەبێت و مزگەوتەکانیان بە نوێژ و زیکر و دەرس ئاوەدانە و شەونوێژیان تێدا بەردەوامە.

**چوارەم: چۆنیەتی بەهێزبوون ووەدەست هێنانی هێز:**

١- خوا ویستی (الاخلاص) و ساغ بوونەوە بۆ خوای گەورە و لێبران بۆدینەکەی بەنییەت و ڕەفتار (گوفتار و کردار) و بریار (کردن و نەکردن)، بۆ خۆسوڵحانێکی سەر ڕاستانە کە هیچ نیاز و مەبەستێکی تری لە پشتەوە نەمێنێت، وەکو کە خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: ( قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ) الأنعام/١٦٢-١٦٣واتە: بڵێ نوێژەکانم، خواپەرستیم، ژیان و مردنم هەر لەبەرخاتری خوای گەورەیە، خوای پەروەردگاری جیهانیان، کە هیچ هاوبەشێکی نیە، بەمەش فەرمانم پێدراوە و منیش یەکەمینی موسوڵمانانم.

- هەرکەسێك خۆی بەخوای گەورە بفرۆشێت و خۆی بۆ سەرخستنی دینەکەی تەرخان بکات گومانی تێدا نیە، کەخوای گەورە لەگەڵیدا دەبێت، یارمەتی دەر و پشتیوان و هاوکاری دەبێت و هەرگیز وەلی ناکات، وەکو دەربارەی یاوەرانی ئەشکەوت دەفەرموێت: ( وَرَبَطْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا فَقَالُوا رَبُّنَا رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَنْ نَدْعُوَ مِنْ دُونِهِ إِلَٰهًا لَقَدْ قُلْنَا إِذًا شَطَطًا) الکهف/١٤واتە: دڵ و دەرونیانمان بەهێز و وورەیانمان بەرزکردەوە تا بگەنە ئەو ئاستەی لێبڕان و بۆ ساغ بوونەوە کە دڵیان هات کەس و کار و ووڵات بەجێبهێڵن و لە بەرخاتری خوای گەورە هیجرەت بکەن و ڕابکەن. کەدەستەجەمعی لەبەرخاتری خوای گەورە هەڵوێستی ئیماندارانە بگرنەبەر و بڵێن خوای پەروەردگاری ئێمە خوای خاوەن ئاسمانەکان و زەویە و هەڵسوڕێنەریانە، ئێمەش بۆ ئەو یەکلابوینەتەوە و هەتا ماوین هیچ شتێك ناکەینە خوای خۆمان هیچ دینێکی تر ناگرینە

بەر جگە لەدینەکەی ئەو، ئەگەر وامان کرد دیارە گومڕا و سەر لێ شێواو دەبین لاڕێیمان پێ پەسەند دەبێت ! ئەوەش ستەمە.

٢- تەبەڕا بوون لە هەموو هێز و توانایەك و دڵنیابوون لەوەی کە تەنها خوای گەورە بەهێز و بە توانایە کە بکەری هەموو ڕوداوێکە و هەموو بزاوت و سرەوتێك بە زانایی و دانایی و بە توانای ئەوەو بەویستی ئەو دەبێت، بەس هەر کەسێك ئەوەندە خۆی پارسەنگ ئاراستە بکات و دیندارێکی خواناسی وا دەرچێت، بە دڵنیاییەوە خوای گەورەش بەرەو ئەو دێت و ئاودێری و چاودێری دەکات سەرپەرشتی هەموو کارو بارو کات و شوێنێکی دەکات ئەمەش مەبەستە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت:(أَكْثِرُوا مِنْ قَوْلِ لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ فَإِنَّهَا كَنْزٌ مِنْ كُنُوزِ الْجَنَّةِ)[١] واتە: زۆر (لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ) بڵێنەوە، چونکە گەنجینەیەکە لەگەنجینەکانی بەهەشت واتە: گۆڕین و هێزێکی کاریگەری نیە ئیلا ئەوەی کەخوای گەورە هەیەتی.

٣- هەست نەکردن بە لاوازی و ناتوانایی، ئەوەش وادەکات بە ئومێد و خاوەن متمانە بێت بەخوای خاوەن هێز و بەخشەری نیعمەتی هێز، ئەوکەسەی کە لەناخیدا خۆی بەبێ هێز و لاواز دەزانێت لەویست و ئیرادەشیدا وایلێدیت متمانە بەخۆی ناکات کەشتێکی پێدەکرێت! حەتمەن ئەم هەستەش دەیکاتە کەسێکی سست و شل و شێواو کە حەزی لە کاری جدی و بەسود نەبێت.. لەوانەیە ئەوە بێت مەبەستی ئەو فەرموودەیەی کە

---

[١] بوخاری (٦٣٨٤)، موسلیم (٢٧٠٤).

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تێیدا دەفەرموێت: (وَلَا تَعْجَزْ)[١] واتە: دەستەوسان مەبە.

٤- سور بوون لەسەر ئەنجامدانی ڕەفتاری بەسوود و پرۆژەی بەکەڵك، هیچ پرۆژەیەكی بەسود دوای ئیمان داری لەوەچاكتر نیە شەریعەتی خوای گەورە داوەر بێت و سایەی حوكمی خوا بەسەر كۆمەڵگەوە بێت، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْماً) المائدة/٥٠ واتە: حوكمی كێ لە حوكمی خوای گەورە چاكتر دەبێت؟ بەڵام ئەوە شتێكە كە ئەو كەسانە لێی دڵنیان كە لەئیمانداریدا گەیشتونە یەقین – پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت (اِحْرِصْ عَلَى مَا يَنْفَعُكَ)[٢] واتە: سور بە لەسەر هەرشتێك سودی بۆت هەیە.

٥- پاراستن و سووربوون لەسەر فەرزەكان و بەجێهینانیان و پابەندبوون بەسونەت و زۆركردنی شەونوێژو ڕۆژوی سوننەت و خێركردنی ئیزافی (جگە لە زەكاتدان) و دوعاو پارانەوەو زیكر قورئان خوێندن و داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە.... هتد لە فەرمودەی قودسیدا هاتوە[٣] كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە خوای خۆیەوە دەگێڕیتەوە كە فەرمویەتی: ( وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا وَإِنْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ وَلَئِنْ

---

[١] موسلیم (٢٦٦٤).

[٢] هەر ئەوەی پەراوێزی پێشووە.. هەموو فەرمودەكە بەم شێوەیە: (اِحْرِصْ عَلَى مَا يَنْفَعُكَ, وَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ, وَلَا تَعْجَزْ )

[٣] فەرموودەی قودسی : ماناكەی لە خوای گەورەوەیە و لەفزەكەی هی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

اسْتَعَاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ)[١] واتە: عەبدی من بەهیچ ڕەفتارێك لێم نزیك نابێتەوە وەکو کە بەڕاپەراندنی فەرزەکان لێم نزیك دەبێتەوە کە لەسەرم فەرز کردوە، ئینجا بە ئەنجامدانی سوننەتەکان بەرەبەرە لێم نزیك دەبێتەوە (تائەوەندە نزیك دەبێت کە هەموو ئاراستەیەکی دەکەم) بەوویستی من دەبیستێت بەدیتنی من دەبینێت، بەویستی من دەستی بەکار دەهێنێت، بە فەرمانی من قاچی بەکار دەهێنێت و دەڕوات پێیان، داوای هەرچیەکم لێ بکات دەیدەمێ، هەرکاتێك پەنام بۆ بهێنێت پەنای دەدەم و لەخۆی دەگرم. ..

٦- دوورکەوتنەوە لەسەر سێبەرنشینی و هۆگر بوونی چێژی دنیایی و سوربوون لەسەر ڕابواردنی بەردەوام توخن نەکەوتنەوەی ژیانی زاهیدانە و بارسووکی دنیایی، چونکە ئەو کەسەی نقومی چێژو فەڕ و نیعمەتە بەرگەی سەختی ژیان ناگرێت و تەحەمولی نارەحەتی و گران ناکات و کۆڵی بەرپرسیارێتی بۆ هەڵناگیرێت.

٧- خوێندنی سیرەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و مێژووی ژیانی یاوەران و تابعین و ناودارانی ئیسلام سەرنجدان و ووردبوونەوە لە بەسەرهاتەکانی ژیانیان و چۆنیەتی زاڵبوونیان بەسەر کەند و کۆسپ و بەربەستەکانی ڕێیاندا –ئەمە زەروریە، چونکە لەلایەکەوە موسوڵمان بەچاوی ڕێز و تەقدیر و نموونەییەوە دەڕوانێتە ئەو کەڵە

---

[١] بوخاری (٦٥٠٢)، موسلیم (١٦٦٩). تەواوی فەرمودەکە کە لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی رازی بێت هاتووە: (قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: إِنَّ اللَّهَ قَالَ :مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا وَإِنْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ وَلَئِنِ اسْتَعَاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ وَمَا تَرَدَّدْتُ عَنْ شَيْءٍ أَنَا فَاعِلُهُ تَرَدُّدِي عَنْ نَفْسِ الْمُؤْمِنِ يَكْرَهُ الْمَوْتَ وَأَنَا أَكْرَهُ مَسَاءَتَهُ).

پیاوانەی ئوممەت و هەوڵ دەدات سیفاتی ئەوان لە خۆبگرێت و خۆی لەسەر پەروەردە بکات، لە لایەکی تریشەوە پەند و ئامۆژگاریی لە دلێرو هەڵوێستیان وەردەگرێت خۆچواندن (خۆشوبهاندن) بە گەورە پیاوانی نموونە خۆی لە خۆیدا گەورەییە، بۆیە کابرای شاعیردەڵێت:

(فتشبّهوا إن لم تكونوا مثلهم ....... إنّ التشبّه بالكرام فلاحُ)

٨- بەردەوام سەرنجدان لەگەردوون و وردبوونەوە لە ژیانی زیندەوەران و هەست کردن بەسیفاتەکانی خوای کارزان و کارجوان، چونکە ئەم جۆرە (دیدی مەلەکووتی)یە مرۆڤ بەحەقیقەتی خۆی نیشاندەدات، کە نەزان و لاواز و موحتاجە، ئەمەش وایلێدەکات بی هەواو فیز بێت و لوتبەرزیی نەکات، بە زانین و توانای خۆی هەڕاڵ نەبێت و بەڕەنجی خۆی دەسخەڕۆ نەبێت و وابزانێت زۆر گەورەو پیاوچاکە!

لێکۆڵینەوەی ژیرانە و سەرنجدان و قاڵ و قووڵ بوونەوە لە بزاوت و سرەووتی موفرەداتی گەردوون و ژیان و جیهانی مرۆڤ (ڕۆح و دەروون و جەستەی) پاڵنەرێکی زۆر بەهێزی خواناسی دەبێت و مرۆڤ والێدەکات لەخوای گەورە نزیکتر بێتەوە وەکو دەفەرموویت: (وَفِي الْأَرْضِ آيَاتٌ لِلْمُوقِنِينَ، وَفِي أَنْفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ) الزاريات/ ٢٠-٢١
واتە: نیشانەو بەڵگەی خوایی لە زەمیندا، هەروەها لە خۆتاندا زۆرە، مەگەر نابینن؟

٩- خوێندنی دەرسی دینی و بەشداربوونی کۆڕی زانستی شەرعی و ئامۆژگاریی و بیرخستنەوەی یەکتری، چونکە زۆرجار ڕوودەدات کە لە کۆڕێکدا ئاراستەیەك دەبیستیت یەکسەر بۆت دەبێتە گڵۆپی سەرجادە و کلیلی قوفڵێك زۆرکەس نوقسانی خۆی لەوێدا دەبینێتەوە، چارەسەریی هەڕاڵی و لەخۆ باییبوونی لەوێدا دەدۆزێتەوە..بەشداربوونی کۆڕ و کۆبوونەوەی دەرس و ئامۆژگاریی جگە لە بەشداریی خێرەکەی دەشبێتە مایەی

سەنگینی و پارسەنگی و سۆز و بەزەیی و مایەی ڕێز و بەرەکەتی خوایی..ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (...مَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللَّهِ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَيَتَدَارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ إِلَّا نَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةُ وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ وَحَفَّتْهُمُ الْمَلَائِكَةُ وَذَكَرَهُمُ اللَّهُ فِيمَنْ عِنْدَه....)[١] واتە: هەر کۆمەڵە کەسێك لە یەکێك لەماڵەکانی خوادا کۆببنەوە و کتێبەکەی خوای گەورە بخوێنن لەناو خۆیاندا دیراسەی بکەن، حەتمەن هێمنی و ئاسوودەیی خواییان بۆ دادەبەزێت و ڕەحمەتی خوای گەورە دایان دەپۆشێت و فریشتەش بە دەوریانەوە دەبن و خوای گەورەش لای فریشتەکانی خۆی یادیان دەکات.

١٠- هاوڕێبوونی پیاو چاکان و دوستایەتیکردنی خەڵکی باش، دیندارو ژیرو بەئەزموون، چونکە ئەم جۆرە کەسانە هەستی بەرپرسیارێتیان بەرزە و لەئامۆژگارییکردنت درێغی ناکەن و هەرچیت بیربچێتەوە لای ئەوان بیرتدێتەوە،کە بیریشت کەوتەوە یارمەتیدەرت دەبن لە جێبەجێکردندا. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (مَنْ أَرَادَ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا رَزَقَهُ خَلِيلًا صَالِحًا إِنْ نَسِيَ ذَكَّرَهُ وَإِنْ ذَكَرَ أَعَانَهُ).[٢] واتە: ئەگەر خوای گەورە خێری کەسێکی بوێت هاوڕێی چاکی بەنسیب دەکات، کەئەگەر شتێکی بیرچوو بیری دەخاتەوە کە بیریشی کەوتەوە هاوڕێ چاکەکەی یارمەتیدەدات تاکارەکەی جێبەجێ بکات.

١١- دوور کەوتنەوە لە گوناح و تاوان و سەرپێچی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، چونکە زیان هەر بە دین و دینداریتیەکەی ناگەیێنێت، بەڵکو بەجەستەو

---

[١] موسلیم (٢٦٩٩)،ئەبوداوود (١٤٥٥).

[٢] ئەبوداوود(٢٩٣٢)، نەسائی (٤٢٠٤) ئەلبانی رحمەاللە لە (صحیح الجامع/٦٥٩٦)دا دەفەرموێ سەحیحە.

دەروونیش دەگەیەنێت. ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە: (أَقْبَلَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ :يَامَعْشَرَ الْمُهَاجِرِينَ خَمْسٌ إِذَا ابْتُلِيتُمْ بِهِنَّ وَأَعُوذُ بِاللَّهِ أَنْ تُدْرِكُوهُنَّ: لَمْ تَظْهَرْ الْفَاحِشَةُ فِي قَوْمٍ قَطُّ حَتَّى يُعْلِنُوا بِهَا إِلا فَشَا فِيهِمْ الطَّاعُونُ وَالأَوْجَاعُ الَّتِي لَمْ تَكُنْ مَضَتْ فِي أَسْلافِهِمْ الَّذِينَ مَضَوْا. وَلَمْ يَنْقُصُوا الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ إِلا أُخِذُوا بِالسِّنِينَ وَشِدَّةِ الْمَئُونَةِ وَجَوْرِ السُّلْطَانِ عَلَيْهِمْ. وَلَمْ يَمْنَعُوا زَكَاةَ أَمْوَالِهِمْ إِلا مُنِعُوا الْقَطْرَ مِنْ السَّمَاءِ. وَ لَوْلا الْبَهَائِمُ لَمْ يُمْطَرُوا. وَلَمْ يَنْقُضُوا عَهْدَ اللَّهِ وَعَهْدَ رَسُولِهِ إِلا سَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ عَدُوًّا مِنْ غَيْرِهِمْ فَأَخَذُوا بَعْضَ مَا فِي أَيْدِيهِمْ. وَمَا لَمْ تَحْكُمْ أَئِمَّتُهُمْ بِكِتَابِ اللَّهِ وَيَتَخَيَّرُوا مِمَّا أَنْزَلَ اللَّهُ إِلا جَعَلَ اللَّهُ بَأْسَهُمْ بَيْنَهُمْ)[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی هێنایە لامان و فەرمووی: هۆ موهاجیرانی ڕێی خوا، پێنج گوناح هەیە نەکەونە ناویان. پەنام بە خوای گەورە کە بکەونە ناویان: زیناکاری لەناو هەر قەومێكدا بڵاوببێتەوەو بە ئاشكرا بیكەن، حەتمەن نەخۆشی تاعوون و دەردو ژانی وایان لە ناودا بڵاودەبێتەوە كەلەنەوەكانی پێش خۆیاندا نەبووە. هەر قەومێک کەمپێوان و سووککێشانیان لەناودا بڵاوببێتەوە، حەتمەن تووشی گرانی دێن و قاتوقڕییان بەسەردا دێت و دەکەونە ژێر باری ستەمی دەسەڵاتداران. هەر قەومێک دەست لە زەکات بگرنەوەو نەیدەن، حەتمەن خوای گەورە تووشی بێبارانیان دەکات، ئەگەر لەبەر خاتری ئاژەڵ نەبوایە خوای گەورە بارانی بەسەردا نەدەباراندن.هەر قەومێک پەیمون و بەیعەتەکەی خۆیان _کە وەل خوای خۆیان و پێغەمبەرەکەیدا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەستوویانە_ هەڵوەشێننەوە، حەتمەن خوای گەورە دوژمنانێکێ دەرەکییان بەسەردا زاڵ دەکات و ئەوەی لە دەستیاندا لێیان زەوت دەکات. هەر قەومێک حوکم بە پەیامەکەی خوای گەورە نەکەن و داوەریی خۆیانی نەبەنەوە لا تا کێشەی نێوان خۆیانی پێ یەکلابکەنەوە، حەتمەن خوای گەورە تووشی ئاژاوەو دووبەرەکایەتی ناوخۆیانیان دەکات.. سبحان الله.. ئائەم واقیعەی تێیکەوتووین

---

[١] ئیبنوماجە (٤٠١٩ و ٤١٥٥)، ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة ١/١٦٧)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

پڕاوپڕ ئەمەیە. حاڵمان ئەنجامی ئەو ڕەفتارانەمانە کە بە دەستەجەمعیی کۆمەڵگەکەمان کردوویّتی.. پەنا بە خوا..

۱۲- وەرزشکردن و مومارەسەکردنی ئەو جۆرە ڕاهێنانەی جەستەو هزر بەهێز دەکەن، کە تەندروستی دەپارێزن و هێزیشن. وەکو: تیرئەندازیی، زۆرانبازی،کێبڕکێی و ڕاکردن، مەلەوانی و هی تر.

**پێنجەم: ئەو پەند و ئامۆژگاریانەی لەم فەرموودەوە وەردەگیرێت:**

۱- پێویستە موسوڵمان ووزە و توانای هزرو هۆش ودڵ و دەروون و جەستەی بخاتە گەڕ، پێویستە لەهەموو بوارێکی ئەو جیهانەیدا چوست و چالاك بێت،تا بەهێز و بەتوانا بێت و ئاسان بتوانێت ئەو ئەرکانە جێ بەجێبکات کەخراوەتە سەرشانی، ئاواش دەگاتە خوشەویستی دین و دینداری و سەر ئەنجامیش ڕەزامەندی خوای گەورەو لێخۆشبوون و پاداشتی.

۲- پێویستە موسوڵمان بەرەنگاری سستی و تەمبەڵی بێتەوە و پشت بە خوای گەورە بەسەریاندا زاڵ بێت هەروەها سووربێت لەسەر سینە فراوانی و خێر خوازی و چاکەکاری.

۳- پێویستە ڕێ لە شەیتان بگرێت و نەهێڵێت وویست و ئیرادەی لاواز بکات نەهێڵێت بە (وەسوەسە)ی خۆی ئەمڕۆ و سبەی پێ بکات، یان بە ئەگەر واو ئەگەر وا دەستخەڕۆی بکات نەهێڵێت بکەوێتە سەر کارێکی جیددیی، یان وای لێ بکات بەنیوە ناچڵ بەجێی بهێڵێت، چونکە ئەمانە پەشیمانی بەدوادا دێت، با لەسەر ئەوە رابێت کە هەرشتێك روبدا بڵێ (قَدَرُ اللَّهِ وَمَا شَاءَ فَعَلَ) مەگەر خوا پەرستیەکی لە دەست چوبێت و خەفەتی بۆ بخوات و بڵێ حەیفێ نەمکرد یان کارێك بوو لە توانای دارایی یان ووزەی جەستەییدا نەبو بیکات دەیشیزانی کە خێری زۆر تێدایە، بۆئەمانە هیچی قەیدی نیە (حەیفێ)ی بۆ بکات و هەوڵ بدات ئەگەرbارو دۆخی وای بۆ سازا ئەمجارە بیکات هۆکارەکانی سەرکەوتنی بۆ

ڕێکخات،چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جارێکیان فەرمووی: (لَوْ اسْتَقْبَلْتُ مِنْ أَمْرِي مَا اسْتَدْبَرْتُ مَا سُقْتُ الْهَدْيَ، وَلَجَعَلْتهَا عُمْرَةً)[١] واتە: ئەگەر ئەو دەرفەتەی ڕابردوو بهاتایەوە قوربانیم نەدەبرد (بیکەم بەحەجکردن) و دەمکرد بە عومرە.

٤- پێویستە موسوڵمان بەبەزەییەوە ڕەفتار بکات و دڵ نەرم و نەرمونیان بێت، هەمیشە لەیادی بێت کەئەو بۆ هەڵگرتنی پەیامی ڕەحمەتی خوایی هیدایەت دراوە،ئەوەش سینە فراوانی و نەرمونیانی ڕەفتار دەخوازێت، بەتایبەتی بەرامبەر ئەوانەی کەمتەرخەم بوون لە تێگەیشتنی دینەکە و پێوە پابەند بوونی، بێگومان ئەوانەش کە کەمتەرخەم بوون لە ئەرکی بانگەواز و بێ ئیرادە بوون لە ئەرکەکانی جیهاددا، چونکە هەریەك لەمانە چاکترە لەهەزاران کەسی بێ دینی کافر کە دژایەتی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکات، یان دوورویەکی ڕقنە و سەرزارەکی خۆی واناساندوە کە موسوڵمانە و لەناخیشیدا کوفرێکی دوژمن کارانەی حەشار داوە و هەرهەلێکی بۆ بڕەخسێت زەبرێك لە موسوڵمانان دەدات.

٥- لە یادت بێ کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت: (وَفِي كُلٍّ خَيْرٌ) واتە: خێر لە هەردوو جۆری موسوڵمانە بەهێزەکە و بێهزەکەدایە ئەوە فەرامۆش نەکەیت.

---

[١] موسلیم (١٤٧)،ئەبوداوود (١٩٠٥)،نەسائی (١٤٣/٥٠)، ئیبنو ماجە (١٠٢٢/٢٠ژ٣٠٧٤/٣)

## فەرموودەی سێیەم

(لَأَعْلَمَنَّ أَقْوَامًا مِنْ أُمَّتِي

يَأْتُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِحَسَنَاتٍ أَمْثَالِ جِبَالِ تِهَامَةَ بِيضًا ،

فَيَجْعَلُهَا اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ هَبَاءً مَنْثُورًا)

قَالَ ثَوْبَانُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ صِفْهُمْ لَنَا ،

جَلِّهِمْ لَنَا أَنْ لَا نَكُونَ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَا نَعْلَمُ، قَالَ:

(أَمَا إِنَّهُمْ إِخْوَانُكُمْ وَمِنْ جِلْدَتِكُمْ وَيَأْخُذُونَ مِنَ اللَّيْلِ كَمَا تَأْخُذُونَ وَلَكِنَّهُمْ أَقْوَامٌ إِذَا خَلَوْا بِمَحَارِمِ اللَّهِ انْتَهَكُوهَا) .

## فەرموودەی سێیەم

# هەستنەکردن بە چاودێریی خوایی

(عَنْ ثَوْبَانَ رَضِيَ الله عَنْهُ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ قَالَ: لَأَعْلَمَنَّ أَقْوَامًا مِنْ أُمَّتِي يَأْتُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِحَسَنَاتٍ أَمْثَالِ جِبَالِ تِهَامَةَ بِيضًا فَيَجْعَلُهَا اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ هَبَاءً مَنْثُورًا) قَالَ ثَوْبَانُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ صِفْهُمْ لَنَا، جَلِّهِمْ لَنَا أَنْ لاَ نَكُونَ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لاَ نَعْلَمُ، قَالَ: (أَمَا إِنَّهُمْ إِخْوَانُكُمْ وَمِنْ جِلْدَتِكُمْ وَيَأْخُذُونَ مِنَ اللَّيْلِ كَمَا تَأْخُذُونَ وَلَكِنَّهُمْ أَقْوَامٌ إِذَا خَلَوْا بِمَحَارِمِ اللَّهِ انْتَهَكُوهَا).[١]

## کوردیەکەی

ثەوبان خوا لێی رازی بێت کە گەنجێکی خزمەتکاری پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: بە دڵنیایی دەڵێم کە خەڵکانێك لە ئومەتەکەم دەناسم کە لە ڕۆژی دوایدا دێنە پێش، چاکەکانیان بە قەدەر چیای (توهامە) دەبێت و سپی و پاك. بەڵام خوای گەورە لێیان قبوڵ ناکات هەموویان لێ دەکاتە تەپ تۆزی پەرش و بڵاو. ئەوانە هەر لە ئێوەن، براتانن، لە زمان و پێستی ئێوەن، شەو نوێژیشیان وەکو ئێوە کردووە، بەڵام هەر کە تەنها و دوور لە چاوی خەڵکی- دەرکەوتن- سنوری حەرامیان دەبەزاند و دەکەوتنە ناوی.

---

[١] ئیبنوماجە (٤٢٤٥) و شێخی ئەلبانی رحمە الله لە (صحیح سنن ابن ماجە) و لە (سلسلة الأحادیث الصحیحە ب٢ژ٥٠٥) و لە(صحیح الجامع الصغیر/٣٩٠٤)دا بە سەحیحی ناساندووە.

## راویەکەی

سەیدنا ثەوبانی (ثَوْبَانَ) کوڕی بەجدەد کە بە ئەبو عبداللە بانگ دەکرا، خەڵکی یەمەن بوو، لە شەڕو تاڵانیدا گیرابوو، کرابووە کۆیلەو فرۆشرابوو، پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە کەسێکی دیکەی کڕییەوەو ئازادی کرد، پاشان پێی فەرموو: ئەگەر حەز دەکەیت بگەڕێیتەوە ناو ئەو تیرەو هۆزەی سەر بەوانی، ئازادبەو بڕۆ.. ئەگەر حەزیش دەکەیت لای ئێمە بمێنیتەوە، ئەوە لە ئەهل و بەیتی خۆمانت هەژمار دەکەین.. ئەویش لە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا مایەوە، شەووڕۆژ لە خزمەتیدا بوو تا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆچی دوایی کرد.. پاشان بەشداری فەتحی میسری کردو خانوویەکی لەوێ بۆ خۆی دروست کرد، دواتر چووە حیمس لە شام و خانوویەکی تری دروست کردو تێیدا مایەوە تا ساڵی (٥٤ی کۆچی) کۆچی دوایی کرد خوا لێی ڕازی بێت.. سەیدنا ثەوبان لەو یاوەرانەیە کە کەمیان فەرموودە گێڕاوەتەوە، لەویشەوە سەیدنا شەددادی کوڕی ئەوس و جوبەیری کوڕی نوفەیرو ئەبو ئیدریسی خەولانی و ئەبوسەلامی مەمتووری حەبەشی و مەعدانی کوڕی ئیبنو ئەبوتەلحەو ئەبو ئەشعەسی سەنعانی و چەندینی تر فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە.

## واتا و مەبەستی

ئیسلام کە شوێنکەوتووانی پەروەردە دەکات، دەیەوێت هەر یەکەیان لە ژێر هەستی چاودێری زاتی ناخی خۆیدا بێت، بۆیە ئەو هەستە دەگەشێنێتەوە و دەیکاتە چاودیر کە خوای پەروەردگاری ئاگای لە هەموو هەست و نەست و ڕفتار و بڕیارێکییەتی و چاودێری دەکات و هەموو شتێکی لەسەر تۆمار دەکات. لە ڕۆژی دواییدا هەموویانی دەخاتەوە پێش چاوی موحاسەبەی لەسەر هەر ڕەفتارێکی دەکات. ئا ئەم هەستکردنە کە دەبێتە (موراقیب)ێکی زیندوو و بە ئاگا و ووریای ناخی کەسەکان کاریگەری زۆر گرنگی هەیە. ئەم هەستەیە وای لێ دەکات کە ئەگەر تەنها کەوت، یان کەوتە شارو ناوچەیەکی نەناسەوە یان هەلی حەرامی بۆ ڕەخسا و هەڵنەخلیسکێتە ناوی و دینداریتیەکەی لە کەدار ناکات و خۆی لە حەرام دەگرێتەوە ئەگەر بەهەڵە ئیمانی لاوازیشی کەوتە حەرامێکەوە، خێرا دەکشێتەوە و تۆبە دەکات و دەگەڕێتەوە لای خوای گەورە و داوای لێبوردنی لێ دەکا، چونکە دڵنیایە کە خوای گەورە پێی زانیووە کە ئاوا کەوتۆتە حەرامەوە و لەسەریشی نووسیوە، بۆیە ئەمجارە گوڕێکی ئیمانی دەداتەوە خۆی و ویست و ئیرادەی بە هێز دەکات بەڵێن بە خوای تاك و پاکی دەدات کە جارێکی تر ناهێلێت هەستی چاودێریی و ئیمانی وا لاواز ببێت و جورئەتی گوناحکردنی وا زۆر بێت و بکەوێتە حەرامەوە.

ئەم فەرموودەی بانگهێشتێکی ئاشکراو ڕاشکاوی موسڵمانە بۆ هەستی موراقەبەی خوایی، بۆ بەهێز کردنی چاودێری زاتی ناخ و بەهێز کردنی عەزم و ویست و لە سەر پابەندی و پارسەنگی و لانەدان و نەکەوتن. هاندانی شەرم کردنە لە خوای زاناو و بیسەر و بینەر، کە هەروەکو بە ئاشکرا و لە بەرچاوی خەڵکی سەرپێچی فەرمانی خوا ناکات لە تەنهایی و غەریبی و پەنهانیشدا هەر نایکات، هەرچەندە هەلی حەرامی بۆ بڕەخسێت ناکەوێتە ناویی. جا بۆ ئەوەی ئەم هەستی چاودێریی و زاتیە لە ناخی تاك تاکی موسڵماناندا

بچەسپێت و بەردەوام لە هزر و هۆش و دڵ و دەروون و ڕەفتاردا بێت، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاندانەکەی بە شێوەی گێڕانەوەی داستان و بە سەرهات نیشانداوە. تێمان دەگەیەنێت کە زانیاری یەقینی هەیە، کە لەڕێی وەحییەوە پێی گەیشتووە، کە کۆمەڵە خەڵکانێك لە ئومەتیدا هەن -کە بێگومان هەر لە موسڵمانانی سەردەمی خۆیدا نین- لە هەموو نەوەی ئوممەتەکەن، ئەمانە پۆلە خەڵکێکی موسڵمانن لە هەموو کات و شوێن و نەوەیەکدا هەن، ئەمانە لە ڕۆژی دواییدا کە دێن خێر و چاکەی زۆریان پێیە و گەنجینەیان پڕە.. ئەوەندە زۆرە دەڵێی دانەی لم و دەنکە زیخەکانی چیای (توهامە)یە.. جا تەسەور بکە چیایەکە لە لم و زیخ و چەو؟ ئەمانەش بەقەدەر ئەو بڕە لم و زیخ و چەوە کردەوەی چاکی و سپی و سافیان هەیە و دڵخۆشانە هاتوون تا پاداشتی وەرگرنەوە، بەڵام خوای دادپەروەر و کارزانی بە بەزەیی هیچ نرخێك بۆ ئەم هەموو چاکەیە دانانێت و بە خێری و زایعە و چاکەی هەدەری دادەنێت. نهێنی ئەم حوکمە لەوەدایە کە ئەم کۆمەڵە خەڵکە کە ئەو چاکانەشیان بە ئاشکرا دەکرد، بەڵام کە هەلی گوناحیان بۆ دەڕەخسا و دەکەوتنە دەرفەتی حەرامەوە لێ نەدەگەڕان و دەکەوتنە سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە، لە سنووری حەڵاڵەوە خۆیان هەڵدەدایە ئەو دیو و چێژیان لە حەرام دەکرد.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەبەستی لە گێڕانەوەی ئەم حاڵەتە پێدانی پەند و ئامۆژگارییە بە ئومەتەکەی بە هەموومان تا پێش ئەوەی کاتمان لە دەست چێ بە خۆماندا بێینەوە و نەکەوینە ئەو کردەوە بەدەو ئەنجامی بەدترەوە. خوای گەورەش دەفەرموێت: (فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الأَبْصَارِ) الحشر/ ٢ واتە: خاوەن دیدو زەینەکان هۆش کەنەوەو پەندو ئامۆژگاری بگرنە گوێ.

لەبەر ئەوە هەستی چاودێری خوایی لە ناخی موسڵماناندا دەبێتە (موراقیبێکی زاتی) و بەردەوام دەبێتە پاڵنەرێکی سەرەکی پابەند بوونی موسڵمانان بە دینەکەیەوە، کە لەو دوو کەسایەتیەی نزیکە لە دوو ڕوویەوە دەیپارێزێت. دەشێت باس لەم هەستی چاودێرییەی ناخی موسڵمان بە دووخاڵی سەرەکی بخەینە ڕوو:

**یەکەم: ئەو پاڵنەرانەی هەستی چاودێری خوای لە ناخماندا بە هێزدەکەن:**

١- دڵنیا بوونی تەواو و قەناعەتی کامڵ کە خوای گەورە زانایە و ئاگای لە هەموو هەست و نەست و نیاز و مەبەستێکە چ جای ڕەفتار و بڕیار. هەرچەند شاراوە بێت وەکو ختوورەی دڵ یان ئاشکرا دەبێت وەکو هەر کارێك کە عەبد دەیکات. خوای گەورە لە چەندین ئایەتدا لەم سیفەتە بێ سنوور و بێ بنەییەی کردۆتەوە، وەکو کە دەفەرموێ: (وَهُوَ اللَّهُ فِي السَّمَاوَاتِ وَفِي الْأَرْضِ يَعْلَمُ سِرَّكُمْ وَجَهْرَكُمْ وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبوون) الأنعام/٣ واتە: خوای پەروەردگار خوایە لە ئاسمان و و زەویدا و نهێنی و ئاشکراتانی ئاگا لێیە و دەزانێت چی دەکەن.

ئەگەر کەسێك بە ڕاستی بێ دوو دڵی و گومان -کە جائیزیش نین- ئەم حەقیقەتە ڕەهایەی لا چەسپاو لە ناخی دڵ و دەروونیدا جێگیر بوو، حەتمەن لەوە شەرم دەیگرێت کە خوای زانا و بە ئاگا لە کات و شوێنێکدا بیبینێت کە سەرپێچی فەرمانی خوا دەکات و خەریکی گوناح و تاوانە. خوای گەورە تەئکیدی لەم هەستەی ناخ کردۆتەوە کە دەفەرموێ: (وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي أَنفُسِكُمْ فَاحْذَرُوهُ )البقرة/٢٣٥ واتە: ئەوەش بزانن کە خوای گەورە ئاگای لەو خورپەو ختورانەشە کە بە دڵ و دەروونتاندا دێت و دەیانزانێت، جا کەوابوو هۆشتان لە خۆ بێت بە حەزەر بن.

٢- دڵنیا بوونی تەواو و قەناعەتی کامڵ کە خوای گەورە هەموو هەست و نەست و نیاز و مەبەست و گوفتارو کردارو بڕیارێك کە عەبدێك بە نهێنی دەیکات یان بە ئاشکرا

دەینووسێت لەسەری و دەیکاتە ماڵ لەسەری.. سەدان جار خوای گەورە لە قورئاندا تەئکیدی لەوە کردۆتەوە و دەشفەرموێ کە دەشهێنمەوە بەردەستان لێپرسینەوەی وردتان لەگەڵ دەکەم لەسەر یەك بە یەکیان، ئەوانەی چاکەن پاداشتی لەسەر وەردەگرن و ئەوانەی خراپیشن دەبی سزاکەی بخۆن.

مرۆڤی دیندار و خواناس، مرۆڤی هەستیار و خواویست کە ئەم (یەقین)ەی لا دەچەسپێت حەتمەن هەوڵ دەدات بە خۆدا بچێتەوەو پێش ئەوەی کار لە کار بترازێت و کات لە دەست چێت، دیدو هەڵوێستی خۆی ڕاستی کاتەوەو خێرا بێتەوە سەر ڕێگای ڕاستی خواناسان، ڕێی پێغەمبەران و صدیقان و شەهیدان و پیاو چاکان، پیش ئەوەی بگاتە بنبەستێك و تەماشای (نامەی ئەعمال)ی بکات و پەشیمان بێتەوە، خوای گەورە بۆ بیر هێنانەوەمان دەفەرموێ: (وَوُضِعَ الْكِتَابُ فَتَرَى الْمُجْرِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَا وَيْلَتَنَا مَالِ هَٰذَا الْكِتَابِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّا أَحْصَاهَا ۚ وَوَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِرًا ۗ وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا) الکهف/٤٩ واتە: نامەی ئەعمال (تیانووسی کار و کردەوە) هەموویان دەهێنرێتەوە پێش لە تەرازوودا دادەنریت و دەدرێتەوە دەستیان، جا دەبینیت ئەوانەی تاوانبارو جینایەتکارن لە ترس و بیمدان، چونکە دەترسن لەوەی لەسەریان تۆمار کراوە، دەشزانن هەقە و ڕەوایە و هەر ئەوەیە کە خۆیان کردوویانە، نە زیادیان پێوە نراوە و نە فەرامۆش کراوە، بۆیە دوعا لە خۆیان دەکەن و شین و زاری دەکەن و دەڵێن قوڕمان بەسەر خۆ ئەم (نامەی ئەعمال)انەمان هیچ گوناحێکی فەرامۆش نەکردووە نە گچکە نە گەورە ئیلا هەر هەمووی تێدا تۆمار کراوە. جا دەبینن تاوان و سزاکە ئامادەیە و نوسراوەو بواری سڕینەوە و لابردن و گۆڕینی نییە، خوای پەروەردگارت خۆ ستەم لە کەس ناکات، حاشا وەلیللا، سزای کەس نادات لەسەر گوناحێك کە نەیکردبێت، پاداشتی چاکەکانیشی بەوە نافەوتێنێت کە گوناحی گەورەشی (غەیری شیرك) کردووە.

**دووەم: ئەو شێوازو ڕەفتارانەی هەستی چاودێری خوایی لە ناخماندا بە هێزدەکەن:**

١- بەردەوام بوون لەسەر ئەنجامدانی فەرزەکان لە کات و شوێنی خۆیاندا بەو چۆنیەتانەی کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کردوونی لە نوێژە فەرزەکان و زەکات و ڕۆژوو گرتن و حەج.. پاشان سوونەتەکان: نوێژی سوونەت و ڕۆژووی سونەت و خێر و خێرات و حەجی ئیزافی، و یاد و زیکری خوای گەورە و قورئان خوێندن و دوعا و پاڕانەوە و هیتد. هەروەها زیاد کردنی سەرنجدانمان لە ژیان و گەردوون و موفرەداتەکانی. ئینجا خۆ موحاسەبە کردن لەسەر کەمتەرخەمی و سستی و درێغی کردن لە لۆمەو گلەیی و سەرزەنشتی نەفس و ناچارکردنی وویست و دڵ و بەدەن لەسەر پابەندی زیاترو بۆ ساغ بوونەوەی ڕاست و بۆ خوا لێبڕانی ڕاستەقینە و خۆ (کۆنترۆل) کردن بە شێوەیەك کە لە ئاستی (مەقبول) نەیەتە خوارەوە بۆ بەزاندنی سنووری شەرع.

٢- کۆمەڵکاری و گەشەپێدانی هەستی کۆمەڵکاری و ژیانی کۆمەڵکاری دانەبڕان و تەرە نەبوون تاك نەکەوتن چونکە هەموو چوست و چالاکیەکی کۆمەڵکاری قەڵا و قوولڵەی بەرگرییە و شەیتان ناتوانێت ئاسان زەفەر بە کۆمەڵکار بگەیەنێت. شەیتان هەلی فریودانی کۆمەڵکارێکی کەمترە وەك لە کەسێکی تاك و تەرە، شەیتان لە ڕێی (وەسوەسە)ی خۆیەوە زیاتر و ئاسانترو خێراتر دزە دەکاتە کەلێنەکانی دڵ و دەروونی موسڵمانی تاك و تەرە وەك لە موسڵمانی کۆمەڵکار. بۆیە پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ موسڵمانە تاك و تەرەکەی بە مەڕی تاك کەوتوو چواندووە کە حەتمەن گورگ دەیخوات، وەك دەفەرموێ: (إِنَّمَا يَأْكُلُ الذِّئبُ مِنَ الغَنَم القَاصِيَة).[١] واتە: گورگ مەڕی تاك دەخوات کە لە ڕان دابڕاوە.

---

[١] ئەبوداوود (٤٥٩)، نەسائی (٨٣٨)، ئەحمەد (٢١١٦٨)، ئیبنوخوزەیمە (١٤٠٨).

هەر لەبەر نەفەوتان و کاریگەری کۆمەڵکارییە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی بە پابەند بوون بە کۆمەڵکارییەوە داوە، تا شەیتان زەفەرمان تاك و تەرا پێ نەبات. دەفەرموێ: (عَلَيْكُمْ بِالْجَمَاعَةِ، وَإِيَّاكُمْ وَالْفُرْقَةَ. فَإِنَّ الشَّيْطَانَ مَعَ الْوَاحِدِ، وَهُوَ مِنَ الاثْنَيْنِ أَبْعَدُ).[١] واتە: نەکەن تەفرەقەتان تێکەوێت و بهێڵن پەرتەوازە ببن، بە کۆمەڵکارییەوە پابەند بن، چونکە شەیتان زەفەر بە تاکی تەرە دەبات، بەڵام لە دووکەس دوورترە و (ئاسان دەرەقەتیان نایەت).

## ئەو پەند و ئامۆژگاریيانەی لەم فەرموودەوە وەردەگیرێن:

١- هەستکردن بە چاودێری خوای گەورە لە هەموو کات و شوێن و حاڵەتێکدا، تا ئەم هەستە لە دڵ و دەروونی هەر یەکەماندا دەبێتە پاسەوانێکی شەونخون و موراقیبێکی زاتی ناخی خۆمان.. گەشە پێدانی ئەم هەست و هۆش لێبوونە -والله أعلم- یەکەمین و سەرەکیترین پەرژینی دینداری و سەر ڕاستیە و قەڵا و قووڵلەی خۆ پاراستنە بە ئیزنی خوای گەورە. هەر ئەم هەستە زیتەیە کە دەبێتە زەنگی هۆشیار کردنەوە، ئەگەر موسڵمانەکە نزیکی سنوورەکانی حەرام ببێتەوە -ئەم هەستە ئەگەر شەونخون و چاودێرە- و خواش دەزانێت دەبێتە باشترین یارمەتیدەری موسڵمان لەسەر پارسەنگی و پابەند بوون بە مەنهەجی خوای تاك و پاکەوە. دەیان ئامۆژگاری و بەسەر هات لە سەلەفەوە گێڕاوەتەوە کە سووربوون لەسەر (زەرع) کردنی ئەم هەستە چاودێری خوای لە منداڵەکانیاندا هەر لە سەرەتای فامکردنیانەوە -لە ئەبولقاسم جونەیدەوە- ڕەحمەتی

---

[١] ترمذي (٢١٦٥) )ئەحمەد (١٨/١) ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح ابن ماجە/٢٣٦٣)دا دەفەرموێ:سەحیحە.

خوای لێبێت گێڕدراوەتەوە کە ڕۆژێك ویستوویەتی قوتابیە گچکەکانی تاقیبکاتەوە و بزانێ هەستی چاودێری خوای گەورەیان چەند لە دڵدایە و لە هەمان کاتیشدا فێریان دەکات، بە قوتابیەکانی دەفەرموێ کە سبەینێ دەچینە سەیران لە دەشتێکی چۆڵ، بەڵام هەر یەکەتان مریشکێکی سەربڕاو بهێنێت کە خۆی لە جێیەك سەری ببڕێت کە هیچ یەکێك نەیبینێت، بۆ سبەی هەریەکەیان مریشکێکی سەربڕاوی هێنا و گێڕایەوە کە لە کوێ و چۆنی سەر بڕیوە کە هیچ یەکێك نەیدیووە... تەنها یەکێك لە قوتابیەکان نەبێت، کە شێخ جونەید لێی پرسی: بۆچی تۆش بە سەربڕاوی نەتهێنا؟ قوتابیەکە وەڵامی دایەوە: ئاخر جەنابت فەرمووت لە شوێنێك سەری ببڕن کە هیچ یەکێك نەتانبینێت. منیش چوومە کۆڵان، چوومە سەربان، چوومە هەر جێیەك یەکێك هەر وەلدا بوو و دەبینیم و تەماشای دەکردم. شێخ پرسی: ئەو یەکە کێ بوو؟ قوتابیەکە ووتی: خوای گەورە بوو. شێخ باوەشی پێدا کرد وووتی بەڕاستی تۆ کوڕی منی).[1] ئێمەش دەبێت خۆمان و ئەولاد و قوتابی و شوێنکەوتووانمان ئاوا پەروەردە بکەین.

٢- زۆر هێنانەوەی بەسەرهات و ڕووداوی زەمانی سەلەف (یاوەران و دواتریان) هەروەها دید و هەڵوێست و ئامۆژگاری پێشەوایان و زانایان و فەرمانده و کاربەدەستانی خواناس و سەر ڕاست و بایەخ پێدانی ئەمانە کە وەکو چیرۆك و لە کاتی ئاڕاستە و پەروەردەکردندا بگێڕێتەوە، چونکە چیرۆك و بەسەرهات بە شێوەیەکی گشتی لە بیر ناچێتەوە، ئەگەر هەمووشی لە یاد نەمێنێت تەوەرە سەرەکیەکەی بزر نابێت، ئەمە یەکێکە لە نهێنیەکانی چیرۆك لە قورئانی پیرۆز و سوونەتی پێغەمبەری خودا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خوای گەورە زیاتر لە چارەکێکی بۆ باس  و بەسەر هات و ڕووداوی تاك و کۆمەڵەکانی پێش ئوممەتی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەرخان کردووە، دیارە کە کاریگەری ئێجگار زۆرە.

---

[1] ئیمامی غەززالی لە بەسەر هاتەکەی بە تەفسیلتر لە (احياء علوم الدين ٤ / ٣٨٤)دا هێناوەتەوە.

هەر یەکێك لە ئێمە دەیان چیرۆك و بەسەر هاتی قورئان و سوووننەتی لایە.. بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ)هود/ ١٢٠ واتە: چیرۆك و بەسەر هاتی هەر یەکێك لە پێغەمبەرانت کە بۆ باس دەکەین مەبەستمان وورە بەرزی و خۆگریی و دڵ پتەوییەتی. هەروەها (لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ) یوسف/١١١ واتە: لە چیرۆك و بەسەر هاتی هەر یەکێکیاندا (لە پێغەمبەرانی بەڕێز عَلَيهِمُ السَّلَام قەومەکانیان) پەند و ئامۆژگاری زۆر هەیە بۆ خاوەن هزر و ژیرەکان.

٣- بەشدار بوون لە کۆمەڵکاریی و ئەندام بوون لە کۆڕ و کۆمەڵێکدا و پابەند بوون بە ئاراستە و ئامۆژگاریی بەرنامەی دید و بزاووتیەوە، چونکە هەموو کۆمەڵکارییەکی ئیسلامی کە بۆ خوا دامەزرا بێت و بە پێی شەرع کار بکات و بۆ مەبەستەکانی ئیسلام پێکهێنرابێت، حەتمەن وزەی هەموو ئەندامەکان کۆمەڵکارانە بەگەڕ دەخات ئەوەش بێگومان کاریگەرترە و زووتر ئامانجەکان دەهێنێتە دی. جگە لەوەی کە کات و توانای موسڵمانان لە کۆمەڵکاریدا سەرف دەبێت و کاتی (فەراغ)ی نابێت. بێگومان شەیتانیش وەکو وتمان ئاسان زەفەری پێ نابات. -بەدەگەن زۆر دەگمەن- دەبینیت کەسێکی سەلەف گۆشەگیر بووبێت کۆمەڵکارانە لە کاردا نەبووبێت. سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ: (لَا إِسْلَامَ إِلَّا بِجَمَاعَةٍ، وَلَا جَمَاعَةَ إِلَّا بِإِمَارَةٍ، وَلَا إِمَارَةَ إِلَّا بِطَاعَةٍ، وَلَا طَاعَةَ إِلَّا بِبَيعَة).[١] واتە:

[١] ئەبوداوود (٣٦٦٤)، ئەحمەد (٣٣٨/٢)، داریمی (٢٥٧)، ئیبنوعەبدولبەڕ لە (جامع بيان العلم وفضله ژ/٣٢٦)، هەر خۆشی دەفەرموێ لاوازییەک لە سەنەدەکەیدا هەیە بەڵام بە کۆی ریوایەتەکانی دەگاتە پلەی حەسەن. ئەمەش دەقەکەیەتی: عَنْ تَمِيمٍ الدَّارِيِّ ، رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ، قَالَ : تَطَاوَلَ النَّاسُ فِي الْبِنَاءِ فِي زَمَنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ، فَقَالَ عُمَرُ : يَا مَعْشَرَ الْعُرَيْبِ ، الْأَرْضَ الْأَرْضَ ، إِنَّهُ لَا إِسْلَامَ إِلَّا بِجَمَاعَةٍ ، وَلَا جَمَاعَةَ إِلَّا بِإِمَارَةٍ ، وَلَا إِمَارَةَ إِلَّا بِطَاعَةٍ ، فَمَنْ سَوَّدَهُ قَوْمُهُ عَلَى الْفِقْهِ ، كَانَ حَيَاةً لَهُ وَلَهُمْ ، وَمَنْ سَوَّدَهُ قَوْمُهُ عَلَى غَيْرِ فِقْهٍ ، كَانَ هَلَاكًا لَهُ وَلَهُمْ).

ئیسلام بە بێ کۆمەڵکاری وجوودی نابێت، و کۆمەڵکاری بە بێ ئەمیرێتی نابێت، ئەمیرێتی بە بێ گوێڕایەڵیەتی نابێت، گوێڕایەڵیش بە بێ بەیعەتدان نابێت.

پێویستە موسڵمانی دیندار و ژیر ئەو کردەوە خێر و چاکانەی ئەنجامی داون و بۆی بوون بە زەخیرەی قیامەتی بە رەفتاری دووڕووانە لە دەستی نەدات... ئەو هەموو چاکەیەی کە بە قەدەر لم و زیخ و چەوی چیایەك بێت لەو لاوە خۆی مایە پووت نەکات!! ئەمە چ دینداریيەکە؟! ئەمە چ ژیریی و ئەقڵ و پێی شکانێکە؟! ئەمە وەکو ئەو گەلۆرانەیە کە بە کاسبی پارە پەیدا دەکەن و بە قومار دەیدۆڕێنن!! موسڵمان سوور دەبێت لەسەر هیدایەتی خوایی کە پابەند بوونیەتی بە دینەکەوە تا خوای گەورە زیاتر هیدایەتی بدات وەکو کە دەفەرموێ: (وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى وَآتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ) محمد/١٧ هەروەها دەفەرموێ: (وَمَن يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَّزِدْ لَهُ فِيهَا حُسْنًا ۚ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ شَكُورٌ) الشورى: ٢٣ واتە: هەر کەسێك کارێکی چاکە بکات چاکەی تری بۆ دەخەینە سەر خوای گەورە لێخۆشبووە و لە عەبدەکانی دەبوورێت و سوپاسکاریشە و سوپاسی چاکەکاران دەکات.

## فەرموودەی چوارەم

مَالِي وَلِلدُّنْيَا، وَمَا لِلدُّنْيَا وَمَالِي، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ

مَا مَثَلِي وَمَثَلُ الدُّنْيَا إِلَّا كَرَاكِبٍ سَارَ فِي يَوْمٍ صَائِفٍ،

فَاسْتَظَلَّ تَحْتَ شَجَرَةٍ سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ،

ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا.

## فەرموودەی چوارەم

### دنیا سایەی سەعاتێکە

(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ : دَخَلَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهُوَ عَلَى حَصِيرٍ قَدْ أَثَّرَ فِي جَنْبِهِ، فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ، لَوِ اتَّخَذْتَ فِرَاشًا أَوْثَرَ مِنْ هَذَا ؟ فَقَالَ : مَالِي وَلِلدُّنْيَا، وَمَا لِلدُّنْيَا وَمَالِي، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا مَثَلِي وَمَثَلُ الدُّنْيَا إِلَّا كَرَاكِبٍ سَارَ فِي يَوْمٍ صَائِفٍ، فَاسْتَظَلَّ تَحْتَ شَجَرَةٍ سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ، ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا).[١]

### کوردییەکەی

من لە کوێ و دنیا لە کوێ؟ دنیا لە کوێ و من لە کوێ؟ بەوەی گیانی منی بە دەستە نموونەی من و دنیا هەروەك و سوارییەك وایە کە لە ڕۆژێکی هاویندا لە سەفەر دابێت خۆ بگەیەنێتە ژێر سایەی درەختێك و بیەوێت لەو ڕۆژو حاڵەتەیدا ماوەیەك بحەوێتەوە، پاشان دەڕوات و جێ دەهێڵێت.

---

[١] ترمذي (٢٣٧٧)، ئیبنوماجە (٤١٠٩)، ئەحمەد (٢٦٤١)، ئیبنوحیببان (٦٤٨٧)، حاکم (٧٩٤٣)، طەبەرانی (١١٧٤٠) بەیهیقی (٩٧٢٣) ئیمامی نەوەویش لە (ریاض الصالحين ل١٨٦) دا هێناویەتیەوە و شێخ ئەلبانیش رحمەالله لە: (صحيح الجامع الصغير/ ٥٥٤٥)و لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة ٧٢٣/١) دەفەرموێ: سەحیحە.

## راویيەكەی

ئیبنوعەباس خوا لێیان رازی بێت: شەرعزانی ئوممەت و ئیمامی تەفسیر، ناوی عبداللەی کوڕی عەبباسی کوڕی عبدالموطتەلیبی کوڕی هاشمی قورەیشییە. ئامۆزای پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سێ ساڵ پێش هیجرەت لە مەککە لەدایکبوو. دوو ساڵ و شەش مانگ لە خزمەت پێغەمبەری خوادابوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. ئەم دینەی لە دەیان یاوەری بەڕیزی وەکو سەیدنا عومەرو سەیدنا عەلی و سەیدنا عبدالرحمانی کوڕی عەوف و ئوبەیی کوڕی کەعب و زەیدی کوڕی ثابت و موعاذو باوکی خۆی و ئەبوذەڕو ئەبوسوفیانەوە خوا لێیان رازی بێت وەرگرتووە. بۆتەوە بە مامۆستای دەیانی وەکو عەطائی کوڕی ئەبوڕەباح و موجاهیدو عیکرەمەو سەعیدی کوڕی جوبەیر.. ئەوانەی دینیان لێوە وەرگرتووە زۆرزۆرن. لەوانە کوڕەکەی خۆی: عەلی و عبداللەی برازای و کورەیب و ئەبومیعدی نافیذ و ئەنەسی کوڕی مالیک و ئەبوطوفەیل و ئەبوئومامەی کوڕی سەهل و عوروەی کوڕی زوبەیرو طاووس و عەلی کوڕی ئیمامی حوسەین و قاسمی کوڕی محمدی کوڕی سەیدنا ئەبوبەکرو شەعبی و ئیبنوسیرین و محمدی کوڕی کەعب و شەهری کوڕی حەوشەب و ئیبنوئەبومولەیکە.. ئیمامی ذەهەبی دەفەرموێ: سەدونەوەدوحەوت کەس لێیانەوە گێڕاوەتەوە[١]. پێنج کوڕو دوو کچی هەبوو. پیاوێکی سووروسپی باڵابەرزو بە هەیبەتبوو. زۆر ژیرو زیرەک و زانابوو. لەو کەمینە پیاوانەن کە کامڵبووبوون. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوعای زانستی بۆ کرد، کە فەرمووی:

---

[١] سير أعلام النبلاء ب٣ ل/٣٣٢.

(اللَّهُمَّ فَقِّهْهُ فِي الدِّينِ)[١]. واتە: خوایە لە دینەکەی شارەزاکە.. کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆچی دوایی کرد ئیبنوعەبباس تەمەنی پازدە ساڵان بوو.

_سەیدنا عومەری کوڕی خەططاب لە هەموو کارێکی گەورەدا پرسوڕای پێدەکردو بە قسەشی دەکرد. ناویلێنابوو گەنجی پیرەکان. سەیدنا عوسمانی کوڕی عەففان لە ساڵی ٣٥ک دا کردی بە بەرپرسی ئیمامێتی حەج. سەیدنا عەلی کردی بە والی بەسرە. خەڵکی ئەو ماوەیەی ئەو والییان بوو بە خۆشترین ماوەی ژیانی خۆیانیان دادەنا.

_سەیدنا سەعدی کوڕی ئەبووەققاص دەیفەروو: کەسم نەدیووە وەکو عبداللهی کوڕی عەبباس ئەوەندە زوو لە شت تێبگات و ئەوەندە زرنگ و ئەوەندە زاناو ئەوەندە سینەفراوان بێت. ئیبنوعومەر دەیفەرموو: کەس نییە بە قەدەر عبداللهی کوڕی عەبباس شارەزای ئەو وەحیە بێت کە بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە. طاووس کە پێشەوایەکی بەناوبانگی تابیعینە دەیفەرموو: بە خزمەت حەفتا یاوەری پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گەیشتم، هەموویانم وازلێهێنا بۆ ئەم زانا بەرێزە.

_ (١٦٦٠)فەرموودەی لێوە گێڕراوەتەوە.. لە زۆر زاناییدا نازناوی (دەریا)یان لێنابوو. وەڵامی هەموو پرسیارێکی لابوو. لە قورئان و فەرموودەو شەرع بوایە، یان لە زمان و شیعرو نەسەبی تیرەو هۆزەکان. وەڵامی بە ئایەت یان فەرموودە یان بە ئەقوالی یاوەران دەدایەوە. کە لە هیچیاندا نەیدەبینی ئینجا رای خۆی دەدا.

_ چونکە زۆر زاناو ژیربوو، خاوەن بەڵگەبوو. لە دانیشتنی یەکەمییدا لەگەڵ خەواریج دوو هەزار کەسی لێگێڕانەوە لای سەیدنا عەلی کە خەلیفەبوو، ئەوان لێی یاخی بووبوون.

---

[١] بوخاری (١٤٣)، موسلیم بە لەفزی (اللَّهُمَّ فَقِّهْهُ ).

_لەگەڵ ئەم هەمو زنايي و داناييەيدا زۆر ڕەوشتبەرز بوو. دەيفەرموو: كە ئايەتێكى قورئان دەخوێنم و لێيتێدەگەم حەز دەكەم هەموو موسوڵمانانم لێ تێگەياندايە. هۆشى لای خێركردن بوو، لای حاكم و ڕەعييەتەكە بوو.. دەيفەرموو كە دەبيستم كاربەدەستێك ڕەفتاری دادپەروەرانەی كردووە دوعای زۆر بۆ دەكەم، كە دەبيستم لە ناوچەيەك باران زۆر بارييوە زۆر دڵ خۆش دەبم پێی.. ماڵ و منداڵيشی وا خێرەومەند بوون. نانيان بێ ميوان نەدەخوارد. هەميش خۆراك و ميوەيان هەبوو بەشی دراوسێ دوورەكانيشيان لێدەدا..

_ خاوەن شەونوێژێكی تووڵانی بوو. بە ڕۆژيش بەڕۆژوو دەبوو. زۆر جار فرمێسكی بێدەنگانەی دەڕشت، ئەگەرچی هەوڵی دەدا كەس نەيبينێت. لە نوێژكردن و قورئانخوێندندا زۆر دەگريا. جاری وا هەبوو لەسەر ئاياتەكە دەوەستا چونكە لەبەر گريان و هەنيسكدان پێی نەدەخوێندرا.. لەگەڵ ئەم حاڵەتە ئيمانيەشيدا زۆر ئازاو بە چەرگبوو. ئەوانەی لە نزيكەوە لە غەزای ئەفريقادا لە خزمەتيدابوون، هەر باسی هەڵمەت و جورئەتی ئەميان دەكرد..

_كە سەيدنا حوسەين خۆی حازركرد بەرەو عێراق تەشريف ببات، ئيبنوعەبباس جڵەوی ئەسپەكەی گرت و زۆر لێی پاڕايەوە كە نەچێت. دواتريش كە هەواڵی شەهيدبوون هات، ئيبنوعەبباس لە خەمباريیدا كونجی ماڵی خۆی گرت و بۆ ماوەيەكی زۆر هەر نەهاتە دەرێ، كە دەشهاتە دەرێ تێكەڵ بە خەڵكی نەدەبوو..

_ ساڵی ٦٨ك لە تەمەنی ٧١ ساڵييدا لە طائيف كۆچی دوايی كرد. خوا لێی ڕازی بێت..

## هۆی هاتنی فەرموودەكە

ئیبنو عەباس خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە كە سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت چووە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بینی لەسەر حەسیرێك ڕاكشاوە نەخشی حەسیرەكە بەلەشیەوە دەركەوتووە، سەیدنا عومەر عەرزی كرد (لَوِ اتَّخَذْتَ فِرَاشًا أَوْثَرَ مِنْ هَذَا؟) واتە: ئەگەر ڕاخەرێكی لەمە نەرمترت هەبێت. فەرمووی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (مَالِي وَلِلدُّنْيَا، وَمَا لِلدُّنْيَا وَمَالِي، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا مَثَلِي وَمَثَلُ الدُّنْيَا إِلَّا كَرَاكِبٍ سَارَ فِي يَوْمٍ صَائِفٍ، فَاسْتَظَلَّ تَحْتَ شَجَرَةٍ سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ، ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا).[١] واتە: من لە كوێ و دنیا لە كوێ؟ دنیا لە كوێ و من لە كوێ؟ بەوەی گیانی منی بە دەستە نموونەی من و دنیا هەروەك سوارییەك وایە كە لە ڕۆژێكی هاویندا لە سەفەر دابێت خۆ بگەیەنێتە ژێر سایەی درەختێك و بیەوێت لەو ڕۆژو حاڵەتەیدا ماوەیەك بحەوێتەوە، پاشان دەڕوات و جێ دەهێڵێت.

## واتاو مەبەستی

خوای پەروەردگار مرۆڤی خەلقكردووە و كردوویەتی بە بریكار (خەلیفە)ی خۆی لەسەر زەمیندا، تا ئاوەدانی بكاتەوە و دادی خوا ویستی تێدا بچەسپێنێت. تا سوود لە هەموو كەرەستەیەكی ئەم سەر زەمینە بە وشكانی و دەریا و هەواوە بكات و بۆ خێر و خۆشی و كامەرانی مرۆڤایەتی دەستەبەری بكات.. بۆ هێنانەدی ئەم دوو مەبەستە نێردراوانی خۆی

---

[١] ثنا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مُعَاوِيَةَ الْجُمَحِيُّ، قَالَ: ثنا ثَابِتُ بْنُ يَزِيدَ، قَالَ: ثنا هِلَالُ بْنُ خَبَّابٍ، عَنْ عِكْرِمَةَ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ: دَخَلَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهُوَ عَلَى حَصِيرٍ قَدْ أَثَّرَ فِي جَنْبِهِ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ لَوِ اتَّخَذْتَ فِرَاشًا أَوْثَرَ مِنْ هَذَا؟ فَقَالَ: (مَالِي وَلِلدُّنْيَا، وَمَا لِلدُّنْيَا وَمَالِي، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا مَثَلِي وَمَثَلُ الدُّنْيَا إِلَّا كَرَاكِبٍ سَارَ فِي يَوْمٍ صَائِفٍ، فَاسْتَظَلَّ تَحْتَ شَجَرَةٍ سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ، ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا).

بۆ ناردوون، کە هەر لەناو خودی مرۆڤەکانەوە هەڵیبژاردوون پەیامی خۆی پێ داون تا کۆمەڵگەکانیان بەرەو خوا وویستی بهێنن، بۆ ئەوەی مرۆڤە خوا وویستە دیندارەکان خێر و خێراتی سەر زەمین بە پێی دادی خوایی بەسەر خەڵکیدا دادپەروەرانە دابەش بکەنەوە. ئەمە ئەو ئەرکەیە کە بە (بریکاریی) کردنەکەی پێی سپێردراوە. هەرچی لەم گەردوونەشدایە ئاسانکاریی ئەم ئەرکەی بۆ دەکات لە: ئاو و هەوا، لە خۆر و مانگ و ئەستێرەکان، لە دار و بەرد و گیانلەبەران و ڕووەك و هەموو ئەوانیتر کە لە گەڵیداو لە دەوروبەری دەژین. هەر خوای گەورە کاتێکی دیاری کراوی بۆ ژیانی تاك و ژیانی سەرجەمی مرۆڤایەتی دیاری کردووە، کە دەبێت تاك و کۆمەڵە و ماوەی ژیانیاندا ئەرکەکانی (بریکاریی)یەکە جێ بەجێ بکەن. چونکە لەو دنیادا لێیان دەپرسێتەوە، ئەو دنیا قوناغێکی تری (وجود) و شێوازێکی تری ژیانە کە دوای لێپرسینەوە و پاداشت و سزا هەمیشەیی تێیدا دەبێت -لەو دنیادا مرۆڤەکان- هەر هەموو باس-موحاسەبە دەکرێن، کردەوەکانیان دەخرێتەوە بەرچاوو، چاك و خراپیان لێ جوێ دەکرێتەوە، چاکەکانی پاداشتیان دەبێت و خراپەکانیشی سزا... پاداشتیش دوای ڕەزامەندی خوای گەورە بەهەشت و ناز و نیعمەتەکانێتی، سزاش -دوای داداگایی و ناڕازی بوونی خوای گەورە- دۆزەخ و ژان و ئازار و ناسۆرەکانێتی.

لەم روانگەوەیە کە کەسی ژیر و پەی پێبردوو و دووربین ناکەوێتە هەڵپەی ژیان و کۆڵی دنیای وا قورس ناکات نەتوانێت پێوەی بەرەوە خوای گەورە و ڕازیبوونەکەی هەنگاو هەڵنێتەوە، بەڵکو زۆر بەخەمی دنیایەوە نابێت و وەلای دەنێت. چاو دەبڕێتە قیامەتی و خۆی بۆ ئەوێ تەرخان دەکات، قۆناغی کورتی ژیانی دەکاتە وەرزی چاندن و ڕوواندن چاوەڕوانی بارانی ڕەحمەتی خوا دەبێت تا لە ڕۆژی دواییدا چاك بدوورێتەوە و تای چاکەی قورستر کات، چاوی لە قیامەتێتی و دنیاشی لە بیر ناچێتەوە، ئامانجی ڕەزامەندی خوای

گەورەو ڕوو سوری قیامەتێتی و دنیاش فەرامۆش ناکات... وەکو یەکیان نابینێت و یەکسانیان ناکات، چونکە ژیان گێلکەی ڕۆژی دواییە، بەو پارسەنگیە ڕەفتار لەگەڵ حەز و چێژ و بەرژەوەندی دنیایدا دەکات و ڕوو لە قیامەت، کە خوای گەورە بۆی نەخشە کێشاوە: (وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ) القصص/٧٧ واتە: لەوەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوون مەبەستت ڕۆژی دوایی بێت، وا سەرفی کە کە ڕەزامەندی خوای گەورەت دەست دەخات، نەك لە زێدەڕۆی و دەستدرێژی هەوا و فیز و تاواندا... پێداویستی و چێژ و تەمەنی دنیاشت فەرامۆش مەکە، ئەوەندەش بە دنیاوە سەرقاڵ مەبە ئامانجە قیامەتییەکەت لا لاوەکی ببێت، چونکە ئەسڵ ئەوەیە بۆ قیامەتت بژیت. چاکەکاریش بە لەگەڵ خەڵکانی خوادا هەر وەکو خوای گەورە چاکەی لەگەڵ تۆدا کردووە لە موڵکی خۆی بە لوتفی خۆی بۆ تاقیکردنەوەت پێی بەخشیویت.. لە دنیاشدا سنووری عەبدایەتیت بە تاوان و گوناح و سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە مەبەزێنە و مەبەستت بڵاو کردنەوەی خراپەکاری نەبێت، چونکە خوای گەورە خراپەکارانی خۆش ناوێت..

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەمەنی دنیا و ژیان و چێژی دنیای بە بەراورد لەگەڵ ژیانی ڕۆژی دواییدا نیشانداوە. کە لەسەعاتێك، لە ماوەیەکی کورت و کەمی بەر سێبەری درەختێك زیاتر نییە، هەموو ژیانی دنیا لە چاو ڕۆژی دواى و ژیانی نەبڕاوەیدا ناکاتە ساتە وەختێکی ڕۆژێکی دنیا، کە لە چاو ڕۆژی دواییدا هیچ نیە... پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەمە وەکوحەقیقەتێکی عەقائیدیی و بە بەڵگە نەویست دەخاتە پێش چاوی موسڵمانان تا لە ناخی دیدو تێڕوانینی عەقائیدیاندا بچەسپێت و بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ژیانی دنیادا دەکەن.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: من و دنیا چیمان بە سەر یەکەوە هەیە؟ چ پەیوەندیەکمان پێکەوە هەیە؟ هیچ... مەگەر ئەو ساتە وەختەی وەکو گەشتیارێکی ڕۆژانی هاوین و موسافیرێکی بیابان دەچمە بەر سێبەری دنیا، کە وەکو سێبەری درەختێکە، کە هەڵدەستم و جێی دەهێڵم...جێشی نەهێڵم ئەو دەڕوات و من جێ دەهێڵێت.

- حەوانەوەی ساتە وەختێکی بەرسێبەر ماوەیەکی زۆر کەم چێژە، تەنها بۆ حەوانەوە و گوڕووتینێکی تری ڕەنجدانە قیامەتییەکەیە، نەك بۆ پاڵدانەوە و بێ خەم بوون و خەوی خۆش!

- ئاوا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەم حەقیقەتە عەقائیدیە سەرەکیەی لە ناخی یاوەراندا کردە بەڵگە نەویستی ژیانی تاك بە تاکیان.

- هێنانەوەی نموونە لە چەسپاندن و جێگیر کردنی ڕێسا عەقائیدیەکاندا پێویستە. نابینیت چۆن خوای گەورە لە باسی نموونە و کاریگەریدا دەفەرموێ: (وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ) الحشر/٢١ واتە: ئەو نموونانەی دەهێنینەوە و دەیخەینە پێش چاوی خەڵکی تا تێفکرن، بیر بکەنەوە. و هەروەها دەفەرموێ: (وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ) إبراهيم/٢٥ واتە: (خوای گەورە نموونە دەهێنێتەوە و بەرچاوی خەڵکی دەخات بەو هیوایەی بە هۆش بێنەوە و بیریان بکەوێتەوە).

## ئەمە مانای وێڵكردنی دنیا و گۆشەگیری نییە:

بۆ ئەوەی خەڵكانێك بە هەڵە لە فەرموودەكە نەگەن و وابزانن كە فەموودەكە داوای وەلكردنی دنیا دەكات، داوای گۆشەگیریی و خۆ تەرخان كردن بۆ خوا پەرستی دەكات. پێویستە چەند خاڵێك بخەینە بەرچاو:

### ١- هەڵوێستی موسڵمان (لە ژیانی دنیا):

ئیسلام ڕێی داوە بە موسڵمان چۆن و چەند چێژ لە ژیانی دنیا وەردەگرێت، بۆی هەیە، بەڵام بە دوو مەرج: یەكەم: پێویستە بە چۆنیەتیەك بێت كە بەڵگەی شەرعی لەسەر بێت كە ڕەواییە.

دووەم: ماڵ و سامان و دنیا كە لە دەستی موسڵمانەكەدا بێت نەك لە دڵییدا، نەك ئەوەندە دڵی پێوەی بێت كە داوای بەخشینی لێبكەن، یان وەلكردن و هیجرەت كردنی دڵی نەیات و لە دەستی نەبێتەوە.. ئەم حاڵەتە كاریگەری خراپی لەسەر دین و دینداریتیەكەی هەیە، چونكە وا دیارە پاراستنی حەزە دنیاییەكانی لە پێشترە وەك لە (ئیمان) و (هیجرەت) و (جیهاد) و (داڵدەدان- إيواء) و (پشتگیری -النصرة ).[1]

لەم ڕوانگەیەوە كە ئایەت و فەرموودەی زۆر دەبینین باسی ناز و نیعمەت و چێژی دنیا دەكەن و دەستخستنی بە حەڵاڵ و چاك وەسف دەكەن:

خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا ۚ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ * وَكُلُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ حَلَالًا طَيِّبًا ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي

---

[1] كە ئایەتی ٧٢ سورەتی ئەنفال دەیانكاتە ڕوكنی پێكهاتەی كۆمەڵكاری ئوممەت، و پێشەكی و مەرجی (ولاء)ی موسڵمانان.

أَنتُم بِهِ مُؤْمِنُونَ)المائدة/٨٧- ٨٨ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەو شتانە لە خۆتان حەرام مەکەن کە پاك و حەڵاڵن و خوای گەورە ڕێیداون چێژیان لێ وەرگرن (بۆ ئەوەی وا نەزانن وەلاکردنیان کارێکی چاکە و خوا پەرستیە، یان هەروا بە بڕیارێکی هەڵەشەیی کابرا بڵێ: دەی فڵان شتم لێ حەرام بێت، یان تا ماوەی ئەوەندە لێم حەرام بێت، ئەمە شیاو نیە و کەس بۆی نیە حەڵاڵێك بۆ خۆی حەرام بکات. (وەکو ئیمامی تەبەری دەفەرموێ: چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕێگای نەدا بە عوسمانی کوڕی مەظعون (عُثْمَانَ بْنِ مَظْعُونٍ) خۆی بخەسێنێت و چێژێکی دنیا لە لە خۆی قەدەغە بکات) پاشان خوای گەورە دەفەرموێ:(وَلَا تَعْتَدُوا) واتە: سنوور مەبەزێنن. دەستدرێژی مەکەنە سەر فەرمانی خوای گەورە لە خۆتانەوە حەڵاڵەکانی حەرام بکەن، یان حەرامکراوەکانی حەڵاڵ بکەن.[١] خوای گەورە سنوور بەزێنی دەستدرێژکاری خوش ناوێت. سا لەو حەڵاڵە پاك و ڕێپێدراوانە بخۆن و بخۆنەوە کە خوای گەورە بۆی دیاری کردوون، لە خواش بترسن، دینداریتان قایم بگرن، سەر ڕاستانە و خوا وویستی بۆ ئەو خوایەتان نیشاندەن کە باوەڕتان بە خوایەتیەکەی هێناوە و بە عەبدایەتیکردن بۆی ڕازی بوون .

هەروەها دەفەرموێ: (فَكُلُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ حَلَالًا طَيِّبًا وَاشْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ) النحل/ ١١٤واتە: دەی سا لەو ڕزق و ڕۆزیەی خوای گەورە بۆی فەراهەم

---

[١] ئیمامی ئەبو حەنیفە و ئەحمەد دەفەرموون ئەگەر ووتی شەرت بێت لێم حەرام بێت، نابێت بەکاری بهێنێت دەنا کەفارەتی سوێندەکەت دەکەوێتە سەر. بەڵام جمهوری پێشەوایانی تر دەفەرموون قسەکەی باتڵە و کەفارەتی ناکەوێتە سەر. ئەم بۆچوونەشیان پەسەندترە. چونکە فەرموودەی صەحیحی لەسەرە. لە تەفسیری سورەتی (تەحریم) دا ئاماژەمان پێداوە. والحمد لله.

هێناون بە حەڵاڵی دەستی خەن و بە حەڵاڵی بیخۆن و سوپاسی خوای گەورە لەسەر ئەو نیعمەتانە بكەن، ئەگەر ڕاست دەكەن و پەرستیاری ئەو خوایەتانن.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (نِعْمَ الْمَالُ الصَّالِحُ فِي يَدُ عَبْدُ الصَّالِح).[1] واتە: ئای كە شتێكی جوان و نایابە كە ماڵ و سامانی چاك و پاك لە دەست عەبدی پیاو چاكدا بێت. هەروەها دەفەرموێ: (الدُّنْيَا مَتَاعٌ وَخَيْرُ مَتَاعِ الدُّنْيَا الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ).[2] واتە: ژیانی دنیا چێژە، باشترین سەرچاوەی چێژیشی ژنی چاكە.

هەروەها (الدُّنْيَا مَلْعُونَةٌ مَلْعُونٌ مَا فِيهَا إِلَّا ذِكْرَ اللَّهِ وَمَا وَالَاهُ أَوْ عَالِمًا أَوْ مُتَعَلِّمًا).[3] واتە: دنیا نەفرین لێكراوە، ئەوەی تێشیدایە هەر نەفرین لێكراوە، مەگەر یادی خواو ئەوەی لێوە دێت، یان زانا بوون یان فێرخواز بوون تێیدا زۆر لە سەلەف (یاوەران و تابعین و تابعی تابعین) دەوڵەمەند بوون و هەر پەیداشیان دەكرد، بەڵام دنیاكە لە دەستیاندا بوو نەك لە دڵیاندا، كاتێك داوای بە خشینیان لێ دەكرا هەیانبوو هەرچی سەروەت و سامانی هەبوو دەیهێنا، وەك سەیدنا ئەبوبەكر خوا لێی ڕازی بێت جارێك كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ داوای لە یاوەران كرد ببەخشن و سوپای جیهاد ڕێكخەن، سەیدنا ئەبوبەكر (هەموو) سەروەت و سامانی خۆی هێنا!! پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

---

[1] موسلیم (١٤٦٧) ئیبنو ماجە (١٨٥٥) ئەحمەد (١٦٨/٢).

[2] موسلیم (١٤٦٧)، ئیبنوماجە (١٨٥٥)، ئەحمەد (١٩٧،٢٠٢/٤٠).

[3] ئیبنوماجە (٤١١٢)، ترمذي (٢٤٢٤ )،طەبەرانی (٤٢٢٠)، بەغەوی (٤٠٢٨). ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة ٢٧٩٧/٦/١)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

لێ پرسی: (مَا أَبْقَيْتَ لأَهْلِكَ؟ قَالَ: أَبْقَيْتُ لَهُمُ اللَّهَ وَرَسُولَهُ).[١] واتە: ئەدی چیت بۆ ماڵ و منداڵت گلداوەتەوە؟ فەرمووی: خوا و پێغەمبەری خوام بۆ هێشتوونەتەوە.

سەیدنا عوسمان خوای لێی ڕازی بێت سوپای (عوسرە)ی بۆ غەزای تەبووك بە چەك و خۆراك و سواریی و مەسروفەوە ساز کرد: کە ئەوەند زۆر بوو.. کاتەکەش گرانی و نەداری بوو.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَا ضَرَّ عُثْمَانَ مَا عَمِلَ بَعْدَ الْيَوْمِ).[٢] واتە: لەمڕۆ بە دواوە عوسمان هەرچیەك بکات زیانی بۆی نابێت!

- سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت لە غەزایەکدا نیوەی ماڵ و سامانی هێنا.

- سوهەیبی ڕۆمی خوالێی ڕازی بێت لە کاتی هیجرەتکردنەکەیدا تەنازولی لە هەموو ماڵ و سامانەکەی کرد بۆ قوڕەیش تەنها لەبەر ئەوەی ڕێگای هیجرەتکردنی بۆ مەدینە لێنەگرن، کە گەیشتە مەدینە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی فەرموو (رَبِحَ صُهَيْبٌ، رَبِحَ صُهَيْبٌ).[٣] واتە: ئەرێ سوهەیب مامەڵەکەت قازانجی کرد، ئەرێ سوهەیب مامەڵکەت قازانجی کرد.

---

[١] ئەبو داود (١٦٨٠ ) ترمذي ( ٣٦٧٥ ) ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن أبي داود ٣٦٦/٥)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

[٢] ترمذي (٣٧٠١)، حاکم (١١٠/٣)، ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن الترمذي/ ٣٧٠١)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٣] حاکم: المستدرك (٣٩٨/٣). ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة ٢٧٩٧/٦/١)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

**٢- تێگەیشتنی ڕاست لە دەقەكانی زەمی دنیا و حەزكردن لێی:**

ئەم دەقانەش وا لە موسڵمان دەخوازن كە كۆڵی دنیایی قورس نەكات و زاهیدانە بژی و لە چێژی دنیادا نقوم نەبێت و ئیتر وابزانێت قیامەتیشی ئاوا مسۆگەر دەبێت.!

- خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّمَا مَثَلُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاءٍ أَنزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ النَّاسُ وَالْأَنْعَامُ حَتَّى إِذَا أَخَذَتِ الْأَرْضُ زُخْرُفَهَا وَازَّيَّنَتْ وَظَنَّ أَهْلُهَا أَنَّهُمْ قَادِرُونَ عَلَيْهَا أَتَاهَا أَمْرُنَا لَيْلًا أَوْ نَهَارًا فَجَعَلْنَاهَا حَصِيدًا كَأَن لَّمْ تَغْنَ بِالْأَمْسِ ۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ) یونس/٢٤ واتە: نموونەی، ژیانی دنیا هەر وەكو ئەو حاڵەتەیە كە بارانمان لە ئاسمانەوە باراند و چووە ناخی زەوی لەوێشەوە بۆ ڕەگ و ڕیشاڵی ڕووەكی سەر زەمین و بو بە سەرچاوەی خۆراكی خەڵكی و ئاژەڵ و گیانلەبەرانی تر، ئیتر كە زەوی ئاڵ و واڵا ڕازایەوە و هەموو جۆرە ڕەنگ و بۆن و بەرهەم و جوانیەكی لە خۆ گرت و وەكو بووك ڕازایەوە و خاوەنەكەی (خاوەن زەوی و زار و كێڵگەو بێستانەكان) وایانزانی ئیتر هەموو شتێك لە دەست خۆیاندایە و دەدوورنەوە و حاسڵات دەچنەوە و بەرهەم بار دەكەن، فەرمانی ئێمەی پێگەیشت، شەو بووبێت یان ڕۆژ لە چاوتروكاندا ڕیشەكێش بوو، نابووت و فەوتاو. دەتووت دووراوەتەوە و پەرێز كەوتووە! هەر دەتووت ئەمە ئەو بەرهەمەی دوێنێ نیە و كات و شوێن و حاڵەتێكی ترە! ئا ئەم نموونە تەفسیلیە گشتگیرە دەخەینە پێش چاوان كە نیشانە و بەڵگە و مایەی هۆش هێنانەوە و تێفكرین و پەی بە حەقیقەت بردن بۆ كەسانێك كە سەرنج دەدەن و بیر دەكەونەوە.

- هەروەها دەفەرموێ: (اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ ۖ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَامًا ۖ وَفِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٌ ۚ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ) الحدید/٢٠ واتە: بزانن كە ژیانی دنیا شتێكی پووچ و باتڵە و مایەی دەسخەڕۆ بوون و

خافڵان و سەرگەرمیە.. مایەی ڕاکێشان و مەشغوڵ کردن و بێ ئاگا بوونە لە قیامەت، بۆ ئەوانەی باوەشیان پێدا کردووە و لە هەڵپەی بێ وچاندان بۆی.. ژیانی دنیا ئاڵ و واڵا و جوانیە، بەڵام جوانیەکی فریودەر و لە خشتە بەر، ئەوەی شەیدای دەبێت و دژوار دەکەوێتە دوایی و پێوە دەبێت.. دیسان دنیاو ژیان و تەمەنە کورتەکەتان تێیدا مەیدانی شانازیکردنتانە بەسەر یەکترییدا کە ناهەقیە، هەروەها مایەی چاو ڕۆشنی و شادمانیتانە بە تایبەت بۆ ئەوانەی ماڵ و سامان و ئەولادیان زۆرە و خۆ بەسەر نەداراندا با دەدەن و لووت بەرزانە خۆیان بەسەردا دەنوێنن، ئا ئەمەیە ئەو دنیایەی کە هەندێکتان وا فریوی خواردوە قیامەتی لەبیر چۆتەوە! یان جار جارە وەبیری دێتەوە!! ئی ئەوە وەك تاوە بارانێکە کە جووتیار و خاوەن زەوی و زارەکانی پێ خۆشحاڵ دەبن و دەکەونە ئاودێری باخ و بێستانەکانیان جا دوای بوژانەوە و گەشانەوە و بەرهەم هاتن زەرد هەڵدەگەرێن و دەپروێن، دەبنە کاو پوش و پەڵاش.. کوێرا وای بەسەر هات؟ ماوەی جوانی و تەڕ و بەلیەکەی چەند کەم بوو! ژیانی دنیاش ئاوایە، ئینجا ئەمیش سزای ڕۆژی دوایی بەدوادا دێت، کە کافران هەڵدەپروکێنێت و دەیانخاتە ناسۆر و سزای بە ژانەوە.. موسوڵمانانیش لێخۆش بوونی خوای گەورە چاوەڕێیانە و بە ڕەزامەندی ئەو بەختەوەر دەبن. دەی سا هۆشتان لەوە نەبڕێت کە ژیانی دنیا مایەی فریودان و هەلخەڵەتاندن و لاڕێکردنی هەر کەسێکە کە ڕووی تێکردوە و لا بەلای قیامەتیدا ناکاتەوە!

هەروەها دەفەرمویێ: (زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِۗ ذَٰلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَاۖ وَاللَّهُ عِندَهُ حُسْنُ الْمَآبِ) آل عمران/ ١٤ واتە: چێژ و حەزە دنیاییەکان لای خەڵکی خۆش و شیرین و جوان کراون لە حەزی جنسی حەزی ژن و منداڵ و سەروەت و سامانە زۆر بە هەزار و هەزارەها، بە دوقات و دەقات، بە چەندین بەرامبەر کە هەتا هەیبێت حەزی بە

هەبوونی هیتر دەبێت! لە زێڕو زیوو، لە ئەسپەشێ، لە حوشتر و مانگا و مەڕ و ماڵات، لە زەوی و زار و باخ و بەرهەم.. لەمانەی تەوەرەی چێژەکانی دنیان، بەڵام ئەمانە هەر چێژی دنیاین هۆشبەر و بڕاوەن.. ئەوەی لای خوای گەورەیە گرنگە، لە چەندیەتی و چۆنیەتی و حاڵیەتیدا ئەوەی ئەیەوێ نیعمەتە و مایەی چێژی بەردەوام و نەبڕاوەیە. بۆ کەسانێك کە بەرەو خوا گەڕاونەتەوە و حەزیان بە دیداری ئەوە و تەماعیان لە لێخۆش بوون و ڕەزامەندی ئەودایە.

هەروەها: (إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ) لقمان/٣٣ واتە: بە تەئکید پەیمانی خوای گەورەیە و ڕاستەو بەڵێنی بەجێیە و پاداشتی کاری خێرتان دەداتەوە و هەڕەشەکانیشی دێنێتە دی کە فەرمویەتی سزای خراپە کاریتان دەدات، جا با دنیا فریوتان نەدات لە هۆش و هەستی هەستی مەحشەر و پرسینەوەتان نەخات و شەیتان زەفەرتان پێ نەبات و لە خشتەتان بەرێت (بڵێ ئەم گوناهەش بکە خوا کەریمە!).

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دفەرموێ: (مَا الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا مِثْلُ مَا يَجْعَلُ أَحَدُكُمْ إِصْبَعَهُ فِي الْيَمِّ فَلْيَنْظُرْ بِمَ تَرْجِعُ).[1] واتە: هەموو دنیا لە چاو ڕۆژی دواییدا وەکو ئەوەیە کە یەکێکتان پەنجەی بکات بە دەریایەکدا.... جابزانە چەند تەڕایی بە پەنجەیەوە دێت( یان پەنجەی چەند تەڕایی لەگەڵ خۆی دێنێت؟). هەروەها دەفەرموێ: (كُنْ فِي الدُّنْيا كَأَنَّكَ غَرِيْبٌ أو عابِرُ سَبِيْلٍ).[2] واتە: لە دنیادا وەك غەریبەی شارێك ڕەفتار بکە یان وەك ڕێبوارێك کە دێت و تێ دەپەڕێت.

---

[1] موسلیم (٢٨٥٨)، ترمذي (٢٣٧٧)، ئیبنوماجە(٢١٠٨)، ئەحمەد (٤ ٢٢٩).
[2] بوخاری (٦٤١٦)، موسلیم (٤٠٢).

هەروەها: (لَوْ كَانَتِ الدُّنْيَا تَعْدِلُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ مَا سَقَى كَافِرًا مِنْهَا شَرْبَةَ مَاءٍ).[١]
واتە: ئەگەر هەموو دنیا لای خوای گەورە به قەدەر باڵە مێشولەیەك نرخی هەبوایە، قومێك ئاوی لێ نەدەدا بە کافرێك.

هەروەها ئەو دەقانەی تر کە هاوشێوەی ئەمانەن و ماناکانی ئەمان تەئکید دەکەنەوە.. مەبەست لە هەمووی ئەوەیە کە خۆشویستنی دنیا و هەڵپەی بەرژەوەندی وەدەستهێنان و تێرکردنی حەزەکانی خاوەنێتی و جنس و ئەولاد و سامان و پلەو پایە... هتد ناشێت ببنە ئامانج، ناشێت قیامەت بیر ببەنەوە، ناشێت نەخشەی عەبدی موسوڵمان لە خواوویستی و قیامەتخوازیەوە بگۆڕن بۆ دنیا وویستی و باوەش بە دنیادا کردن، بەڵکو دەبێت ئامانج قیامەت بێت و دنیاش فەرامۆش نەکرێت، ئەوە هاوکێشە پارسەنگەکەیە: (وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَۖوَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَاۖوَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَۖوَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِۖإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ) القصص/٧٧ ناشێت هەموو هەست و هۆشیکی موسوڵمان بکەوێتە سەر دنیا وویستی و هۆش لە دیداری خوای گەورە نەمێنێت، خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا وَرَضُوا بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاطْمَأَنُّوا بِهَا وَالَّذِينَ هُمْ عَنْ آيَاتِنَا غَافِلُونَ * أُولَٰئِكَ مَأْوَاهُمُ النَّارُ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ) یونس/٧-٨ واتە: ئەو کەسانەی باوەڕیان به زیندو بوونەوەی قیامەت و دیدارمانە،کە بە ژیانی دنیا رازی بوون و پێ بێخەم بوون و هۆشیان لە ڕۆژی دوایی نەماوە و لەو هەموو نیشانەو بەڵگانەی ئێمە غافڵن و خۆیان لێ بێهۆش و گۆش کردوە،

---

[١] ترمذي ( ٢٣٢٠)، ئیبنوماجە (٤١١٠)، بەیهیقی (٣٢٥/٧)، ئەبونوعەیم لە: الحلية (٣٥٣/٣). دکتۆر ظافر بن حەسەن دوای توێژینەوەی ریوایەتەکانی دەفەرموێ: بە سەرجەمی کۆی ریوایەتەکانی کە نۆ رێگان دەبێتە (صحيح لغيره)

نیشتەجێی ئەوانە هەر ئاگری دۆزەخ دەبێت.. ئەوە چارەنوس و ئەنجامی ئەو نیەت و دید و ڕەفتار و هەڵوێستانەیە کە لەدنیادا هەیانبوە.

هەروەها دەفەرموێ: (مَّن كَانَ يُرِيدُ الْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُ فِيهَا مَا نَشَاءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُ جَهَنَّمَ يَصْلَاهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا) الإسراء/١٨ واتە: ئەو کەسەی لە ئەنجامدانی کارە خێرەکانیدا مەبەستی دەستکەوتنی دنیاییە (کافر بێت یان موسوڵمان) بەنسیبی دەکەین و خێر دێنینەوە ڕێی، بۆ هەر کەسێك بمانەوێت ئاسانکاری تری بۆ دەکەین، بەڵام چونکە بەئومێدی ڕەزامەندی خوای گەورە ئەنجامی نەداوە و بەدینی خواوە پابەند نەبووە، بەزەلیلی و سەر شۆڕی و دەرکراوی لەڕەحمەتی خوا دەیخەینە دۆزەخەوە.

## ئەو پەند و ئامۆژگاریانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەزەرکردن و هۆشداری لەوەی دنیا ببێتە ئامانجی موسوڵمان و هەموو ڕەنجێکی بۆ چێژەکانی ژیانی دنیا تەرخان بکات و هۆشی لە قیامەت نەمێنێت،یان هۆشێکی لابەلای سارد و سڕی پێوە بمێنێت. چونکە ژیانی دنیا کۆتایی گەشت و مەنزڵگای حەوانەوەنیە، ئەوە قیامەتە کە کۆتایی قۆناغەکانی وجود و جێ حەوانەوەی هەتا هەتایی و چێژی بێ سنور و بێڕادە و بڕەکانە. موسوڵمانەکەی کەسوکاری فیرعەونیش ئەو حەزەرەی دایە قەومەکەی خۆی کە فەرموی: (يَا قَوْمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا مَتَاعٌ وَإِنَّ الْآخِرَةَ هِيَ دَارُ الْقَرَارِ) غافر/٣٩ واتە: هۆ گەلۆ ئەم ژیانەی دنیا هەر چێژیکی کاتیە و دەڕوات و دەبڕێتەوە، بەڵام ماڵی ڕۆژی دوایی جێ نیشتەجێ بوون و ئۆقرە گرتن و ئارامیە.

خوای گەورە بە پێغەمبەرە بەڕێزەکەشی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (قُلْ مَتَاعُ الدُّنْيَا قَلِيلٌ وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ اتَّقَىٰ)النساء/٧٧ واتە: بڵێ چێژی دنیا کەم و کۆتایە،چێژەکانی ڕۆژی دوایی چاکترن لای کەسێك سەر ڕاستانە دینداری بکات و تەقواکار بێت. هەروەها دەفەرموێ: (فَمَا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ)التوبة/٣٨ واتە: هەموو چێژەکانی ژیانی دنیا کە بەراورد دەکرێت بەناز و نیعمەتەکانی ڕۆژی دوایی زۆر کەم دێنە پێش چاو هیچ نین.

٢- خۆ ڕاگرتن بەرامبەر هێزی ڕاکێشانی حەزە دنیاییەکان و ئارامگرتن لەسەر ژان و ناسۆر و مەحروم بوونەکانی ژیان لەگەڵ ڕەنجی بەردەوامماندا بۆ لادان و ڕادانی زیاتر و بەدەستهێنانی سود و چاکە و خێر و بەردەوام بوونمان لەسەر ئەم دیرۆك و بزاوت و هەڵوێست و بەرنامە و ڕێبازە تا بە دیداری خوای تاك و پاك شاد دەبین.. ئەوە یەکێکە لەواتا لاوەکیەکانی ئەم فەرموودەیە کە ژیانەکەی چواندوە بە موسافیرێکی ڕۆژێکی گەرما و

لە بیابانێکی بێرون و کاکی بەکاکیدا، کە هەموو کات و شوێنێکی مایەی ماندویی و هیلاکی و ئازارە! ئا لەم حاڵەتەدا موسافیرە ماندوەکەی قیامەت تاوێك دەچێتە بەر سێبەری درەختێك، نەك بۆ پاڵدانەوەو خەو و بێخەم بوون، بەڵکو بۆ حەوانەوەیەکی بەسود بۆ بڕینی گەشتە دورو سەختە تەنیاییەکەی.. چونکە دەبێت زوو بکەوێتە ڕێ تا دەگاتەوە ماڵ لەوێ بە تەواوی دەحەسێتەوە.. گەشتی موسوڵمانیش لە دنیادا ئاوایە، هەرچەندە دەوروبەری قەرەباڵغ بێت، ئەو گەشتی خۆی لەبەرە و تەنها دەیبڕێت، ژیانی دنیاکە وەکو بیابانی بێرون و ( وشك و بێ ئاو )ە بەڵام لێرەو لەوێ درەخت و سایە و بەروبومی مێرگی تاك و تەرایی لێیە،کە مەنزڵگای حەوانەوەیەکی کە من، نەك مەنزڵی نیشتەجێ بوون.. موسوڵمانان لەم دنیایەدا جۆرەها ژان و ناسۆر و بەڵاو موسیبەت دێنە ڕێ هەروەکو لە جۆرەها خێر و خۆشی چێژ و جوانیش دێنە ڕێ.. هەردوکیشیان کەرەستەی تاقیکردنەوەی باوەرداریی و ئارامگرین.. موسوڵمان دەبێت لەسەر هەموو نارەحەتیەکانی ڕێ خۆڕاگر بمێنێت و چێژ و خۆشیەکانیش بگاتە مایەی حەوانەوەی کاتی و شەحن بوونەوەی و وزەو توانای ڕەنجبەرانی تر، لە هەرچیەك ماندوو بو کەمێك دادەنیشێت، کە حەوایەوە تێهەڵدەچێتەوە.. وە دەکەوێتەوە ڕەنج و خەبات و بانگەواز و جیهادەکەی ئاواتە ئەو ساتەی راسپاردەکەی خوای گەورە گیانی لێوەرگرێتەوە و ئارامگرانە و سینە فراوانە بە خوای خۆی دەگات و خوا وویستانە چاوەڕوانی لوتفی خوای گەورە دەبێت کە پاداشتی بە لێخۆش بوون و بەهەشتەکەی بداتەوە..

پێویستە داعی موسوڵمان و بانگخوازی ئیسلام بەردەوام نمونە بۆ قسەکانی بهێنێتەوە و ئەو حاڵەتانەی باسیان دەکات بیانچوێنێت بە دیمەنی تری چەسپاو و کاریگەر لە دید و زین و خەیاڵی بەرامبەریاندا، ئەمە ئەوانیش بەشدار دەکات لە گفتوگۆکەدا ئەگەرچی هەر لەزیهن و هۆشیشیدا دەبێت، جگە لەوەی کە ناهێڵێت بەرامبەرەکانی بێزار بن و تاقەتی گوێگرتنی زۆرتریان نەمێنێت. نموونە هێنانەوەی زۆرینەی وایە کە دیمەنێکی نادیار و

خەیاڵی بە دیمەنی بەرجەستەی هەسپێکراو دەچوێنێت تا لە هزر و هۆشدا بچەسپێت و لە یاد نەچێت،خوای گەورەش دەفەرموێ: (وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ وَمَا يَعْقِلُهَا إِلَّا الْعَالِمُونَ) العنكبوت/٤٣ واتە: ئەو نمونانە بۆ خەڵکی دەهێنێتەوە بەڵام ئەوانەی پەی پێ دەبەن و لێی تێ دەگەن هەر زانا و شارەزاو چاو کراوەکانن.

## فەرموودەی پێنجەم

لَا تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا

وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا

أَوَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ؟

أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ.

## فەرموودەی پێنجەم

# سەلامکردن کلیلی بەهەشتە

(وعن أَبي هريرة ﷺ قَالَ: قال رَسُول الله صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم: لا تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا، وَلا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا، أَوَلا أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ؟ أَفْشُوا السَّلامَ بَيْنَكُمْ).[١]

## کوردیەکەی

ئەبوهورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ناچنە بەهەشت تا باوەڕ نەهێنن، باوەڕیشتان دانامەزرێت تا یەکتریتان خۆش نەوێت،ئەرێ شتێکتان پێبڵێم کە بیکەن و خۆشەویستیتان بۆ یەکتری زیاتر بکەن،سەلام لێکردن لە ناو خۆتاندا برەو پێ بدەن.

[١] بوخاری لە ( الادب المفرد (ژ٩٨٠)، موسلیم (٥٤)،ترمذي (٩ ٣١٥)، ئیبنوماجە (ژ٦٨ ) ٣٦٩٢).

## راویەکەی

سەیدنا ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت ناوی عبدالرحمن کوڕی سەخرە، لە نەفامیدا ناوی (عبد الشمس) بووە. پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەم ناوەی گۆڕی و کردی بە عبدالرحمن.

- لە یەمەن لەدایك بووەو لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا موسوڵمان بووە.

- فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرانی تری وەکو سەیدنا عومەرو ئەوانی تر وەرگرتووە.

- جەماوەرێکی زۆر لە ئەسحاب و تابعین کە لە (٨٠٠ کەس) زیاتربوون فەرموودەیان لێوە ریوایەت کردووە.

- موسنەدی[1] سەیدنا ئەبو هورەیرە گەیشتۆتە (٥٣٢٦ فەرموودە). کە ئیمامی بوخاری و موسلیم پێکەوە (٣٢٦ فەرموودە) یان لێوە ریوایەت کردووە، هەم بە جیا: ئیمامی بوخاری (٩٣ فەرموودە) و ئیمامی موسلیم (٩٨ فەرموودە).

- لەبەر زۆری ریوایەتی فەرموودە هەر لە کۆنەوە تا ئەمرۆ ناحەزان تەم و مژی گومانیان بۆ ریوایەتەکانی سەیدنا ئەبوهورەیرە دروست کردووە، بە تایبەتی شیعەی رافیزە، تا رووی پاکی ئەبو هورەیرە لە کەدار بکرێت.. کە گوایە تەمەنی یاوەرێتی کەم بووە چۆن ئەو هەموو فەرموودەیەی بیستووەو گێڕاوێتیەوە.. سەیدنا ئەبوهورەیرە دەفەرموێ: (برایانی کۆچکەرم سەرگەرمی مامەڵەی بازاڕ بوون، برایانی پشتیوانم سەرگەرمی ماڵ و دارایی

[1] ئەو کتێبانەی فەرموودەن کە لە رێگای یاوەرێکەوە ریوایەت کراوە. وەکو موسنەدی چوار خولەفای راشیدین، موسنەدی عائیشە خوا لێیان رازی بێت.. یاوەری تریش هەن کە موسنەدیان هەیە..

خۆیان بوون، بەڵام من هەژارێکی پەنا دیواری مزگەوت بووم و یەکێکی ئەهلی سوففە بووم..[١] کاتێك ئەوان لەوێ نەبوون من لە خزمەتی رابەرەکەمدا دەبووم و ئەوان شتیان لە یاد دەچوو من لە مێشکمدا تۆمارم دەکرد. سوێندم بە خوا ئەگەر لەبەر ئەو ئایەتە نەبوایە هیچ فەرموودەیەکم بۆ نەدەگێڕانەوە کە دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى) البقرة/١٥٩ رۆژێکیان خۆشەویستم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (هەر کام لە ئێوە با پارچە پۆشاکێکی لەبەر دەستمدا راخات، تا قسەکانم تەواو دەکەم، کاتێ کۆی کردەوە هەرچی من ووتوومە هەمووی لەبەر دەبێت و لە یادی ناچێت. منیش عەباکەم راخست تا فەرموودەکانی کۆتاییان هات، ئەوجا کۆم کردەوەو بە سنگمەوە نووساند، لە پاش ئەوە ئیتر هیچ فەرموودەیەکی ئەو رابەرەم لە یاد نەچووە).

- سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی رازی بێت کە بووە خەلیفە ئەبو هورەیرەی بە والی بەحرەین تەعین کرد.

- ئیمامی بوخاری و موسلیم دەگێڕنەوە: لە ساڵی ٥٧ی کۆچی لە ناوچەی (عەقیق) لە تەمەنی حەفتاو هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی بەقیع لە مەدینە نێژررا.

[١] ئەهلی سوففە کۆمەڵێك یاوەری دەسکورت و هەژاری زەمانی پێغەمبەری خوا بوون صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە بێ ماڵ و جێ بوون، زۆریان هەر لە مزگەوت دەمانەوە..

## واتاو مەبەستی

ئەم فەرمودەیە یەکێك لە ڕەوشتە هەرەبەرزو کاریگەرەکانی موسوڵمان دیاریدەکات کە لە زۆر مومارەسەکردنی یەکبەیەکی موسوڵمانان بۆیان دەبێتە دابوونەریتێکی کۆمەڵایەتی و سیما و سیفەتێکی قیەمیی کومەڵگاکەیان،کە سەلامکردنە. سەلامکردن کاریگەری دەروونی لەسەر هەموو بەرامبەرێك دەبێت هەرچەند ڕقن و دوژمنکاریش بێت، سەلامکردن متمانەو سۆز و خۆشەویستی خەڵکی پێ دەست دەخرێت، هەستی ئەمان دەداتە بەرامبەر کە هێمن و بێخەمە لەمن... فەرماندانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە موسوڵمانان کە سەلام لە یەکرتی بکەن،جگە لە ڕازی کردن و ئەمان و هێمن کردنی تاکێك بۆ تاکێکی تر، ئەمان و ئاسودەیی و هێمنی گشتیش لە ناویاندا دەهێنێتە.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ ئەوەی تاك و کۆی موسوڵمانان لەسەر ئەم ئەدەبە بەرزە ڕابهێنێت، سەلامکردنیان بۆ پەیوەست دەکاتەوە بە سودی تاکە کەسی خۆیان، پەیوەندی دەکاتەوە بە ئامانجە سەرەکیەکەیان و هێنانە دی حەز و ئاواتیان کە چونە بەهەشت و بەدەست هێنانی ناز و نیعمەتەکانێتی. بە موسوڵمانان دەفەرموێ: ئەگەر ڕاستەو دەتانەوێت خوای گەورە لێتان ڕازی بێت و بە بەهەشتی خۆی پاداشتتان بداتەوە، ئەوە بە غەیری باوەڕ هێنان نابێت، چونکە بەهەشت لە کافر حەرامە.. باوەڕ هێنانەکەش هەر ئەوەندە نیە بە ئاشکراو ڕاشکاوی شایەتمان بهێنرێت بە ڕوکنەکانی ئیمان و ئیسلامەوە پابەند بێت، بەڵکو ئیمانداریەتی وەرگرتنی (عەقیدە) و (عیبادەت) و (ڕەفتار)ەکانی ئیسلامییە.. ئیمانداریەتیتان لەسەر ڕادەی خۆشەویستیتان دامەزراوە چەنتان یەکتریتان لەبەر خاتری خوای گەورە خۆشدەوێت؟ چەند کەستان و بڕی چەند؟ بڵاو بوونەوەی ئەم خۆشەویستیە و ڕەفتار پێکردنی لەناو خۆتاندا سەلام کردنتان لە یەکتری دەخوازێت.. کەوابوو هەنگاوی یەکەم بەرەو بەهەشت سەلام کردنە لە خوشك و

برا موسوڵمانەکەت.. کەوابوو لە ئێستاوە ئەم ئادابە رەچاو بکە و لە سەلام کردن لە موسوڵمانان کەمتەرخەم مەبە.

ئەم فەرمودەیە رادەی زۆر و ئاستی باڵای رەوان بێژی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە ئاوا دیدو ڕێ و مەنهەجێکی بزاوت و هەڵوێستی بە فەرمودەیەکی کورتی ئاوا رونکردۆتەوە... ئاخر بویە دەیفەرموو : (أُوتِيتُ جَوَامِعَ الْكَلِمِ).[١] واتە: وشە کۆی قسەم پێ بەخشراوە، وشەی کەم و واتای زۆر.

## چەند دەقێکی ترلە سەرسەلام کردن:

خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا﴾النور/٢٧ واتە: ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە نەچنە هیچ ماڵێکی غەیری ماڵەکانی خۆتان تا ڕێ نەدرێن، ئەوکاتەش سەلام لە ماڵ نشینەکان بکەن.

هەروەها دەفەرموێ : (فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا فَسَلِّمُوا عَلَى أَنفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ اللَّهِ مُبَارَكَةً طَيِّبَةً) النور/٦١ واتە: ئەگەر چونە ماڵەوە (ماڵەکانی خۆتان) سەلام لە ماڵ و منداڵەکانتان بکەن، بە سەلامەکەی خوای گەورە (السَّلاَمُ عَلَيكُم)کە پاك و پیرۆزە و بەفەرە... ئەوە سەلام کردن لە چونە ماڵی خەڵکی و لە چونە ماڵی خۆی ئەگەر خەڵکیان

---

[١] بوخاری (٢٩٧٧)، موسلیم (٥٢٣).

تێدا بوو، ئەگەر چووە ماڵێك و كەسی تێدا نەبوو یان چووە مزگەوت و كەسی لێ نەبوو دەڵێ: (السَّـلاَمُ عَلَينَا وَعَلَى عِبَادِالله ِالصَّالحين)[١] .

هەروەها دەفەرموێ: (وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ حَسِيبًا) النساء/٨٦ واتە: ئەگەر سەلامیان لێكردن، ئێوە بە سەلامێكی جوانتر وەڵام بدەنەوە كە دەڵێن السَّـلاَمُ عَلَيكُم ئێوە بڵێن وَعَلَيكُم السَّـلاَمُ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُه یان لانی كەم سەلامەكە وەك خۆی بسەننەوە و بڵێن وَعَلَيكُم السَّـلاَم،چونكە خوای گەورە چاودێری هەموو رەفتارێك دەكات و لێ دەپرسێتەوە.

هەروەها دەفەرموێ : (هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ ضَيْفِ إِبْرَاهِيمَ الْمُكْرَمِينَ إِذْ دَخَلُوا عَلَيْهِ فَقَالُوا سَلَامًا قَالَ سَلَامٌ) الذاريات/٢٤ - ٢٥ واتە: ئایا هەواڵی میوانەكانی ئیبراهیمت عَلَيهِ السَّلَام، پێگەشتووە كە میوانی بەرێزی نێردراوانی خوا بوون، كە چوونە ژوورەوە سەلامیان لێكرد و فەرموویانە (سَلَامًا) و ئەویش لە وەڵامیاندا فەرمووی (سَلَامٌ) واتە: ئەوان بە شێوازی كردار فەرموویان سەلامێكت لێ دەكەین، سەیدنا ئیبراهیم عَلَيهِ السَّلَام بە شێوازی ناو فەرمووی: سەلامتان لێبێت... شێوازی ناو نەگۆر و هەمیشەییەو كرداریش دوپات بوونەوەی هەیە و ڕووداوە. (الاسم يدل على الثبوت والدوام و والفعل يدل على الحدث والتكرار).

---

[١] بوخاری لە: الأدب المفرد (١٠٥٥) شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الأدب المفرد/ ٨٠٦)دا بە حەسەنی داناوە. ئەمە ڕیواتێكە لە ئیبنوعومەرەوە خوا لێیان رازی بێت هاتووە بۆیە ئیمامە بەڕێزەكانی وەكو طەبەری و قورطوبی و نەوەویی هەموویان رایان وایە كە ئەگەر موسوڵمان چووە ماڵێک یان مزگەوتێک و كەسی لێنەبوو، ئاوا سەلام لە خۆی و لە (عبادالله الصالحين) دەكات. بڕوانە: الأذكار/ ل ٤٩.

- عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕیتەوە: (أَنَّ رَجُلاً سَأَلَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَيُّ الْإِسْلامِ خَيْرٌ، قَالَ تُطْعِمُ الطَّعَامَ وَتَقْرَأُ السَّلامَ عَلَى مَنْ عَرَفْتَ وَمَنْ لَمْ تَعْرِفْ).[1] واته: کابرایەك پرسیاری لە پێغەمبەر ی خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد کە چ ڕەفتارێکی ئیسلامی خێری زۆرە؟ فەرمووی: خۆراك بدەیتە خەڵکی و سەلام بکەیت لەوەی کە دەیناسیت لەوەی کە نایناسیت.

- ئەبو هوریرە خوای لێڕازی بێت دەگێڕتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (لَمَّا خَلَقَ اللَّهُ آدَمَ قَالَ اذْهَبْ فَسَلِّمْ عَلَى أُولَئِكَ النَّفَرِ مِنْ الْمَلائِكَةِ جُلُوسٌ فَاسْتَمِعْ مَا يُحَيُّونَكَ فَإِنَّهَا تَحِيَّتُكَ وَتَحِيَّةُ ذُرِّيَّتِكَ فَقَالَ السَّلامُ عَلَيْكُمْ فَقَالُوا السَّلامُ عَلَيْكَ وَرَحْمَةُ اللَّهِ فَزَادُوهُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ).[2] واته: کاتێك خوای گەورە سەیدنا ئادەمی عَلَيهِ السَّلَام خەلق کرد پێی فەرموو بڕۆ بۆ لای ئەو چەند فریشتەیەی دانیشتون، سەلامیان لێبکە، بزانە چیت وەڵام دەدەنەوە، سەلامەکەی تۆ و وەڵامەکەی ئەوان دەبێتە سەلامکردنی خۆت نەوەکانت، پێی فەرموون: السَّلَامُ عَلَيْكُمْ، فەرموویان: السَّلَامُ عَلَيْكَ وَرَحْمَةُ اللَّهِ... وَرَحْمَةُ اللَّهِ کەیان بۆ زیاد کرد.

- بەرائی کوڕی عازیب (الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ)خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (أَمَرَنَا رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِسَبْعٍ: بِعِيَادَةِ المَرِيضِ، وَاتِّبَاعِ الْجَنَائِزِ، وَتَشْمِيتِ الْعَاطِسِ، وَنَصْرِ الضَّعِيفِ، وَعَوْنِ المَظْلُومِ، وَإِفْشَاءِ السَّلَامِ، وَإِبْرَارِ المُقْسِمِ).[3] واته: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی ئەنجامدانی حەوت ڕەفتاری پێداین: سەردانی نەخۆش،

---

[1] بوخاری ١٢)، مسلم (٥٦).
[2] بوخاری (٦٢٢٧)، مسلم (٢٨٤١).
[3] بوخاری (٥٨٨١) موسلیم (٢٠٦٦).

شوێنكەوتنی جەنازە (بردنی مردوو بۆ گۆڕستان)، ئەوەی پژمی و الْحمد لِلَّهِ ی كرد بڵێن پێی (يَرْحَمُكَ اللّهُ) هەروەها سەرخستنی لاواز و بێهێز و یارمەتیدانی ستەملێكراو و بڵاوكردنەوەی گیانی سەلامكردن لە یەكتری و نەشكاندنی سوێندی ئەو كەسەی سوێندمان لەسەر شتێك دەدات (وەكو بەخوا دەبێت بخۆیت/ تووخوا بخۆ).

- عبدالله ی كوڕی سەلام خوا لێ ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (سَمِعْتُ رَسُولَ الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: أَيُّهَا النَّاسُ، أَفْشُوا السَّلامَ، وَصِلُوا الأَرْحَامَ، وَأَطْعِمُوا الطَّعَامَ، وَصَلُّوا بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ، تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ بِسَلامٍ).[١] واتە: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: ئەری هۆ خەڵكینە! سەلام كردن لەناو خۆتاندا بڵاو بكەنەوە و خۆراك بدەن و شیرازەی خزمایەتیتان بە هێز كەن، و ئەو كاتەی خەڵكی خەوتوون، شەو نوێژ بكەن، ئاوا هێمن و هێدی دەچنە بەهەشتی خوای گەورەوە. دەقی تریش زۆرن، بۆ شارەزایی لەوان و زانینی ئادابی سەلامكردنیش دەتوانیت بگەڕێتەوە سەر كتێبەكانی (فیقه و و فەرموودە و ئادابی ئیسلامی).

---

[١] ترمذي (٢٤٢٢)، ئیبنوماجة (١٣٢٤)، داریمی (١٤٣٢)، ئەحمەد (٢٣١٥٤)، طەبەرانی (١٠٣٩١). ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الجامع/ ٣٦٩٧) و لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/١٨٤ و١٦٠٧)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

## ئەو پەند و ئامۆژگاریيانەی لەم فەرمووده‌يه‌وه‌ وه‌رده‌گيرێت:

١- سووربوون لەسەر تەشەنە پێکردنی سەلام لێککردن و مومارەسەکردنی بەردەوامی تا دەبێتە داب و نەریت و سیمای کۆمەڵگەی موسڵمانان، سەرەنجامیشی دیارە کە ئەمانە هێمنی و ئاشتی و متمانە و خوشەوویستی زیاتر بڵاو دەبێتەوە و دڵ و دەروونەکان زیاتر پێکەوە دەسازێن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بە هێزتر دەبن، ئەمەش وا دەکات ووزەکان زیاتر گرد بکرێنەوە و بەگەڕ بخرێن.

٢- هەمیشە پاداشتە زۆرەکەی سەلامکردنی لەبەرچاو بێت و کە خۆشی مومارەسەی سەلامکردنی کردووە و بووشە بە هۆکاری برە و پێدان و چەسپاندنی.

٣- بزانێت کە سەلامکردن هۆکاری لێك نزیکبوونەوە و دەسپێکی ناسیاوێتی و هاتوچۆو هاوکارییە.

٤- هەمیشە ئەوەی لە یاد بێت کە ئەمە ڕەفتارێکە خوای گەورە و پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ داوایان لێکردووە ڕاپەڕێنێت، کەوابوو لە ڕاپەڕاندنەکەیدا جگە لە پاداشتەکەی، لە خوای گەورەش نزیك دەبێت، چونکە ملکەچی هەموو فەرمانێکێتی و یەکسەر دەڵێ: (سَمِعْنَا وَ أَطَعْنَا).. بەسەر چاو.

٥- سەلام کردن ئەداکردنی مافێکی برایەتیە، برا موسڵمانەکانت ئەو مافەیان لەسەرتە.

٦- بیر خستەوەی موسڵمان بە زۆریی پاداشتی بە جێهێنانی فەرمانی خوای گەورە و زیندوو ڕاگرتنی سوونەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاندانیەتی لەسەر دینداڕێتی سەر ڕاستترو کاری ئیسلامی بەردەوام بە ئۆمێدی هێنانە دیی بەرژەوەندیی قیامەتی خۆی.

فەرموودەی شەشەم

مَا مِنْ ذَنْبٍ أَجْدَرُ أَنْ يُعَجِّلَ اللَّهُ لِصَاحِبِهِ الْعُقُوبَةَ فِي الدُّنْيَا

مَعَ مَا يَدَّخِرُ لَهُ فِي الْآخِرَةِ

مِنْ الْبَغْيِ وَقَطِيعَةِ الرَّحِمِ

حَتَّى إِنَّ أَهْلَ الْبَيْتِ لِيَكُونُوا فَجَرَةً،

فَتَنْمُو أَمْوَالُهُمْ، وَيَكْثُرُ عَدَدُهُمْ

إِذَا تَوَاصَلُوا.

## فەرموودەی شەشەم

### خزمایەتیی بەرەکەتە

(عَنْ أَبِي بَكْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: مَا مِنْ ذَنْبٍ أَجْدَرُ أَنْ يُعَجِّلَ اللَّهُ لِصَاحِبِهِ الْعُقُوبَةَ فِي الدُّنْيَا مَعَ مَا يَدَّخِرُ لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ الْبَغْيِ وَقَطِيعَةِ الرَّحِمِ، حَتَّى إِنَّ أَهْلَ الْبَيْتِ لِيَكُونُوا فَجَرَةً، فَتَنْمُو أَمْوَالُهُمْ، وَيَكْثُرُ عَدَدُهُمْ إِذَا تَوَاصَلُوا).[١]

### کوردیەکەی

ئەبو بەکرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: هیچ گوناهێك نیە کە شایەنتر بێت کە خوای گەورە زوو سزای بکەرەکەی بدات و لە دنیادا پێشی بخات و نەیخاتە ئاخیرەت وەکو گوناحی پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی و خیانەت و درۆکردن. هیچ چاکە و گوێڕایەڵیەکیش نیە کە شایەنی ئەوە بێت خوای گەورە زوو پاداشتی بداتەوە و پێشی بخات هەر لە دنیادا بیداتەوە بە خاوەنەکەی وەکو پتەوکردنی شیرازەی خزمایەتی. تەنانەت دەشێت ماڵە خزمێك لە ئیسلام ترازابن و گوناحکاربن (کافر نەبوبن) بەڵام بە هۆی پتەو ڕاگرتنی خزمایەتیانەوە سەروەت و سامانیان زیاد بکات و گەشە بکات و ژمارەیان زیاتر ببێت و بڵاوتربببنەوە.

---

[١] ئەبو داوود (٤٩٠٢)، ترمذی (٢٥١١)، ئیبنوماجە (٤٢١١)، ئەحمەد (١٩٨٦١). شیخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن أبي داود) و (صحيح الجامع الصغير /١٠٦٤٢) دا بە سەحیحی داناوە.

## راوییەکەی

ئەبو بەکرە خوا لێی رازی بێت ناوی نوفەیعی کوڕی مەسرووح کوڕی کیلدەیە. بە کۆیلەیی گەێنرایە شاری طائیف. پێشی دەڵێن: نوفەیعی کوڕی ئەلحاریث لەبەر ئەوەی سەرەتا ووترا کە بێ باوکە، بۆیە الحارثی خاوەنی کردی بە کوڕی خۆی و نەسەبی خۆی دایێ.. بەڵام خۆی دوای موسوڵمانبوونی بەوە رازی نەبوو، دەیفەرموو: من نوفەیعی کوڕی مەسرووحم و حەبەشییم.

_یاوەرێکی بەڕێزەو لە سەرەتای لاویەوە خزمەتکاری تیرەی ثەقیف بوو لە طائیف. دوای موسوڵمانبوونی خۆی ناونا (عتيق النبي) واتە ئازادکراوی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. چونکە جەنابی عليه الصلاة والسلام ئازادی کرد. بۆیە کە ثەقیف داوایان کردەوە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: نابێت. ئەوە ئازادکراوی خوای گەورەو ئازادکراوی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

_ کاتێک موسوڵمانان شاری طائیفیان گەمارۆدا، نوفەیع بە هۆیە بەکرەیەکەوە[1] خۆی بە دیواری شارەکەدا شۆڕکردەوەو هەڵات. ئیتر لەو رۆژەوە ناونرا ئەبوبەکرە. پاشان چووە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانبوو.

_ئەوانە زۆرن کە ریوایەتی ئەبوبەکرەیان گێڕاوەتەوە. لەوانە: هەرچوا کوڕەکەی خۆی: عوبەیدوڵڵاو عبدالرحمان و عبدالعەزیزو موسلیم. ئینجا ئەبوعوثمانی نەهدی و حەسەنی بەصریی و محمدی کوڕی سیرین و عوقبەی کوڕی صەهبان و ئەحنەفی کوڕی

---

[1] بەکرە: غەرغەرەیە: کە رۆڵێک بوو گوریسی پێوە لوولدەکراو شتی پێهەڵدەکێشرایە سەر دیوار. وەکو چەرخی سەر بیرەئاو بوو، کە بە حەبل و گوش و گوریس ئاوی پێ هەڵدەهێنجرێت.

قەیس و زۆری تر.. چووە بەسرەوە لەوێ نیشتەجێ بوو، بووە یەکێک لە شەرعناسانی بەسرە.

_یاوەرێکی خواناس و زاهید بوو، زۆر خۆی لە حەرام بەدوور دەگرت. زانی کە زیادی کوڕی ئەبیهی _کە والی بەسرەبوو_ بۆ فراوانکردنی مزگەوتی بەسرە کۆڵەکەیەکی لە کابرایەک سەندبوو. ئەبوبەکرە نوێژی لەو مزگەوتەدا نەکرد تا ئەو کاتەی کۆڵەکەکەیان دایەوە بەخاوەنی و لێیان کڕیپەوە..

_ئەبوبەکرەو سێ شاهیدی تر شاهیدییاندا کە موغیرەی کوڕی شوعبە زینای کردووە. کە سەیدنا عومەر هێنانییە پێشەوە یەکێکیان پەشیمانبۆوە، تا یەکێک لەم سێیەی تر بە سزای تۆمەتبارکردن بگەیێنێت! سەیدنا عومەر داوای تۆبەی لێکردن، دوانەکەی تر (نافع و شبل)تۆبەیان کرد. ئەبوبەکرە فەرمووی من تۆمەتبارم نەکردووە، شاهیدی حاڵەتەکە بووم، بۆیە تۆبە ناکەم. ئیتر سەیدنا عومەر حوکمی ئایەتەکەی لەسەر چەسپاندن، کە شاهیدی سێ کەس لە تۆمەتبارکردنی زینادا بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوەو دەبێ یەکی هەشتا جەلدەیان لێبدرێت.. هەر یەکەیان هەشتا جەلدەی لێدرا.. بەڵام ئەمە لە دادپەروەریی یاوەر کەمناکاتەوە. وەکو زانایانی فەرموودەوانی کردوویانە بە ڕێسا..

_لەهیچ بەرەیەکی ناکۆکی و ململانێکاندا نەبینرا، نە ئەوەی نێوان سەیدنا زوبەیرو سەیدنا عەلی، نە ئەوەی نێوان سەیدنا عەلی و معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان خوا لێیان رازی بێت..

_ ئیمامی ذەهەبی لە (سیر أعلام النبلاء ١٠/٣)دا دەگێڕێتەوە کە حەسەنی بەصریی دەیفەرموو کەس چاکتر لە ئەبوبەکرەو عیمرانی کوڕی حەصین نەهاتۆتە بەصرە..

_ ساڵی ٥١ک/٦٧١ز کۆچی دوایی کرد خوا لێی رازی بێت..

## واتا و مانای فەرموودەکە

ئەم واقیعەی ئێستا تێیدا دەژین چەندین سیما و حاڵەت لەبەر چاو زەق دەکاتەوە لەوانە:

١- کەسێك کە بە تەواوی لە ئەماندا بێت، ئەمانی گیانی و ماڵی و کەسایەتی دەوروبەری ناتوانێت بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بە چاکی لێبڕێت و پڕاوپڕی داواکراو ئەنجامبدات.

٢- ئاواتە مەزنەکان و ئامانجە باڵاکان بە ڕەنجی تاکەکەسی نایەنە دی. حەتمەن ڕەنج و ووزە و توانای کۆمەڵکارانەیان دەوێت، مەرجی سەرکەوتنی کۆمەڵکاریەکەش یەك دڵ و هەستی و یەك دید و ڕێ و یەك ڕیزییە، ئیسلام لە دید و پێناسەی خۆیەوە بۆ ئەو دوو خاڵەی سەرەوە و سەلماندنی و چەسپاندنیان لە واقیعی ژیانی تاك و کۆدا کۆمەڵێك ئەحکام و داب و نەریتی دارشتووە کە بە مومارەسە کردنیان ئەو هێزە دەستە جەمعیە دروست دەبێت، لەو ئەحکام و ئادابانە: شیرازەی خزمایەتی و دەست پاك و دەم پاکی و ڕاستگۆییە، هەست و پەیوەستی خزمایەتی بازنەی یەکەمی پەیوەندیەکانی مرۆڤە، مرۆڤ بەهێز دەکەن کە بریتیە لە پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان و کەس و کاری یەکتری و خزمی دوور تا دەگاتە تیرە و هۆز... کە پتەو بوونی پەیوەندی نێوان هەر یەکێکیان دەبێتە مایەی یەك ڕیزی و یەك هەڵوێستی و بەهێز بوونی کۆمەڵکاریەئیسلامیەکە، ئەمما دەست پاکی و ڕاست گۆیی، بێگومان هۆکاری سەرەکی بڵاو بونەوەی ئەمن و ئەمان و متمانەیە و بێ خەم بوونە لە دەورووبەر، بێ خەم بوونە لە ژیان، لە ئابڕوو و ناموس، لە ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامان، لە ناو و لە کەسایەتی، هەرکەسێك ئاوەها بێ خەم بوو ئیتر بۆ جێ بەجێ کردنی ڕاست و دروستی ئەنجامدانی ئەرکەکانی لێ دەبڕێت.[١]

---

[١] ئەمە تەئکیدێکی ترە لە هەست و هەوڵی ئینتیمای کۆمەڵکاریی و دوای دەبربوونی (پێداویستیە فیزیکیەکان: وەکو خۆراك و جنس) پاشان (ئەمان) ئینجا (سەلماندنی بونی خۆ) کە سورەتی (القریش) باسی دەکات. دەبینین تیۆری (ماسلۆ)ش _ کە لە ١٩٤٣ دا بڵاوکرایەوە_ لەسەر هەمان حەقیقەت دامەزراوە.

ئەم فەرموودە جوانەش نمایش کردنی ئەو دیمەنەیە کە پتەو کردن یان پساندنی پەیوەندی خزمایەتی و دەست پاکی و ئەمانەت (ڕاسپاردە) پارێزی یان خیانەت لێی، هەروەها ڕاستگۆیی یاخود درۆزنی دروست دەکەن.. دوودیمەنی دژوار بە یەکتر باس دەکات، کە حاڵەتێکیان خزمایەتی بەهێز و ڕاستگۆیی و دەست پاکیە لە کۆمەڵگایەکدا سازیان کردووە، حاڵەتێکی پێچەوانەش کە نەمانی پەیوەستی خزمایەتی و خیانەت و درۆزنی لە کۆمەڵگایەکی تر سازاندویانە، لەگەڵ باسی پاداشت و سزای بکەرو هۆکاری هەردوو حاڵەتەکەیە، کە ئەوەندە دید و هەڵوێستەکانیان لە ژیانی تاك و کۆ کاریگەر بووە -هەردوو لایان- شایانی ئەوە بوون کە خوای گەورە هەر لە دنیادا پەلە لە پاداشت و سزادانەوەیاندا بکات، ئەمە جگە لەوەی کە پاداشت و سزادانی ئەو دنیاشیان هەر دەبێت!!

ئێستا با کەمێك پێناسە و ڕاڤەی ئەو سێ سیفەتە بکەین بە درێژی: هەستی خزمایەتی، دەست پاکی، ڕاستگۆیی، وەسێ سیفەتە دژەکانیان کەلە فەرموودەکەدا هاتوون: پساندنی پەیوەندی خزمایەتی، خیانەت، درۆکردن.

**یەکەم: پەیوەستی خزمایەتی:**

پەیوەستی خزمایەتی کە کورد پێی دەڵێت (سیلەی رەحم) دیارە هەر لە عەرەبیەکەیەوە هاتووە (صلة الرحم)

الرحم: واتە پزدان، منداڵدان، ئەو جێیەی کە دەستپێکی پەیدا بوونی کۆرپەلەیە لە سکی دایکیدا، خوای گەورە دەفەرموویت: (اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَىٰ وَمَا تَغِيضُ الْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُۖ وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ) الرعد/٨ واتە: خوای گەورە دەزانێت کە هەر مێیینەیەك چی هەڵگرتووە بۆ وەچە خستنەوە، هەروەها ئەوەی کە پزدان (الرحم) بەرهەمی دەهێنێت و دەیکاتە دەرەوە، هەروەها دەفەرموێت: (وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى)الحج/٥ واتە: ئێمە بڕیار دەدەین کە چی لە پزداندا جێگیر دەبێت و چیش لەبار

دەچێت، ئەوەی كە بڕیاری جێگیر بوونی دەدەین و كۆتایی ماوەكەشی هەر ئێمە دیاری دەكەین.

أرحام: كۆی (رەحمە) ئەمە بۆ دوومانا بەكار هێنرا:

خزم و كەس و كار: هەموو ئەوانەی بە ڕەچەڵەك و (نەسەب)دا یەك دەگرنەوە.

مەحرەمەكان: هەموو ئەو خزمانە دەگرێتەوە كە هاوسەر گیریان جائیز نیە.

مەبەستی فەرموودەكە واتای یەكەمیانە.

١- ئاڕاستەی فەرموودەكە ڕێنیشاندەرێتی و خزمایەتی و پاراستنی هەست و پەیوەستێتی، ئەمەش لەگەڵ ئاراستە گشتیەكانی ئیسلامەتیدا یەك دەگرنەوە، كە یەك دیدی و یەك ڕیزی دەخوازێت و داوا دەكەن كە پەیوەندی عەقیدەكە بە پەیوەندی دڵ و دەرون و هات و چۆش بەهێز بكرێت، تا موسوڵمانان لە واقیعدا ببنە یەك جەستە، كە ئەگەر ئەندامێكی ئەو جەستەیە توشی ئازار ببێت هەموو جەستەكە تا دایبگرێت و شەونخونی بكێشن.

٢- لەفەرموودەیەكی تردا وەسفی ئەهلی میسر دەكات و دەفەرموێت: (فَإِنَّ لَهُمْ ذِمَّةً وَرَحِمًا).[1] واتە: خەڵكێكن كە پەیوەندی خزمایەتی و پەیمان پاراستنیان لە ناودایە. ئێوەش كە دەچنە ناویان بە جوانی رەفتاریان لەگەڵدا بكەن.. لەفەرموودەیەكی تریشدا هاتووە:

---

[1] دەق فەرموودەكە كە ئەبوذەڕی غیففاری خوا لێی رازی بێت گێڕاوێتیەوە دەفەرموێ: (قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِنَّكُمْ سَتَفْتَحُونَ أَرْضًا يُذْكَرُ فِيهَا الْقِيرَاطُ فَاسْتَوْصُوا بِأَهْلِهَا خَيْرًا فَإِنَّ لَهُمْ ذِمَّةً وَرَحِمًا فَإِذَا رَأَيْتُمْ رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلَانِ فِي مَوْضِعِ لَبِنَةٍ فَاخْرُجْ مِنْهَا قَالَ فَمَرَّ بِرَبِيعَةَ وَعَبْدِ الرَّحْمَنِ ابْنَيْ شُرَحْبِيلَ ابْنِ حَسَنَةَ يَتَنَازَعَانِ فِي مَوْضِعِ لَبِنَةٍ فَخَرَجَ مِنْهَا) موسلیم (٢٥٤٣)، ئەحمەد (٢١٠٠٩)، بەیهیقی (١٨١٦٧).

(إِن أَبرَّ البرِّ أَنْ يصِلَ الرَّجُلُ وُدَّ أَبِيهِ).[١] واتە: چاکترین چاکە ئەوەیە کە هەریەکە و پەیوەستیە دۆستایەتیەکەی باوکی خۆی بپارێزێت و هاتوو چۆی ئەو کەسانە بکات کە باوکی هاتوو چۆی دەکردن و دۆستی بوون.

پەیوەستی هەستی خزمایەتی بە پتەو کردنی دەبێت، ئەوەش بە گوفتارو کردار دەبێت، بەوەی کە پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ خزماندا هەبێت و لێیان دانەبڕێت وە هەرچی شتێك دەبێتە مایەی بەهێز کردنی خزمایەتی بیگرێتە بەر و هەموو ئەو هۆکارانەش لا بدات کە دەبێتە مایەی پساندن و پچراندنی خزمایەتی و زویر بوون و هاتوچۆ نەکردنی یەکتری.[٢]

پەیوەندی بەستن و پتەو کردنی دەشێت بەسەردانی کردن بێت یاخود بە ناردنی دیاری یاخود بە نامە لەم سەردەمەشدا بە تەلەفۆن و ئینتەرنێت و هاوشێوەکانی دەبێت، مەرجیش نیە لە هەموو زیارەتێکدا دیاریەك ببات، چونکە لەوانەیە باری دارای وانەخوازێت کە هەموو کات دیاری ببەیت وە نەبردنی دیارەیەکەش ببێتە هۆکاری ڕێگری لە سەردانی کردنەکە یان دیاریەکان بگۆڕە بەکتێبێك یاخود سیدییەك دەشێت هەموو خزمەکانی لە فەیسبوکی خۆی دابنێت و زوو زوو بەسەریان بکاتەوە کە ئەمەش ئاسانکاریەکی گەورەیە یاخود بەخەڵکی تردا سڵاو ڕێز و هەواڵ پرسینیان بۆ بنێرێت، بەڵام بێگومان سەردانی کردنەکە لە هەموویان گرنگترە و کاریگەریشی زیاترە.

ئەمما پەیوەندی کەسێك بە دایك و باوکیەوە، ئەوە هەموو موسوڵمانێك بەشێك لە مافەکانیان دەزانێت بەسەر شانیەوە بە تایبەتی ماف و ڕێزی دایك (ئینجا هاوڕێیەتی کچ بۆ دایك و کوڕیش بۆ باوك) بۆ نمونە

---

[١] موسلیم (٢٥٥٢)، ترمذی (١٨٢١)، ئەبوداوود (٤٤٨٠). ئەحمەد (٥٥٦٩).

[٢] کورد دەڵێت: (خزمایەتی بە هاتوو چۆیە) زۆر ڕاستە هەرچەندە بەداخەوە من تێدا کەمتەرخەم بووم، لەبەر دووریم.

- ئەگەر باوکی پێویستی بە خۆراك بوو بۆی بهێنێت و خزمەتی بکات.

- هەر داوایەکی لێ کرد دەبێت بە زووی بۆی جێبەجێ بکات.

- ئەگەر بانگی کرد پێویستە بە جوانی جواب بداتەوە و بچێت بە دەمیەوە.

- ئەگەر فەرمانێکی لەسەر خێر و چاکە پێدا زوو بە قسەی بکات و جێ بەجێی بکات.

- ئەگەر لەگەڵ باوکیدا دووا پێویستە زۆر بە ئارامی و هێدی و لەسەرخۆو بە دەنگی نزمەوە بدوێت و دەنگ بەرز نەکاتەوە بەسەریدا.

- بەناوی خۆیەوە بانگی نەکات بەڵکو بە (بابە گیان، باوکە گیان، بابە، باوە... هەروەها) بانگی بکات.

- قسەی ناشیرینی پێ نەڵێت و نەشبێتە هۆکاری ئەوەی کە کەسی تر قسە بە باوکی بڵێن و جنێوی پێ بدەن یان باسی بە خراپە بکەن .

- لە ڕۆشتندا پێشی نەکەوێت مەگەر بۆ پاسەوانی کردنی نەبێت وە پێش ئەویش دانەنیشێت.

- دەبێت ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ باوکیشی پێی خۆش بێت ئەوەشی کە بۆ خۆی پێی ناخۆشە بۆ باوکیشی پێی ناخۆش بێت.

- هەرکاتێك دوعای بۆ خۆی کرد یەکسەر دوعا بۆ ئەویش بکات بڵێ خوایە لێی خۆش بەو بەزەیت پێدا بێتەوە وەك ئەو چۆن لە منداڵیدا بەزەیی بە مندا هاتۆتەوە.

- ڕێز لە هاوڕێ و دۆستەکانی بگرە و هاتوو چۆیان بکات مادام لە توانایدا هەبێت.

## دووەم: هەندێك دەقی تر لەسەر گوناحێتی پساندنی پەیوەندی خزمایەتی یاخود ئیهمال کردنی:

- خوای گەورە دەفەرموێت: (وَالَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِن بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ ۙ أُولَٰئِكَ لَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ) الرعد/٢٥ واتە: ئەو کەسانەی کە پەیمان و بەڵێنەکانیان لەگەڵ خوای گەورەدا هەڵدەوەشێننەوە و یان

ئەو پەیمان و بەڵێنانەی بەخەڵکیان داوە و ناوی خوای گەورەیان لێ هێناوە یان سوێندیان خواردووە بۆ جەخت لێ کردنەوەی، هەروەها ئەو کەسانەی ئەو مافانە پێشێل دەکەن کە خوای گەورە دیاری کردوە (مافی خوای گەورە و مافی پێغەمبەر و مافی عەبدەکان لە خزم و بێگانە) و شیرازەی خزمایەتی دەپسێنن و خراپەکاری لەسەر زەمیندا بڵاو دەکەنەوە ئەوانە بەر نەفرین (لەعنەت)ی خوای گەورە دەکەون واتە لە ڕەحمەتی خوا دوور دەخرێنەوە و چارەنوسیان زۆر خراپ دەبێت و دەبنە نیشتە جێی دۆزەخ لە دنیاشدا پەرێز و نامۆ و بێکەس دەکەون.

- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت: (لا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ قَاطِعٌ).[١] واتە: ئەو کەسەی شیرازەی خزمایەتی پساندووە و هاتووچۆیان بڕیوە لە کەسەکانیان ناچنە بەهەشتەوە.

- هەروەها دەفەرموێت: (الرَّحِمُ مُعَلَّقَةٌ بِالْعَرْشِ تَقُولُ: مَنْ وَصَلَنِي وَصَلَهُ اللَّهُ، وَمَنْ قَطَعَنِي قَطَعَهُ اللَّهُ).[٢] واتە: هەستی خزمایەتی (سیلەی ڕەحم) بە عەرشی پەروەردگارەوە ئاوێزانە (هەڵواسراوە) دوعا دەکات و دەڵێت: خوایە هەر کەسێك منی پاراست و هەستی خزمایەتی گەیاندە جێ و بەهێزی کرد، خوایە بەخۆتیەوە پەیوەست بکە، هەرکەسێکیش پەیوەندی خزمایەتی پساند تۆیش پەیوەستی خۆتی پێوە بپسێنە (بپچڕێنە).

- هەروەها دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ خَلَقَ الْخَلْقَ حَتَّى إِذَا فَرَغَ مِنْ خَلْقِهِ قَالَتْ: الرَّحِمُ هَذَا مَقَامُ الْعَائِذِ بِكَ مِنَ الْقَطِيعَةِ قَالَ: نَعَمْ، أَمَا تَرْضَيْنَ أَنْ أَصِلَ مَنْ وَصَلَكِ وَأَقْطَعَ مَنْ قَطَعَكِ؟، قَالَتْ: بَلَى يَا رَبِّ، قَالَ فَهُوَ لَكِ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: فَاقْرَءُوا إِنْ

---

[١] بوخاری (٥٩٨٤)، موسلیم (٢٥٥٦).
[٢] بوخاری : الأدب المفرد (٥٦٤٣)، موسلیم (٢٥٥٥).

شِئْتُمْ: (فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ تَوَلَّيْتُمْ أَنْ تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ)[١] محمد/٢٢ واته: كاتێك خوای گەورە مەخلوقاتەكانی دروست كرد و تەواو بوو لێیان، رەحم (پەیوەستی خزمایەتی) هەستا و ووتی: خوای گەورە ئەمە مەنزیلەی كەسێكە كە پەنا بگرێت بە تۆ لە پساندنی پەیوەندی خزمایەتی، واتە: خوایەگیان عەبدەكانت بیر بخەرەوە لەگەورەیی پەیوەندی خزمایەتی و گرنگی پاداشتەكەی وە هۆشداریشیان بدەرێ لە پچراندنی پەیوەستی خزمایەتی و گوناحێتی و دژوارێتی و سزای كەسانێك كە پەیوەستیەكە دەپچرێنن و نایهێڵن خوای گەورەیش فەرمووی: بەڵێ ئێرە كات و شوێنی ئەو خستنەوە یادەیە، چما تۆ رازی نابیت كە پەیوەندیم بەردەوام بكەم لەگەڵ كەسێك كە تۆ (پەیوەستی و هەستی خزمایەتی) دەپارێزێت و لەو كەسەش دابڕێم كە تۆ (پەیوەستی و هەستی خزمایەتی) دادەبڕێت؟ پاشان پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: حەز دەكەم ئەو ئایەتانە بخوێنمەوە كە باسی گەورەیی و گرنگی خزمایەتی دەكەن كە خوای گەورە تێدا دەفەرموویت: (فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ تَوَلَّيْتُمْ أَنْ تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ. أُولَئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَى أَبْصَارَهُمْ) محمد/٢٢-٢٣

رووە و ڕووی ئەو كەسانەی كە دڵ نەخۆش و دوو ڕوون كە لە ئایەتەكانی پێشتر باسیان دەكات دەفەرموێت: دەخوازن ئەگەر دەسەڵاتتان كەوتە دەست ئیتر بكەونە دەستدرێژی و ستەم و كوشتن و برین و دەرپەڕاندنی یەكتری شیرازەی خزمایەتی تێدا بپسێنن؟ ئەوانەی وا دەكەن خوای گەورە لەعنەتی لێكردوون و لە ڕەحمەتی خۆی دووریان دەخاتەوە، كەڕ و كوێریان دەكات لە ئاستی حەقدا، ڕێگاكانی هیدایەتی لێ دادەخات ئیتر سوود لە گوێچكەكانی بۆ بیستن و چاوەكانیان بۆ بینین وەرناگرن تاوەكو بێنەوە سەر ڕێی ڕاست، بەڵكو هەر گێلن و كەززابانە دەبیستن و گوێ بە حەق نادەن، بینینیشیان ساغە و دەبینن بەڵام زەینیان كوێرە و حەقی پێ نابینن نایانەوێت ڕێگەی خواویستی ببینن!

---

[١] بوخاری (٥٥٥٥).

**سێهەم: هەندێك دەقی تر لەسەرسزا و دژواری سزای خیانەت:**

خیانەت لە پاراستن و وەلکردن و فەوتاندنی ڕاسپاردەیە کە دەشێت شتێکی بەنرخ بێت لای کەسێك لات دایناوە تابۆیان هەڵگریت یاخود دەشێت نهێنیەك بێت لای تۆ درکاندویانە و تۆ بە ئەمانەتەوە بیپارێزێت و بەکەس نەڵێیت، دەشێت پلە و پایەیەکی کۆمەڵکاری، کۆمەلایەتی، دەوڵەتی بێت، ئەو کرابێتە ئەمینداری تا بەر پرسێتیەکەی هەڵگرێت، هەرکەسێك لەم ئاست و حاڵەتەدا بوبێت، شتی درابوویە دەبێت ئەمیندار بێت و تا بتوانێت بەرپرسێتیەکەی هەڵگرێت، ئەگەر وانەبوو نەیتوانی بیپارێزێت ئەوا خائینە.

- خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْخَائِنِينَ) الانفال/٥٨ واتە: خوای گەورە خائینەکانی خۆش ناوێت.

- هەروەها دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ) الحج/٣٨ واتە: خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە خائین و کافر و سەر سەختن، کە بەردەوام خیانەت و کوفریان لێ دەر دەکەوێت.

- هەروەها دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ خَوَّانًا أَثِيمًا) النساء/١٠٧ واتە: خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ناوێ کە خیانەت باز و گوناحکارن.... کە گوناحکردنیان کردۆتە پیشە.!

- پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەم خیانەت کردنە بە نیشانەی دوو ڕووی (منافق) ناو دەبات و دەفەرموێت: (آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلاثٌ إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ، وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ).[1] واتە: نیشانەی دووڕویی سێ شتە: یەکەم کە قسە دەکات درۆ دەکات

[1] بوخاری (٣٣)، موسلیم (٥٩).

(خۆ هەڵکێشان و فشە کردنیش دەگرێتەوە) دووەم کە بەڵێنی دا نایباتە سەر، سێهەم کە ڕاسپاردەیەکی لا دادەنێیت خیانەتی لێ دەکات و ناپارێزێت.

## چوارەم: هەندێك دەقی تر لەسەر سزا و دژواریی درۆ کردن:

- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ، فَإِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلَى الْبِرِّ، وَإِنَّ الْبِرَّ يَهْدِي إِلَى الْجَنَّةِ، وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَصْدُقُ وَيَتَحَرَّى الصِّدْقَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ صِدِّيقًا، وَإِيَّاكُمْ وَالْكَذِبَ، فَإِنَّ الْكَذِبَ يَهْدِي إِلَى الْفُجُورِ، وَإِنَّ الْفُجُورَ يَهْدِي إِلَى النَّارِ، وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَكْذِبُ، وَيَتَحَرَّى الْكَذِبَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ كَذَّابًا).[١] واتە: ڕاستگۆ بن چونکە ڕاستگۆیی دەتبات بەرەو ڕێی چاکەکاری و چاکەکاریش دەتانگەیەنێتە بەهەشت، کەسی واتان هەیە هەر قسەی ڕاست دەکات تا وەهای لێ دێت لای خوای گەورە بە ڕاستگۆ ناو دەردەکات و دەناسرێت، درۆمەکەن چونکە درۆ کردن دەتانبات بەرەو ڕێی خراپەکاری و خراپەکاریش دەتانگەیەنێتە دۆزەخ، کەسی واتان هەیە هەر درۆ دەکات هەتا وەهای لێ دێت لای خوا بە درۆزن دەناسرێت و ناو دەر دەکات.

- هەروەها دەفەرموێت: (أَرْبَعٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ كَانَ مُنَافِقًا خَالِصًا، وَمَنْ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنْهُنَّ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنَ النِّفَاقِ حَتَّى يَدَعَهَا إِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ وَإِذَا حَدَّثَ كَذَبَ وَإِذَا عَاهَدَ غَدَرَ، وَإِذَا خَاصَمَ فَجَرَ).[٢]واتە: چوار ڕەفتار هەن کە هەرکەسێك پێیانەوە پابەند بێت ئەوە دووڕویەکی تەواوە، هەرکەسێکیش یەکێکیانی تێدا بێت ئەوە سیفەتێکی دووڕووی تێدایە تا ئەو کاتەی وازی لێ دەهێنێت، کاتێك ڕاسپاردەیەکی لا دادەنێیت خیانەتی لێ دەکات، کەقسەی کرد درۆ بکات، کە بەڵێنی دا بەووەفا نەبێت بەبەڵێنەکەیەوە لە ناکۆکی و دووبەرەکیدا بێ سنورانە دەست دەووەشێنێت چەند بەرامبەر.

---

[١] بوخاری (٥٧٤٣)، موسلیم (٢٦٠٦)، ئەبو داوود (٤٩٨٩)، ترمذي (١٩٧١)، ئیبنوماجە (٤٦).
[٢] بوخاری (٢٣٢٧)، موسلیم (٥٨).

## ئەو پەندو ئامۆژگاریانەی لەم فەرمووده‌یەوە وەردەگیرێت:

١- پێویستە موسوڵمان لە گوناح بەگشتی و بە تایبەتی لەم چوار ڕەفتارە دوور بکەوێتەوە: لە شیرازە پساندنی خزمایەتی و درۆ کردن و خیانەت، چونکە خراپی زۆر زۆریان لێ دەکەوێتەوە بکەرەکەشی توشی پشێویی دەروونی و لاسەنگی ڕەفتار دەکەن، ئەمانی کۆمەڵ و کۆمەڵگەی موسوڵمانانیش دەخەنە مەترسیەوە خوای گەورەش ئەو مەترسییەی تاك و کۆ و نەمانی ئەمانەی بە نمونەی ناوچەیەك هێناوەتەوە کە نان و ئەمانیان دابین بوو رزق و ڕۆزی و بەرهەمێکی زۆریان هەبوو لە هەموو ناوچەکانی دەورووبەریانەوە بەسەریاندا دەرژا، بەڵام خەڵکەکەی کەوتنە (زۆرینەیان) تاوان و گوناح کردن و کوفری نیعمەتەوە سوپاس گوزاری پەروەردگار نەبوون خوای گەورەش ئیهمالی دەکرد، تاوای لێ هات نان و ئەمانی لێ سەندنەوە خستنیە ناو گرانی و قاتی و قڕی و ترس و بیمێکی زۆرەوە ئەوەش ئەنجامی ئەو ڕەفتارە تاوانکاریانەبو کە ئەنجامیان دا هاتەوە ڕێیان وەك دەفەرموێت: (وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا قَرْيَةً كَانَتْ آمِنَةً مُّطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا مِّن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللَّهِ فَأَذَاقَهَا اللَّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ بِمَا كَانُوا يَصْنَعُونَ) النحل/١١٢

٢- هەست و پەیوەستی خزمایەتی و هاتوو چۆ کردن دەبێتە مایەی گەشەی زیاتر و بەرەکەتی ماڵ و سامان و زۆری ئەولاد و نەوە و وەچە، با خزم و دۆستەکەش گوناحبار و فاسقیش بن، خوای گەورە لەبەر ئەوەی کە خزم و دۆستەکەی ڕەچاوو کردوون، لەو پاداشتە زۆرەی ماڵ و ئەولاد و رزق و ڕۆزی مەحرومیان ناکات و پێیان دەبەخشێت.

٣- لە فەرموودەی تریشدا هاتووە کە جگە لە زۆر بوونی ماڵ و سامان و نەوە، دەشبێتە مایەی بەرەکەتی خوای گەورە لە تەمەن و پیاو چاکیدا بۆ بەرچاوی موسوڵمانان.

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیەکی تری گەورەیی ئیسلاممان پێ نیشان دەدات کە کاریگەریەکەی لە پەروەردەدا دەبینێتەوە شوێنکەوتوانی فێری داب و نەریتی جوان و ئەحکامی ئەو داب و نەریتانە دەکات کە هەموویان دەبنە مایەی پێکەوە نانی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر چ لە دنیا و چ لە دواڕۆژیشدا چونکە ئەم سیفەتانە دەبنە

مایەی بەزەیی و هاوكاری و دەستگیرۆیی یەكتری لە كۆتاییشدا دەبنە مایەی پتەو بوونی ڕیزی كۆمەڵگا و ئاسانی كاری كۆمەڵكاری موسوڵمانان.

## فەرموودەی حەوتەم

مَن كَتَمَ غَيظاً، وَهُوَ قَادِرٌ عَلَى أَنْ يُنفِذَهُ،

دَعَاهُ اللَّهُ عَلَى رؤُوسِ الْخلائقِ

حَتَّى يُخيِّرَهُ مِنَ الْحُورِ الْعِينِ يُزَوِّجُهُ مِنْهَا مَا شَاءَ.

## فەرموودەی حەوتەم

## بەرهەمی زاڵبوون بەسەرتووڕەییدا

(عن معاذِ بنِ أَنسٍ - ﷺ - أنَّ النَّبيَّ - ﷺ - قَالَ: مَنْ كَتَمَ غيظاً، وَهُوَ قَادِرٌ عَلَى أَنْ يُنْفِذَهُ، دَعَاهُ اللَّهُ عَلَى رُؤُوسِ الْخلائقِ حَتَّى يُخَيِّرَهُ مِنَ الْحُورِ الْعِينِ يُزَوِّجُهُ مِنْهَا مَا شَاءَ).[١]

### کوردیەکەی

واتە: موعازی کوڕی ئەنەس خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: هەرکەسێك رقی خۆی خواردەوە و کاری پێ نەکرد -کە لە تواناشیدا هەبوو- خوای پەروەردگار لە ڕۆژی دوایدا لەناو هەموو خەڵکیدا بانگی دەکات و سەر پشکی دەکات کە چ حۆریەك هەڵدەبژێرێت لێی مارە دەکات.

[١] ئەبوداوود(٤٧٧٩)، ترمذي (٢٤٩٣) ئیبنوماجة (٤١٨٦)، ئەحمەد (٤٣٨/٣). شێخی ئەلبانی رەحمەتی خوای لێبێت لە (صحيح الجامع الصغير/٦٥١٨)دا دەفەرموێ: حەسەنە. ریوایەتی تریشی هەیە. وەکو: (مَنْ كَظَمَ غَيْظًا وَهُو يَسْتَطِيعُ أنْ يُنفِذَهُ، دَعَاهُ اللهُ يَوْمَ الْقيامَةِ عَلَى رُؤُوسِ الْخَلَائِقِ حَتَّى يُخَيِّرَهُ مِنَ الْحُورِ الْعِينِ يُزَوِّجُهُ مِنْهَا مَا شَاءَ) یان (مَنْ كَظَمَ غَيْظًا وَهُوَ قَادِرٌ عَلَى أَنْ يُنْفِذَهُ، دَعَاهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ عَلَى رُءُوسِ الْخَلَائِقِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يُخَيِّرَهُ اللَّهُ مِنَ الْحُورِ الْعِينِ مَا شَاءَ). ترمذی (٢٠٢١) هەر لێرەشدا ئەلبانی رحمەالله دەربارەی دەفەرموێ: سەحیحە.

## ڕاویەکەی

موعازی کوڕی ئەنەسی جوهەنی خوا لێی ڕازی بێت، هاوپەیمانی ئەنصاریەکانبوو. سەهلی کوڕی باسی بەشداربوونی باوکی دەگێڕێتەوە لە غەزایەکدا دژی ڕۆم بە فەرماندەیی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان. ئەمەش بەڵگەی تەمەندرێژیی ئەم یاوەرە بەڕێزەیە کە لە میسر و شام بەشداری غەزاکانی کردووە.. لە یاوەران ئەبوددەرداء و کەعبی حەحبارەوە گێڕاوێتییەوەو لەمیشەوە زۆرێکی تر.

_ سی (٣٠) فەرموودەی لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕاوەتەوە. ئەوانەش کە ڕیوایاتی ئەم یاوەرەیان گێڕاوەتەوە کەم نین. لەوانە سەهلی کوڕی کە زۆر فەرموودەی لێوە گێڕاوەتەوە. هەروەها خاوەن سوننەنەکان (ترمذی و نەسائی و ئیبنوماجە) و ئیمامی ئەحمەد و فەرموودەوانانی دوای ئەوان _وەکو سەعیدی کوڕی یونس و ئیمامی بەغەویی_ ڕیوایەتی ئەم یاوەرەیان گێڕاوەتەوە.. ئیمامی ئەحمەد لە مەسنەدەکەیدا دە (١٠) فەرموودەی بە ڕیوایەتی ئەم یاوەرە بەڕێزە هێناوەتەوە.

_ئەنەس و ئوبەیی کە دوو کوڕی ئەم یاوەرە بەڕێزەبوون، هەردووکیان بە ڕۆژێک لە جەنگی (بئر معونة)دا _کە ساڵی چواری کۆچی ڕوویدا_ شەهیدکران.

### واتا و مانای فەرموودەکە

خوای پەروەردگار ئەم مرۆڤەی خەڵق کردووە،کە جەستە و گیان و هزرو ژیری و دەروونە، وویستی خوای گەورە وابووە کە جەستە لە خزمەتی گیاندا بێت،تا مرۆڤ بتوانێت ئەرکەکانی جێ بەجێ بکات کە خراونەتە ئەستۆی، بۆیە جەستەی مرۆڤیشی وا

سازاندووە کە ئەو خزمەتەی گیانی پێ بکرێت، مادام هێشتا لە ژیاندایەو لەسەر زەمینە، بۆیە دوو جۆر هێزی تێدا دروست کردووە:

یەکەم: هێزی حەز، کە ئەرکەکەی ئەوەیە ئەوانە پەیدا بکات کە خۆراکی جەستەن یان سودیان بۆی هەیە. دووەم: هێزی تووڕەیی،کە ئەرکەکەی ئەوەیە ئەوانە دوور دەخاتەوە کە جەستە دەفەوتێنن یان زیانیان بۆی هەیە.

- چوار پەل و تواناکانیشی خەلق کردووە تا لە خزمەتی ئەو دوو هێزەدا بن، تا هەریەکەیان کاری خۆی باش ئەنجام بدات.

- هزر و بیریشی پێ بەخشیووە کە وەکو ڕێ نیشاندەرو ئاراستەوانێکی ئامۆژگارە، ئەگەر بینی یەکێك لەو دوو هێزە لاسەنگ کەوتوون ژیری ئاراستەی گیان دەکات کە پێویستە هەڵوێستی توند و سەخت بگرێتە بەر تا پارسەنگی بۆ کەسەکە بگێڕێتەوە.

بەڵام جاری وا هەیە هەندێك هۆکار دێنە پێشێ ڕێگا لە ژیری دەگرن کە ئامۆژگاریەکانی بکات، بۆیە هەر دەبوو خوای گەورە لوتف بکات مەنهەجێك بۆ دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی ژیرانەو پارسەنگی تاك و کۆی مرۆڤایەتی بنێرێت تا ڕێگا رۆشن بکاتەوە و هەمووان ئاراستەی ئامانجی -وجود- بکات، کە ئەویش مەنهەجی ئیسلامە.

ئەرکی ئیسلامە کە پارسەنگی مرۆڤ ڕابگرێت... واتە پارسەنگ ڕاگرتنی داخوازیەکانی ژیری و دەروونی و جەستەیی لەگەڵ پارسەنگی دنیا و قیامەتی و دنیا ویستی، تا کەسایەتی تاکەکان پارسەنگ بن و ڕاست و ڕەوا رەفتار لەگەڵ یەکتردا بکەن بزانن ماف و ئەرکی هەریەکەیان چییە.

ئەم فەرموودەیەی واین لە خزمەتیا بانگهێشتێکە بۆ جڵەو گیری ئەو دوو جۆرە هێزەی ناخی مرۆڤ تا یەکسان و تەریب ڕەوت بکەن هیچیان لە سنوری خۆیان دەرنەچن هیچیان لەسەر حیسابی ئەوی تریان گەشە نەکات، چونکە بە درێژایی مێژوو ئەو

مرۆڤانەی دوور لە دین بوون هەردوو هێزەکەیان سەر شێتی کردن و وەکو دڕندە ڕەفتاریان کرد چ حاکم بووبن چ خەڵکانی ناو کۆمەڵگەکان.

ئەم فەرموودەیە بانگهێشتێکە بۆ خۆ (کۆنترۆڵ) کردن و تووڕە نەبوون بەشێوەیەك کە یەکسەر بگاتە تۆڵە سەندنەوە و بەزاندنی سنوور، یان بەناوی بەرگرییەوە لە مافی خۆ مافی بەرامبەر پێشێل بکات، بۆ چەسپاندنی ئەم پارسەنگیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆری پاداشتی ئەو کەسە نیشان دەدات کە هێزی ڕاپەڕاندنی هەیە و تووڕە بووە بەڵام خۆی گرتووە و پارسەنگی لە دەست نادات، تورەییەکەی خۆی قووت داوەتەوە و ئارامگرانە ڕەفتاری کردووە، لە کاتێکدا کە دەشتوانێت دەست بوەشێنێت،بەڵام لەبەر ئەوەی لەبەر خاتری خوا خۆی گرتووە، خوای گەورەش ئاوەها پاداشتی دەداتەوە کە لە ڕۆژی قیامەتدا لە ناو ئەو هەموو خەلایقەدا بانگ دەکرێت وەکو سەرکەوتوویەك دەهێنرێتە بەرچاوان لە نێوان چەند حۆریدا چەند بخوازێت هەڵدەبژێرێت هەر لەوێدا لێی مارە دەکرێت (ئەمەش چێژی دەروونە کە سەرفرازی و ناو هێنان و سەلماندنی زاتە، پاشان چێژی جەستەیە... لوتکەی چێژی جەستەیە).

## واتا و چەمکی رق خواردنەوە (كَظَمَ الغَيْظ):

ڕق خواردنەوە بە کوردی کردنێکی پڕاو پڕی (كَظَمَ الغَيْظ)ە کە بریتییە لە قوتدانی ئەو هەستی ووروژان و خرۆشانەی رق هەستان (غەزەب) کە هۆکاری دەرەکی کەسەکە دەگەیەنێتە ئەو حاڵەتە، بەڵام موسوڵمانە دیندارە بۆ خوا سوڵحاوەکان لەو حاڵەتانەشیاندا لەبەر خاتری خوای گەورە خۆ دەگرن و گیانی تۆڵە سەندنەوە و ووزەی دەست وەشاندنیان دەوەستێنن و هیچ ناکەن، یان ڕەفتارێك نانوێنن کە شایستەی بۆ خوا سوڵحانی وان نەبێت، گرنگی ئەمە لەوەدایە کە کەسەکە توانای تۆڵە و زەربە لێدانی هەیە... ئەمما ئەو کەسەی کە ئەم توانایەی نیە چی دەکات؟ هیچ... هەر دەبێت ئارام بگرێت و ئارامگرانە ڕەفتار بکات... گرنگیەکی تری ئەم هەڵوێستە ئەوەیە کە خوا

ویستانەیە، لەبەر خاتری خوای گەورە هیچی نەکردووە، نەك لەبەر ناو دەرکردن و خۆ نواندن، کە ئەمیان ریابازیە نەك هەر پاداشتی نیە بەڵکو گوناحیشی کەوتۆتە سەر چونکە ڕیا شیرکی بچوکە.

## پلە و پاداشتی رق خواردنەوە:

خوای گەورە ڕق خواردنەوە و خۆ گرتنی کاتی تووڕەبوونی کردووە بە سیما و سیفەتی تەقواکاران وەك دەفەرموێت: (وَسَارِعُوا إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ * الَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِۗوَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ) ال عمران/١٣٣-١٣٤واتە: پەلە لە هەموو کارێکی خێردا بکەن لەوانەی کە لێخۆشبوونی خوای پەروەردگارتانی پێوەیە، تا ئەو بەهەشتەتان بە نسیب بێت کە پانتایەکەی بەقەدەر هەموو ئاسمانەکان و زەمینە و تەرخان کراوە بۆ تەقواکاران، بۆ دیندارانی خواویستی سەر ڕاست، ئەوانەی کە لە حاڵەتی خۆشی و فراوانیدا دەبەخشن، هەروەکو چۆن لە حاڵەتی نەبوونی هەژاریشدا هەر دەبەخشن، هەروەها ئەوانەی کە لەکاتی تورە بوونیاندا رقی خۆیان دەخۆنەوە و لە خەڵکی دەبوورن، خوای گەورە چاکەکارانی خۆش دەوێت.

- هەروەها دەفەرموێت: (وَعِبَادُ الرَّحْمَٰنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا) الفرقان/٦٣واتە: عەبدانی پیاو چاکانی خوا ئەوانەن کە بێ هەواو فیزن و بەویقارەوە بەسەر زەمیندا دەڕۆن، کاتێك نەفام و گەلۆر و سەرسەریەکان قسەیان پێ دەڵێن و سوکایەتیان پێ دەکەن ئەمان ئارامگرانە خۆ دەگرن و بەجۆرێك وەڵامیان دەدەنەوە کە کەسایەتی خۆشیان دەپارێزن و واش لەگەڵ ئەواندا دەدوێن کە ڕاستکردنەوەی دید و هەڵوێستی ئەوانی تێدا بێت،بەو ئومێدەی خوای گەورە هیدایەتی ئەوانیش بدات و ئەوانیش ڕێگای خوا پەرستی بگرنە بەر...

- خوای پەروەردگار فەرمانی ئاوای بە پێغەمبەرە بەڕێزەکەشی داوە،کەفەرمویەتی (خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ) الاعراف/١٩٩ واتە: مافی خۆتیان بە

لێبوردنیان لێ وەرگرەوە فەرمان بە چاکە بکە و ڕوو لە نەفام و گێل و سەرسەری یەکان وەرگێڕە و هەر لامەکە بە لایانەوە.

- هەروەها پێی فەرموو (فَاصْفَحِ الصَّفْحَ الْجَمِيلَ) الحجر/٨٥ واتە: بیان بوورە بێ گلەی و بە چاو دانەوەیان. لێیان خۆشبە چونکە ئەم سیفەتە سیمای هیممەت بەرزەکانە (وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ) الشوری/٤٣ واتە: ئەو کەسانەی کە ئارام دەگرن و گیانی لێ بوردنیان تێدا بەهێزتر دەبێت و دەبوورن ئەمە دوو سیفەتی وویست و ئیرادە بەهێزیە.

لەم ڕوانگەشەوەیە کە پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەسفی ئەو کەسەی کە لە کاتی توڕەبوونیدا خۆی دەگرێت بە (بەهێز) کردووە.. وەك دەفەرموێت: (لَيْسَ الشَّدِيْدُ بِالصُّرْعَةِ، اِنَّمَا الشَّدِيْدُ الَّذِيْ يَمْلِكُ نَفْسَهُ عِنْدَ الْغَضَبِ).[1] واتە: ئازایەتی و خۆگریی و بەهێزیی بە زۆرانبازی نیە،خۆگر و بەهێز ئەو کەسەیە کە لە کاتی توڕە بوونیدا خۆی دەگرێتەوە.

- هەروەها دەفەرموێت (مَا جَرَعَ عَبْدٌ جَرعَةً اَعْظَمَ اَجرًا مِنْ جُرْعَةِ غَيْظٍ كَظَمَهَا اِبْتِغَاءَ وَجْهِ اللهِ تَعَالَى).[2] واتە: هیچ قووتدان و خواردنەوەیەك نییە کە پاداشتی زۆر بێت وەك قوتدانەوەی رق لە کاتی توڕەبووندا لەبەر خاتری خوای گەورە.

---

[1] بوخاری (٥٧٦٣)،موسلم(٢٦٠٩).

[2] ئیبنو ماجە (٣٣٩٦) ئەحمەد (٦١١٤)، شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح سنن ابن ماجە/٣٣٩٦)دا و شێخ ئەحمەد شاکر لە توێژینەوەی مەسنەدی ئیمام ئەحمەد (٢٣٦/٨) و شێخ موقبیل الوادعی لە لە (الصحیح السند/٧٣٣) دا فەرموویانە سەحیحە.

**ئەو پەند و ئامۆژگاریانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێ:**

یەكەم: گەورەیی و گرنگی رق خواردنەوە،كە خۆ(كۆنترۆڵ) كردنە و رێبڕینە لە شەیتان و فاك و فیك و وەسوەسەی هەروەها بەهێزی و وویست و پارسەنگە كەسایەتی و هۆكاری بڵاو بوونەوەی گیانی لێبووردن و ئەمان و دۆستایەتی بەهێز كردنە، ئەوەی یارمەتیدەر دەبێت لە خۆ ڕاهێنان لەسەر ئەم سیفەتە جوامێریە:

١- بیركردنەوە و بەهۆش هێنانەوەی زۆری پاداشت لای خوای گەورە و سەربەرزی و سەرفرازیی قیامەت و كەناردان لە ئاگری دۆزەخ چونكە لە دنیادا خۆی لە ئاگری رق و تووڕەیی كەنار داوە لەبەر خاتری خوای گەورە نەیویستووە تۆڵە بكاتەوە.

٢- بیركردنەوە و هۆش هاتنەوە و لاكردنەوە بەلای سزای خوای گەورەدا، كە ئەگەر تورە بوو ڕقەكەی خۆی بە دەست درێژی و دەست وەشاندن دەربڕێت، كارێكی خراپ دەكات و دەبێت بزانێت كە خوای گەورە خاوەن هێزی بێ سنور و توانای ڕەهایە، دەبێ بزانم كە ئەگەر من رقی خۆمم بە كەسێك ڕشت خوای گەورەش دەمخاتە بەر رق و تورەیی خۆی، لەو ڕۆژەدا كە من پێویستم بە لێ بووردنی ئەو دەبێت، ئا لەو رۆژەدا ماڵ وێرانیە بۆ من ئەگەر ئەو لێم تورە بێت، جا بۆچی لە دنیادا سەبرێك نەگرم باشترە؟ خۆ هەر ساتە وەختێكی كەمە و تەواو دەبێت.

٣- بیر هێنانەوە و خۆ ترساندن بە ئەنجامی رق پێرشتن و تۆڵە سەندنەوە و دەست وەشاندن.. چونكە حەتمەن كاردانەوەی دەبێت، ئەگەر دەستبەجێیش نەبێت، لەناخدا دەبێتە گرێ قین و گیانی هەقسەندنەوە و چەكەرەی دوژمنكارێتی، هەر زووش دەبێتە مایەی زوویر بوون مایەی دەنگ لێ دابڕان و لاواز كردنی دۆستایەتی و برایەتی، كە ئەم سیفەتەش لە كۆمەڵێكدا تەشەنەی كرد بە دڵنیاییەوە ڕیزی بەسەر ڕیزیەوە نامێنێ... چونكە تاكەكان ئەو خۆشەویستی و سۆزەیان بۆ یەكتر نامێنێت، كە گیانی لێبوردنیان

بوونیاد ناوه له ناویاندا، دواتر وایان لێ دێت لەسەر یەکتری ناکەنەوە له حاڵەتی کەوتنه بەر تین و تەوژم و هێرشی دوژمندا زۆر سۆزیان بۆ یەکتر ناچێت، ئەمەش یەکێکه لەو درزانەی که دوژمن دەتوانێت دزەی لێوه بکاته ناو کۆمەڵگەی موسوڵمانەوە.

٤- بیرکردنەوە و هۆش هێنانەوەی سەر دیمەن و ڕوواڵەت و هەڵوێستی خۆت لەو ساته وەختەدا که ڕقەکەت دەردەبڕیت و توڕەبوونەکەت کردۆته گڕکان و زیانەکانی بەملاو لاتا بڵاو دەکەیتەوە، زۆر کەس لەو حاڵەتانەدا سیمای مرۆڤانەیان له دەست دەدەن، وەکو گورگی هارو سەگی نەهێن گریان لێ دێت، له پەلاماردان ناکەون و ناگیرێن!

تۆ ئەم دیمەنه بهێنه پێش چاوی خۆت و بەراوردی بکه له گەڵ دیمەنی پێغەمبەران عَلَيهِمُ الصَّلاةُ وَ السَّلَام و یاوەرانیان و پیاو چاکان که دیمەنی کەسانی سینه فراوان و ئارام و ئامۆژگارن تەنانەت له هەمان حاڵەتیشدا پارسەنگی و وویقاری خۆیان لاسەنگ ناکەن.. گومان لەوەدا نیه که هەر کەسێکمان ئەم دوو دیمەنه لەخۆیدا بەراوورد بکات، دیمەنه پارسەنگەکانی لا چاکتر و پاکتر دەبن هەوڵیش دەدات که هەمیشه وەها بێت، هەر ئەوەشمان چاکتره.

٥- بیرکردنەوە لەوەی که پاڵنەری ڕق پێرشتن و دەست وەشاندنەکه چیه؟ ئایا لەبەر خاتری خوایه؟ یان بۆ سەرخستنی نەفس و خۆ ئازا کردن و دەسەڵات نیشاندانه؟ که دیاره پاڵنەری ئەمەش شەیتانه، جا تۆ خۆت بخەیته ریزی (حیزب الله) وه چاکتره یان بچیته ڕیزی (حیزب الشیطان) که خوای گەوره به ئایەتی مەحکەمی خۆی دەفەرموێت: (أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ) المجادلة/١٩ واته: ئەرێ به تەئکید حیزبی شەیتان زەرەر مەندن.

٦- پەنا بردنەوە بەر خوای گەورە و ئیستیعازە (أعُوذُ بِاللهِ مِنَ الْشَيْطانِ الْرَجيم) کردن و گۆڕینی شێوازی ئەو حاڵەتەی کە تێیدا بویت، بە پێوە بویت دابنیشە -دانیشتبویت ڕابکشێ- یان بڕۆ دەستنوێژ بگرە، یان هەستە دوو ڕکعات نوێژ بکە، بەڵام با هۆش و بیرت لای نوێژەکەت بێت نەك لای ئەو هۆکارەی کە تۆی تورە کردووە لەو کاتە عەبدایەتیت بۆ خوای تاك و تەنها دووپات بکەرەوە و بەڵێنی یەکتا پەرستیەکەت تازە بکەرەوە،سولەیمانی کوڕی سورەد خۆلێ ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (كُنْتُ جالِساً مَعَ النَّبِيّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَرَجُلانِ يَسْتَبَّانِ، وَأَحَدُهُمَا قدِ احْمَرَّ وَجْهُهُ، وانْتَفَخَتْ أوْدَاجُهُ، فَقَالَ رَسُول اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (إنِّي لأَعْلَمُ كَلِمَةً لَوْ قَالَهَا لَذَهَبَ عَنْهُ مَا يَجِدُ، لَوْ قَالَ: أعُوذ باللهِ منَ الشَّيطَانِ الرَّجِيمِ، ذَهَبَ عنْهُ مَا يَجِدُ).[١] واته: لە خزمەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دانیشتبوم، دوو پیاو لێك تورە بووبوون و قسەیان بە یەکتر دەووت. یەکێکیان سووربووبۆوەو دەماری لاملی هەستابوو (ئەستووربووبوو) پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: من ووشەیەك دەزانم ئەگەر بیڵێیت ئەو حاڵەتەت نامێنێ. ئەگەر بڵێ (أعُوذُ بِاللهِ مِنَ الْشَيْطانِ الْرَجيم) حاڵەتەکەی دەڕوات و نامێنێت.چوون و پێیان ووت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: پەنابگرە بە خوای گەورە لە شەیتانی ڕەجمکراوو بڵێ (أعُوذُ بِاللهِ مِنَ الْشَيْطانِ الْرَجيم).

- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (إنَّ الْغَضَبَ جَمْرَةٌ تُوقَدُ فِي قَلْبِ ابْنِ آدَمَ، أَلَمْ تَرَوْا إِلَى انْتِفَاخِ أَوْدَاجِهِ وَإِلَى احْمِرَارِ عَيْنَيْهِ، فَإِذَا وَجَدَ أَحَدُكُمْ ذَلِكَ، فَإِنْ كَانَ قَائِمًا فَلْيَقْعُدْ، وَإِنْ كَانَ قَاعِدًا فَلْيَتَّكِ).[٢] واته: ئاگادار بن کە تورەبوون پشکۆیە (پەنگر)ە

---

[١] بوخاری (٣٢٨٢)، موسلم (٤٧٨١).

[٢] ئەبوداوود (٤٧٨٢)، ئیبنوماجە (٤١٨٦)، ئەحمەد (٢٠٨٤٠)، طەبەرانی: المعجم الأوسط (٧٢٧٨)، بەیهیقی لە: شحب الإيمان (٧٧٩٧)، عبدالرزاق لە المصنف (٢٠٢٨٩).

لە دڵی ئادەمیزادایە، مەگەر ئەو سوورایییەی چاو نابینن یان ئەو ڕەگانەی لاملی کە ئاوا پڕخوێنبوون؟ هەر کەسێك حاڵەتێکی وەهای بەسەردا هات با ڕوومەتی بخاتە سەر زەوی. مەبەستی سوجدەبردنە بۆ خوای گەورە تا بەرزترین شوێنی بۆ خوا نەخاتە سەر زەوەی ئەو ڕقەی دانامرکێ چونکە سوجدە ئەو پەڕی زەلیلی مرۆڤە بەرامبەری خوای خۆی چونکە پێچەوانەی زەلیلی کە خۆ بەزل زانی لوتبەرزی و بوغرابوونە کە بۆتە هۆکاری ئەو توڕەییە زۆرەی.

دووەم: تەرکیز خستنە سەر پاداشت و دیاری و خەڵاتکردن لە کاتی پەروەردە کردن و ئاراستەکردنی بەردەستاندا، چونکە بە پێی سروشتی مرۆڤ هەموو کەسێك حەزی لە پاداشت و دیاری و خەڵاتکردنە، حەزی لە سزادان و مەحروم کردن نیە، ئەگەر خۆشت و کەسانی تریشت بیر هێنایەوە کە پاداشتی گەورە ئەوەیە کە خوای گەورە تەرخانی کردوە بۆ ئەوانەی ڕقی خۆیان دەخۆنەوە و هێدیانە ڕەفتار دەنوێنن، ئەگەر ئەوەت هاتەوە یاد کە پاداشتەکەت بەهەشت و حۆری و ناز و نیعمەتەکانی دەبێت حەتمەن زیاتر خۆت دەگریت و بەرەو پلە و ئاستی پیاو چاکان پێ هەڵدەگریت وابکە.

## فەرموودەی هەشتەم

إِذَا كُنْتُمْ ثَلَاثَةً

فَلَا يَتَنَاجَى اثْنَانِ دُونَ الْآخَرِ

حَتَّى تَخْتَلِطُوا بِالنَّاسِ

مِنْ أَجْلِ أَنَّ ذَلِكَ يُحْزِنُهُ..

## فەرموودەی هەشتەم

## چرپەچرپی دوو لە سێ کەس حەرامە

(عَنِ ابْنِ عُمَرَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: إِذَا كُنْتُمْ ثَلَاثَةً، فَلَا يَتَنَاجَى اثْنَانِ دُونَ الْآخَرِ، حَتَّى تَخْتَلِطُوا بِالنَّاسِ، مِنْ أَجْلِ أَنَّ ذَلِكَ يُحْزِنُهُ).[١]

### کوردیەکەی

واتە: ئیبنو عومەر خوا لێ ی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمویێ: ئەگەر سێ کەس بوون -دوانتان دوور لەوی تر- وتووێژ نەکات، تا تێکەڵ بە خەڵکی تر دەبن، چونکە ئەوە (قسە کردنی دوان و وەلکردنی سێهەم) سێهەمەکە خەمبار دەکات.

[١] بوخاری (٦٢٩٠)، موسلم (٢١٨٤).

## راویەکەی

سەیدنا ئیبنوعومەر ناوی عبداللهیە و کوڕی سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابە سێ ساڵ دوای پێغەمبەرایەتی لە مەککە لە دایکبوو، کە هیجرەتی کرد بۆ مەدینە تەمەنی یازدە ساڵان بوو، لە غەزای ئوحودیشیدا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناردیەوە لەبەر کەم تەمەنی، لە غەزای خەندەقیشدا کە تازە تەمەنی بووبووە پازدە ساڵ زۆر تکای لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کردو لێی پاڕایەوە تا مۆڵەتی بەشداری کردنی پێدا.. ئیتر بەشداری هەموو غەزاکانی تری کرد.. ئەوەندە هۆگری پێغەمبەر بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە رادەیەك کە پێی وابوو شوێنێك نەماوە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژی لێ کردبێت و ئەم دوو رکات نوێژی لەو شوێنەدا نەکردبێتەوە.. کە دەیبیست پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە شوێنێکدا تەشریفی بردووەو دەیان جار بەو شوێنەدا دەهات و دەچوو بەو ئومێدەی جارێك پێی بکەوێتە شوێن پێیەکی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ! درەختێکی دیاری کردبوو کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ژێریدا دانیشتبوو، هەموو رۆژێك بە کۆڵ ئاوی بۆ دەبردو ئاودێری دەکرد، ئینجا لە ژێریدا دادەنیشت..

سەیدنا عبدالله دەفەرموێ: هەر دەمبیست خەڵك دەهاتنە خزمەت پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئەو خەونانەیان بۆ دەگێڕایەوە کە بینبویانن، منیش خۆزگەم دەخواست خەونێك ببینم و بێمە خزمەتی بۆم لێکداتەوە، تا جارێك لە خەونمدا دوو فریشتە هاتن و بەرەو ئاگری دۆزەخ بردیانم، بیرەکە لێوارو دوو شاخی هەبوو، خەڵکانێکم تێدا بینی کە دەمناسین، هەر دەمووت: پەنا دەگرم بە خوای گەورە لە ئاگری دۆزەخ.. یەکێك لە فریشتەکانیش پێی دەووتم: مەترسە، خەمت نەبێت.. کە خەبەرم بۆوە چوومە لای حەفسەی خێزانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (کە خوشکی بوو) خەوەکەم بۆ گێڕایەوە

تا بۆ پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بگێڕێتەوە، کە بۆی گێڕایەوە فەرمووی : (نِعْمَ الرَّجُلُ عَبْدُ اللَّهِ، لَوْ كَانَ يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ) متفق عليه واتە: بە ڕاستی عبداللە پیاوی چاکە ئەگەر شەونوێژی هەبوایە.. سەیدنا سالمی برای سەیدنا عبداللە دەفەرموێ: عبداللە لەوەو دوا بە شەو کەمێك نەبوایە نەدەخەوت..

دەم پاك بوو جنێوێکیان لێ نەبیستووە بە کەسێکی دابێت..

دووربوو لە وەرگرتنی پلەو پایەی دنیا، سەیدنا عوسمانی کوڕی عەففان خوا لێی ڕازی بێت داوای لێکرد ببێتە قازی، نەیکرد ..

زۆر بەخشندە بوو، زۆر سەخی بوو، هەرچی شتێکی هەبوایەو لای خەڵکی بەقەدر بوایە ئەوی پێش سامانەکانی تری دەبەخشی.. جارێك نەخۆش بوو فەرمووی: زۆرم حەز لە ماسییە، هەموو بازاڕ گەڕان لە ماسیەك زیاتریان دەست نەکەوت، سەفییەی خێزانی بۆی سوور کردەوەو خستیە بەر دەستی، لەو کاتەدا سواڵکەرێك لە دەرگای دا، فەرمووی ئەم ماسیەی بۆ ببەن! ووتیان خوا عافووت کات بەو ماسیەوە زۆر ماندوو بووین تا بۆ تۆمان ساز کردووە، خەمت نەبێت درهەمێك دەدەینە کابرا بۆ ئەو باشترەو زۆریشە، فەرمووی: نا ئەم ماسیەی بدەنێ چونکە پێم خۆشە ئەوە ببەخشم کە زۆرم حەز لێیەتی..

سەیدنا عبداللە کە یەکێکە لە شەرعناسانی یاوەران، (٢٦٣٠دوو هەزارو شەش سەدو سی) فەرموودەی گێڕاوەتەوە..

ساڵی ٧٣ی کۆچی لە کاتی حەج کردندا لە مینا بوو کە ڕمی کابرایەکی بە سەختی بەرکەوت کە ژاماداری کردو بووە هۆی گیان لە دەستدانی!

## واتا و مانای فەرموودەكە

ئیسلام زۆر بایەخ بە یەك ڕیزی و پتەوی ڕیزی موسوڵمانان و یەك دیدی و هەڵوێستیان دەدات، تا موسوڵمانان هەمیشە بەیەكەوە دركی چاوی دوژمنان بن، بۆیە هەرچی شتێك، هەر حاڵەتێك، دید و هەڵوێستی كەسێك ببێتە مایەی تەفرەقە و دوبەرەكی و پەرتەوازە بوون ئیسلام بەرەنگاری دەوەستێتەوە و ڕەفزی دەكات كە لەناو مسوڵماناندا هەبێت، بۆیە ئیسلام هەموو ئەو تولە ڕێگانەشی بن بەست كردووە كە سەر دەكێشن بۆ دووبەرەكی وەكو دەنگ دابڕان و زویر بوون، یان گومانی خراپ و بە دوای عەیب و عاری یەكتردا گەڕان، یان غەیبەت و جاسوسی كردن، یان ڕق هەڵگرتن و بوغزاندن، یان هەر شتێكی تر كە سەر بكێشێت بۆ مایەی دوركەوتنەوەی موسوڵمانان لە یەكتری، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ ۖ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا ۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۚ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ﴾ حجرات/١٢واتە : ئەی ئەو كەسانەی كە باوەڕتان هێناوە زۆر خۆتان دورە پەرێز بگرن لە گومانی خراپ بردن، چونكە هەندێك گومان بردن دەبێتە تاوان، گوناحە گومانی خراپ بە برای موسوڵمانت ببەیت، نەكەن جاسوسی لەسەر یەكتری بكەن، یان غەیبەتی یەكتری بكەن، كە قسەكردنی پاشەملەیە لەسەر كەسی غائیب، ئەوە ڕەفتارێكی خراپ و قێزە وونە، وەكو گۆشت خواردنی غەیبەت كراوەكە وایە بە مردوویی! چما كەستان هەیە حەز بكات گۆشتی كەسێكی مردوو بخوات وە ئەو كەسەش برای موسوڵمانی خۆی بێت؟ كە بێگومان قێز لەمە دەكەنەوە و حەز ناكەن باسیش بكرێت، دەی كەواتە لە خوا بترسن، خوای گەورەش هەموو جارێك تۆبەتان لێ قبوڵ دەكات و خوای گەورە بە بەزەییە.

- ئەم فەرموودەیەیی واین لە خزمەتیا داوامان لێ دەکات کە ڕەفتارێکی بەد و ناپەسەندمان لە ناودا هەیە وازی لێ بهێنین (کە گومانی خراپ بە یەکتر بردنە) چونکە هەر موسوڵمانێك گومانی خراپ بە برای موسوڵمانی خۆی ببات و وابزانێت ئەو موسوڵمانانەی لە گەڵیدا دەژین شایستە نین و خراپن... هتد، کەس جێ متمانەی ئەوی تر نامێنێت و دواتریش ئەم گومانە خراپە سەر دەکێشێت بۆ غەیبەت کردن و بەدوای خاڵی لاوازی یەکتردا گەڕان ئەمەش بە تەبیعەتی حاڵ دەتگەیەنێتە قسە لەیەکتر دابڕان و عاجزی و ناکۆکی.

ئەم فەرموودەیەی کە ڕێگە لەوە دەگرێ دوان لە کۆی سێ کەس پێکەوە بە جیا بە ئەسپایی لە نێوان خۆیاندا قسە بکەن و سێهەمەکەیان خستبێتە لاوە، ئەدەبێکی زۆر بەرزیی گفتوگۆ و ڕەفتار نیشان دەدات، چونکە سێهەمینەکە لەوانەیە وا گومان ببات کە ئەو دوانە دژی ئەو دەدوێن، یان پلانێکیان دژی ئەو بە دەستەوەیە (هەر ئەم گومان بردنە لە کوشتنەوە دەگرێتەوە تا متمانە پێ نەکردن! دەیان و سەدان بوار و حاڵەت و هۆ دەگرێتەوە کە بۆچی ئەم دوانە نایانەوێت منیش بەشداری پێ بکەن لە قسەکانیاندا؟!

گومان دەبەن تۆ بڵێی بە تەمای کوشتنی ئەم نەبن؟ یاخود باسەکەیان زۆر گرنگە و متمانەیان بە من نەبێ؟ یان هۆکارێکی تر لە پشتی ئەم چرپە چرپەیانەوە هەبێ؟ حەتمەن کە هەر جۆرە گومانێکیش کۆڵێك خەفەتی پێوەیە، کە سەرەنجام ئەم سێهەمینە لە خۆڕایی بارێك خەم و خەفەت لە دڵیدا کەڵەکە دەبێت.. کە ئەمە ڕەفتارێکە ئیسلام ڕێگای لێ دەگرێت و قەدەغەی دەکات.

## مانای چرپە و قسەی پاشەملە:

ئەم ڕەفتارە کە لە عەرەبیدا پێی دەوترێت (التناجي) غەیبەت کردن نیە، چونکە غەیبەت شتێکی ترە، ئەمە سرتە سرتی دوو کەسە بەدیار چاو کەسی سێهەمەوە... کە دەشڵێن پاشە ملە هەم ئەم سرتە سرتە دەگرێتەوە هەم غەیبەتەکەش دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها مەبەستمان (التناجي)ە کە دووکەس بە دیار چاو کەسی سێهەمەوە چرپە چرپ بکەن باسی شتێکی نهێنی نێوان خۆیان بکەن کە خودی باسەکەی نێوانیان حەرام نیە و ئیسلام ڕێگای پێ داوە کە باس بکرێت (چونکە دەگونجێت زەرورەتێکی نێوان ئەو دوو کەسە بێت و وەها پێویست کات بە یەکتری بڵێن) بەڵام نەك بەو شێوەیەی کە کەسی سێهەم لایان ئامادە بێت و ئەمان خەریکی چرپە کردن بن و نەهێڵن کەسی سێهەم گوێی لێ بێت.

- کە دەوترێت (تناجوا) واتە : دوو کەس دووکەس کەوتنە لاوە و چرپە چرپ کردن لەگەڵ یەکتری بێ ئەوەی کەسی سێهەم بخوێننەوە لە ڕوی هەست و شعورەوە یاخود لە ڕووی مەکانەتەوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو جۆرە ڕەفتارە دەبێتە هۆکاری بریندار کردنی هەستی کەسی سێهەم، ئەویش دەکەوێتە گومانی خراپەوە بەو دوو کەسە، ئیسلامی پیرۆز ڕێگرە لەم جۆرە گومان بردنە چونکە سەر دەکێشێت بۆ زویر بوون و عاجز بوون و دەنگ دابڕان لە یەکتر ئەمەش دەبێتە هۆکاری تەفرەقەی نێوان ڕیزی موسوڵمانان.

- فەرموودەکە ڕێ لەوە ناگرێت کە تۆ خاوەنی نهێنی خۆت بیت و حەز نەکەیت هەموو کەس بزانێت تەنها ئەوانە نەبن کە جێگای متمانەی خۆتن و بەس، خۆ هەرکەسەمان چەندەها نهێنی خۆمان هەیە، لە کاری کۆمەڵکاریشدا چەندین نهێنی هەیە و نامانەوێت بگاتەوە گوێی ناحەزان و دوژمنانی کۆمەڵی موسوڵمانان... بەڵام باسکردنی ئەمەش دەبێت لە چوار چێوەی ئەم ئادابە جوانەی ئیسلامدا بێت، چەند گرنگیش بێت نابێت بریندار

کردنی هەستی کەسی تری تێدا بێت و دوو دوو بکەونە چرپە چرپەوە، فەرموودەکە چارەسەری داناوە کە مادام سێ کەس بن نابێت دوانیان چرپە بکات ئارام بگرن تا دەگەن بە کەسانی تر و ژمارەی کەسەکان لە سیانەوە دەبنە زیاتر.. ئەمەش ڕەفتارێکە کە هاوەڵان لەسەری پەروەردە بووبوون.

عبدالله کوڕی سەیدنا عمر خوا لێی رازی بێت (کە بەوە بە ناوبانگ بوو کە هیچ ڕەفتارێکی پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ی لا شاراوە نەبوو، تەنانەت لە سووکە دانیشتنێکیشدا هەر بەو شێوەیە دانیشتۆتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دانیشتووە).[1]

جارێکیان لەگەڵ پیاوێکدا وەستا بوو، پیاوێکی تر هاتە خزمەتی و وویستی جیای بکاتەوە و لەگەڵیدا بدوێ، عبدالله فەرمووی: سەبرێك بگرە تا کەسێکی چوارەم دێتە لامان، پاش کەمێك کەسێك هات و بە تەنها لەگەڵ کابرا دواو دووکەسەکەی تری بەجێ هێشت.

[1] جارێك پێیان ووت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەبن ئەو دارە دانیشتوە و پاڵی پێوە داوە ئەم هاوەڵە بەڕێزە هەتا مرد ئەو دارەی ئاو دەداو پشتی پێوە دەدا!! زۆریش هۆگری ماڵی پێغەمبەری خوا بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چونکە برای خاتوو حەفصەی خێزانی پێغەمبەری خوا بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ واتە ژن برای بوو!

## هەندێك دەقی ترلەسەرئەم ئادابە جوانە

خوای گەورە دەفەرموێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَنَاجَيْتُمْ فَلَا تَتَنَاجَوْا بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَتَنَاجَوْا بِالْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ * إِنَّمَا النَّجْوَىٰ مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَيْسَ بِضَارِّهِمْ شَيْئًا إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ) المجادلة/٩-١٠واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر بە چرپە قسەتان لەگەڵ یەکتر کرد، با چرپە چرپی گوناحکاری و دەستدرێژی کردنە سەر یەکتری و بێ ئەمری فەرمانەکانی خوا و پاشان پێغەمبەرەکەی نەبێت، باچرپەی سەر ڕاستی و دینداری و لە خوا ترسان بێت، لەو خودایە بترسن کە هەمووتان لەبەر دەستی کۆ دەبنەوە، چرپە چرپی گوناح و تاوان و پلان گێڕی لە شەیتانەوەیە، ئەو هانتان دەدات بۆی تا توشی گوناحتان بکات، تا موسوڵمانان لە ناو یەکتری بەد گومان بن لەیەك و خەفەتبارتان دەکات بە ڕەفتاری یەکتر، هەرچەندە شەیتان بە توانا و فاك و فیکی خۆی ناتوانێت زیان بە موسوڵمانان بگەیەنێت ئەگەر وویستی خوای گەورەیی لەسەر نەبێت، دەی کە مادام وایە با ئیمانداران پشتیوانی خۆیان بە خوای پەروەردگار زیاد بکەن و پتەو تری بکەن.

- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: (لاَ يَتَنَاجَى اثْنَانِ دُونَ وَاحِدٍ فَإِنَّ ذَلِكَ يُؤْذِي الْمُؤْمِنَ وَاللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ يَكْرَهُ أَذَى الْمُؤْمِنِ).[١] واتە: با دوو کەستان پێکەوە دوور لە سێهەمتان نەکەونە قسە کردن، چونکە ئەوە دەبێتە مایەی ئازاری دەروونی ئەو موسوڵمانە، خوای گەورەش ئازاردانی موسوڵمانانی پێ ناخۆشە.

❁❁❁ ❁❁❁ ❁❁❁

[١] ترمذي(٢٨٢٥)، طەبەرانی لە: الأوسط (٤٩٨٨)، هەیثەمی لە: مجمع الزوائد (١٢٤/٨).

## ئەو پەند و ئامۆژگاریانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت:

١- حەرامێتی چرپە کردنی دوو کەسی موسوڵمان پێکەوە لەگەڵ ئیهمال کردنی کەسی سێهەم کە تەنها دەمێنێتەوە، پێویستە ئەو دوانە چرپە کردنەکەیان ڕابگرن تا کەسی چوارەم تێکەڵیان دەبێت، تا سێهەمینەکە نەکەوێتە گومانی خراپەوە، ئەمەش سەر بکێشێت بۆ بێ متمانەیی لەبەرامبەر یەکتردا و لیك ترازان و زویر بوونی لێ بکەوێتەوە.

٢- سوور بوونی ئیسلام لەسەر ڕێگرتن لە هەر هۆکارێك کە دەبێتە مایەی دەنگ لێك دابڕان و عاجز بوون لە یەکتری، تا ڕیزی موسوڵمانان لاوازی و پەرتەوازەیی تێ نەکەوێت و هەر بە پتەوی بمێنێتەوە و جێگای ترسی هەمیشەیی دوژمنانی دینی خوا بن.

سوور بوونی ئیسلام لەسەر پاراستنی هەستی خەڵکی و بریندار نەکردنیان ئەوەش حوکمی خوای گەورەیە جا کێ هەیە حوکمی لە حوکمی خوای گەورە چاکتر و جوانتر بێت.

## فەرموودەی نۆیەم

أَفْضَلُ دِينَارٍ يُنْفِقُهُ الرَّجُلُ

دِينَارٌ يُنْفِقُهُ عَلَى عِيَالِهِ

وَدِينَارٌ يُنْفِقُهُ الرَّجُلُ عَلَى دَابَّتِهِ

فِي سَبِيلِ اللَّهِ

وَدِينَارٌ يُنْفِقُهُ عَلَى أَصْحَابِهِ

فِي سَبِيلِ اللَّهِ.

## فەرموودەی نۆیەم

### ئاوا پارەکەت دابەشکە!

سەوەبان (ثوبان) خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:

(عَنْ ثَوْبَانَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَفْضَلُ دِينَارٍ يُنْفِقُهُ الرَّجُلُ دِينَارٌ يُنْفِقُهُ عَلَى عِيَالِهِ، وَدِينَارٌ يُنْفِقُهُ الرَّجُلُ عَلَى دَابَّتِهِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَدِينَارٌ يُنْفِقُهُ عَلَى أَصْحَابِهِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ).[١]

### کوردیەکەی

باشترین دینار (پارە) یەك کە کەسێك خەرجی بکات: دینارێکە کە بۆ ماڵ و منداڵەکانی خۆی خەرج دەکات، پاشان دینارێکە کە بۆخزمەتی سوراییی (ئەسپ -حوشتر- سەیارە - ماتۆڕ)ەکەی خەرجی دەکات کە دەیەوێت لە جیهاد کردندا بەکاری بهێنێت، پاشان دینارێکە کە بۆ خزمەتی موجاهیدەکانی هاوڕێی خەرجی دەکات کە لەبەر خاتری خوا چونەتە جیهاد.

[١] موسلم(٩٩٥)، ترمذی (١٩٦٦)، ئیبنوماجە (٢٧٦٠)، ئەحمەد (٢١٨٧٥)، بەیهیقی: السنن (٧٥٧٢)، فتح الباری (٥٠٣٩) ئیمامی نەوەوی لە ریاض الصالحین/ باب النفقه علی العیال ل٩٨_ چاپی ٢٠١٣/٢ دار السلف الصالح /القاهره -تحقیق دکتور ماهر بن یاسین بن فحل/العراق)

## راویەكەی

سەیدنا ثەوبانی (ثَوْبَانَ) كوڕی بەجدەد كە بە ئەبو عبداللە بانگ دەكرا، خەڵكی یەمەن بوو، لە شەڕو تالآنیدا گیرابوو، كرابووە كۆیلەو فرۆشرابوو، پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە كەسێكی دیكەی كڕییەوەو ئازادی كرد، پاشان پێی فەرموو: ئەگەر حەز دەكەیت بگەڕێیتەوە ناو ئەو تیرەو هۆزەی سەر بەوانی، ئازاد بەو بڕۆ.. ئەگەر حەزیش دەكەیت لای ئێمە بمێنیتەوە، ئەوە لە ئەهل و بەیتی خۆمانت هەژمار دەكەین.. ئەویش لە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا مایەوە، شەووڕۆژ لە خزمەتیدا بوو تا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كۆچی دوایی كرد.. پاشان بەشداری فەتحی میسری كردو خانوویەكی لەوێ بۆ خۆی دروست كرد، دواتر چووە حیمس لە شام و خانوویەكی تری دروست كردو تێیدا مایەوە تا ساڵی (٥٤ی كۆچی) كۆچی دوایی كرد خوا لێی رازی بێت.. سەیدنا ثەوبان لەو یاوەرانەیە كە كەمیان فەرموودە گێڕاوەتەوە، لەویشەوە سەیدنا شەددادی كوڕی ئەوس و جوبەیری كوڕی نوفەیرو ئەبو ئیدریسی خەولانی و ئەبوسەلامی مەمتووری حەبەشی و مەعدانی كوڕی ئیبنو ئەبوتەلحەو ئەبو ئەشعەسی سەنعانی و چەندینی تر فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە.

## واتا و مانای فەرموودەکە

ئیسلام وا دەڕوانێتە ماڵ و سامان کە بڕبڕە پشتی ژیانن، ڕاگیری پارسەنگی ژیان بە پارەوە بەستراوە، بۆیە ئیسلام ئاڕاستەی تاك و کۆی شوێن کەوتوانی دەکات کە چۆنی پەیدا بکەن و چۆنیش خەرجی بکەن، تاوەکو نە لە دەست و گەنجینەدا کەڵەکە بکرێت و نە زێدە ڕەوی و ئیسرافیشی تێدا بکرێ و بەهەدەر بدرێت لە خەرج کردنیدا، چەندین جۆری خەرج کردنی دیاری کردووە، کە دەشێت چۆنێتیەکانیان زۆر سادە و ئاسان بن، بەڵام لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە گرنگێتی و کاریگەرێتی زیاتر دەبێت (وەکو بەخشینی نرخی دەرمانێك).

- ئەم فەرموودە پیرۆزەش ئاڕاستەمان دەکات کە سێ لە بوارەکانی خەرج کردنی ماڵ و سامانمان فێر دەکات کە لە شێوازە گرنگ و کاریگەریەکانی ژیانن و ئاسەواریان زۆرە لەسەر ژیان، بێگومان پاداشتیشیان زۆرە، کە ئەو شێوازانەش ئەمانەن:

**یەکەم:** مەسروف کێشانی ئەو کەسانەی کە بەخێو کردنیان لە ئەستۆی تۆدایە وەك: ژن - منداڵ - دایك - باوك - خزمەتکار (ڕەنجبەر) - هەر کەسێکی تر کە لەماڵدایە و مەسروفی کەوتۆتە سەر تۆ، کە دەبێت بە شێوەیەك مەسروفیان بکات کە بەشیان بکات و بەس بێت بۆیان، تا لە موحتاجی دەربچن و نەفەوتێن و دەست لە کەس پان نەکەنەوە - کەسانی تێر و پۆشتەش زیاتر لادەکەنەوە بەلای خوادا و عیبادەتی باشتر ئەنجام دەدەن.[١]

---

[١] هەر کەسێك وا نەبێت کەمتەرخەمە و لێشی قبوڵ ناکرێت، بۆیە خوای گەورە ڕۆزی و ئەمانی دابە قورەیش ئینجا داوای ئینتمای خوا پەرستی لێکردن کە دینی پاکی خوا وەربگرن و دووربکەونەوە لە

**دووەم:** مەسروف کێشانی سواری (گوێدرێژ و ئەسپ و هێستر، حوشتر، سەیارە، ماتۆڕ) و ڕاگرتن و خزمەتکردنیان تا ئامادەی ڕۆژی جیهاد دەبن، ئینجا خۆی جیهادیان پێوە بکات یان بیداتە کەسێکی تر بەم کارەش هەر موسوڵمانە لای خۆیەوە دەبێتە هۆکاری بەردەوامێتی بە جیهاد و تێکۆشان لە پێناو خوادا بەمەش ڕیزی موسوڵمانان هەمیشە لەبەهێزیدا دەمێنێتەوە چونکە پشتێن نەکردنەوە لە جیهادەکە عیزەتی هەمویانی پێوەیە.

**سێهەم:** خەرجکردنی پارە و سامان بۆ برا کۆمەڵکارەکانی، لە خزمەتی بانگەواز و بزاوت و ئامادە سازیی و جیهاد کردنیاندا، بە دابین کردنی پێداویستیەکانیان بێت یان بە موچە دانیان بۆ کۆمەڵکاریەکە لێبڕێن، ئەمەش بەردەوامێتی کار و کاریگەرێتی بانگەوازو قۆناغبڕینی کۆمەڵکاری و ئامادە سازیەکەیە، بەمەش ڕیزی موسوڵمانان پتەوتر دەبێت و ناچار نابن لە پێناوی کاسپی کردن و پەیدا کردنی بژێوی ژیانیاندا واز لە بانگەوازو ئامادە سازی بهێنن بۆ جیهاد و کەلێن بکەوێتە نیوان ڕیزەکانیان و کاری کۆمەڵکاریەکە بووەستێت.

- دەقی تری فەرموودە زۆرن کە موسوڵمان هاندەدەن کە پارەو سامانی خۆیان لەو سێ بوارەدا بخەنە کار تا پاداشتی بەردەوامیان بۆ بەرهەم بێت لەو فەرموودانە ئەمانەن:

١- بەخشین و مەسروف کێشانی ماڵ و خێزان:

ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (دِينَارٌ أنْفَقْتَهُ فِي سَبِيلِ الله، وَدِينَارٌ أنْفَقْتَهُ فِي رَقَبَةٍ، وَدِينَارٌ تَصَدَّقْتَ بِهِ عَلَى

---

هاوەڵدانان بۆ خواو وازبێنن لە بت پەرستی ئەوەیە مانای ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت (فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَٰذَا الْبَيْتِ * الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ) قريش/٣-٤

مِسْكِينٍ، وَدِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ عَلَى أَهْلِكَ، أَعْظَمُهَا أَجْراً الَّذِي أَنْفَقْتَهُ عَلَى أَهْلِكَ).[1] واتە: دینارێکت لە پێناو خوادا بۆ (جیهاد) بەخشی، دینارێکی ترت لە ئازاد کردنی کۆیلەیەکدا بەخشی، دینارێکت بە هەژارێك بەخشی و دینارێکیشت بۆ ماڵ و منداڵت سەرف کرد، باشترینیان ئەو دینارەیە کە بۆ ماڵ و منداڵت سەرفی دەکەیت ئەمەیان پاداشتی لای خودا لە هەموویان زیاترە.

- سەیدنا سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص خوا لێی ڕازی بێت لە فەرموودەیەکی درێژدا کە گێڕاویەتیەوە دەفەرموێت کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی پێی: (إِنَّكَ لَنْ تُنْفِقَ نَفَقَةً تَبْتَغِي بِهَا وَجْهَ اللَّهِ إِلَّا أُجِرْتَ عَلَيْهَا، حَتَّى مَا تَجْعَلُ فِي فَمِ امْرَأَتِكَ).[2] واتە: تۆ هەر خێر بکەیت و هەرچیەك لە پێناوی خوادا ببەخشیت، حەتمەن پاداشتی لەسەر وەردەگریتەوە، تەنانەت ئەو پارووەش کە دەیکەیت بەدەمی خێزانتەوە.

- ئەبو سعودی بەدری خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (إِذَا أَنْفَقَ الرَّجُلُ عَلَى أَهْلِهِ يَحْتَسِبُهَا فَهُوَ لَهُ صَدَقَةٌ).[3] واتە: کابرا لەبەر خاتری خوای گەورە مەسروفی ماڵ و خێزانی دەکات خوای گەورە بەخێر و خێراتکردن بۆی هەژمار دەکات.

---

[1] موسلیم (٩٩٥)، ئەحمەد (٢/٤٧٣).

[2] بوخاری (٥٦)، موسلیم (١٦٢٨).

[3] بوخاری (٥٥)، موسلیم (١٠٠٢).

عبدالله ی كوڕی عەمری كوڕی عاص خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا فەرمووی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (كَفَىٰ بِالْمَرْءِ إِثْمًا أَنْ يُضَيِّعَ مَنْ يَقُوتُ).[1] واتە: ئەوەندە گوناحە بەسە بۆ كابرایەك كە ماڵ و منداڵی لەبەر نەبوونی (پۆشاك و خۆراك و سوكناو ئەمان) بفەوتێن.

٢- بەخشین و مەسروف كێشانی سواریی لە ڕێی خوا:

- سەهلی كوڕی حەنزەڵە (الحنظلة) خوا لێی ڕازی بێت گێڕایەوە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە فەرموویەتی: (الْخَيْل مَعْقُودٌ فِي نَوَاصِيهَا الْخَيْرُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ، فَمَنِ ارْتَبَطَهَا عُدَّةً فِي سَبِيلِ الله، كَانَ شَبَعُهَا وَجوْعُهَا وَأَرْوَاثُهَا وَأَبْوَالُهَا فَلاَحًا فِي مَوَازِينِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ).[2] واتە: تا قیامەت خێر وا بە ناوچاوانی ئەسپەوە، خاوەن ئەسپ یارمەتی خوایی دەدرێت، هەركەسێك لە ڕێگای خوادا بۆ (جیهاد) ئەسپێك دابەستێت و خزمەتی بكات، ئەو مەسروف كردنەی كە تێدا دەكێشێت وەكو ئەوە وایە كە دەستی بۆ خێر كردن بە والایی ڕایەڵ كردبێت و نەی قونجێنێت، واتە خێری بەردەوامی بۆ دەنوسرێت.!

- ئەبوو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت گوێم لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو دەیفەرموو: (مَنِ احْتَبَسَ فَرَساً فِي سَبِيلِ الله، إِيمَاناً بِالله، وَتَصْدِيقاً بِوَعْدِهِ، فَإِنَّ شِبَعَهُ وَرِيَّهُ وَرَوْثَهُ وَبَوْلَهُ فِي مِيزَانِهِ يَوْمَ القِيَامَةِ ).[3] واتە: هەركەسێك ئەسپێك لەڕێگای خوادا بۆ (جیهاد) دابەستێت، وابێت كە باوەڕی بەخوای گەورە پتەوەو بەڵێنی خوایی

---

[1] ئەبوداوود (١٦٩٢)، نەسائیلە: السنن الكبرى (٣٧٤/٥)، ئەحمەد (١٦٠/٢). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: المشكاة (٣٣٤٦)دا فەرموویەتی سەحیحە.

[2] بوخاری (٢٨٥٢)، موسلیم (١٨٧٣).

[3] بوخاری (٢٨٥٣)، نەسائی (٢٢٥/٦)، ئەحمەد (٣٧٤/٢ژ ٨٨٥٣)

بەدڵنیایەوە وەرگرتوە کە دینەکەی هەرسەر دەخات، تێر بوونی ئەسپەکە، تێراو بوونی ئەسپەکە، تەرس و میزەکەشی لە ڕۆژی قیامەتدا دەخرێتە تای تەرازووی حەسەناتەکانیەوە.

٣- بەخشین و مەسروف کێشانی هاوڕێیانی جیهادی:

- ئەبو سەعیدی خودری خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (أَيُّمَا مُسْلِمٍ كَسَا مُسْلِمًا ثَوْبًا عَلَى عُرْيٍ كَسَاهُ اللَّهُ مِنْ خُضْرِ الْجَنَّةِ، وَأَيُّمَا مُسْلِمٍ أَطْعَمَ مُسْلِمًا عَلَى جُوعٍ أَطْعَمَهُ اللَّهُ مِنْ ثِمَارِ الْجَنَّةِ، وَأَيُّمَا مُسْلِمٍ سَقَى مُسْلِمًا عَلَى ظَمَإٍ سَقَاهُ اللَّهُ مِنَ الرَّحِيقِ الْمَخْتُومِ).[١] واتە: هەر موسوڵمانێك موسوڵمانێکی تری رووتەڵ بە پۆشاکێك پۆشتە بکاتەوە، خوای گەورە لە قوماشی نایابی بەهەشت (سەوز) پۆشاکی بەبەردا دەکات، هەرموسوڵمانێك ژەمە خۆراکێك بداتە موسوڵمانێکی برسی خوای گەورە لە میوە و بەرهەمەکانی بەهەشت تێری دەکات، هەر موسوڵمانێك مسوڵمانێکی تینو تێر ئاو بکات، خوای گەورە لە هەنگوینی سەرمۆری بەهەشت پاراوی دەکاتەوە.

- حەمزەی کوڕی صوهەیب خوا لێی ڕازی بێت دەیفەرموو کە صوهەیبی ڕۆمی خوا لێی ڕازی بێت خواردنی زۆری دروست دەکرد و دەیبەخشیەوە. جارێک سەیدنا عمر خوا لێی ڕازی بێت پێی فەرموو (مَا لَكَ يَا صُهَيْبُ تُكْنَى بِأَبِي يَحْيَى، وَلَيْسَ لَكَ ذَلِكَ، وَتَزْعُمُ أَنَّكَ مِنَ الْعَرَبِ، وَتُطْعِمُ الطَّعَامَ الْكَثِيرَ، وَذَلِكَ سَرَفٌ فِي الْمَالِ، فَقَالَ : إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَنَّانِي بِأَبِي يَحْيَى، وَأَمَّا قَوْلُكَ فِي النَّسَبِ، فَأَنَا رَجُلٌ مِنَ النَّمِرِ بْنِ قَاسِطٍ مِنْ أَصْلِ

---

[١] ئەبو داوود (١٦٨٢) ترمذی (٢٤٤٩)،ئەحمەد (١٣/٣)

الْمَوْصِلِ، وَلَكِنِّي سُبِيتُ غُلامًا صَغِيرًا قَدْ غَفَلْتُ أَهْلِي وَقَوْمِي، وَأَمَّا قَوْلُكَ فِي الطَّعَامِ، فَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَقُولُ : " خِيَارُكُمْ مَنْ أَطْعَمَ الطَّعَامَ، وَرَدَّ السَّلامَ "، فَذَلِكَ الَّذِي حَمَلَنِي عَلَى أَنْ أُطْعِمَ الطَّعَامَ) واتە: ئەرێ صوهەیب تۆ بۆچی کونیەکەت ئەبویەحیایە، کە هەق نیە ئەو کونیەیە لە خۆت بنێیت؟! دەشڵێیت ئەسڵم عەرەبە. خۆراکێکی زۆریش دەبەخشیتەوە. مەگەر ئەمە ئیسراف نییە؟! صوهەیب فەرمووی: ئەوە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەو کونیەی ئەبویەحیایەی لێناوم. ئەمە رەچەڵەکم کە عەرەبم: ئەوەیە کە من کابرایەکم لە بەرەبابی نیمری کوڕی قاسط کە ئەسڵیان لە موسڵن. بە منداڵی بە سەبایا بردوویانم ئیتر دایکوباوکی خۆمم نەدۆزیوەتەوە. ئەمما ئەوەی کە دەفەرموویت: خواردنێکی زۆر دەبەخشیتەوە ئەمەش مەسروفێکی زیادەیە، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (خِيَارُكُمْ مَنْ أَطْعَمَ الطَّعَامَ، وَرَدَّ السَّلَامَ).[١] واتە: باشترین کەستان ئەوەیە کە خۆراك دەبەخشێتەوە و وەڵامی سەلام دەداتەوە. ئائەمەیە کە وای لە منیش کردوە زۆر خواردن ببەخشمەوە.

- سەیدنا عەلی خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت (لأَنْ أَجْمَعَ أُنَاسًا مِنْ أَصْحَابِي عَلَى صَاعٍ مِنْ طَعَامٍ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَخْرُجَ إِلَى السُّوقِ فَأَشْتَرِيَ نَسَمَةً فَأَعْتَقَهَا).[٢] واتە: کۆمەڵێك لە یاوەرانی خۆم لەسەر زەمیلەیەك خواردن کۆکەمەوە پێم خۆشترە وەك ئەوەی بچمە بازار و کۆیلەیەك بکڕم و ئازادی بکەم.

---

[١] ئەحمەد (١٦/٦). ئیبنوحەجەر لە: (الأحاديث العاليات ژ/٢٥) ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/٤٤)دا دەفەرموێ سەحیحە.

[٢] طەبەرانی لە: مكارم الأخلاق (١٧٢)، ئیبنورەجەب لە: مجموع الرسائل (٤١/٤).

## ئەو پەند و ئامۆژگاریانەی کەلەم فەرموودەیە وەردەگیرێت:

١- بایەخدانی ئیسلام بە پارەو سامان و هۆشداریی دانی موسوڵمانان کە نەکەن لە شتی بێ سوودا خەرجی بکەن، ماڵ و سامان بڕبڕە پشتی ژیانە و مایەی پێشڕەویەتی.

٢- مەسروف کێشانی ماڵ خێزان: هاوسەر و منداڵ و دایك و باوك و خزمەتکار و هاوشێوەکانیان باشترین بوارە بۆ خەرج کردنی پارە تێیاندا، چونکە مەسروف کێشانیان دەبێتە مایەی بوژانەوە و گەشەیان بێ ئاتاج نابن و ناکەونە ئەملاو لاو بفەوتێن، جێهێشتنیان بە فەقیری و هەژاری و نەداری -لەگەڵ تواناداـ گوناحێکی گەورەیە.

٣- خەرجکردنی سامان لە (سواری) دا کە هەمووشتێکی وەکو ئەویش دەگرێتەوە، تا بە ووزە و توانا ڕای بگرێت، تا ڕۆژی خۆی کە جیهادی پێوە بکرێت، لە بوارە هەرە چاکەکانی بەرهەمهێنانی پاداشتی جارییە و لە کارە چاکەکانی موسوڵمانە کە دەبێت بیکات.

٤- مەسروف کێشانی داعی و کۆمەڵکارانی ئیسلام و مشوورخۆرانی ئەم دینە لە باڵاترین بواری چاکە و خێرو چاکەیە، کە لە لایەکەوە دەبێتە مایەی دڵ نەوایی و ڕێز و هاوکاری و خۆشەویستی یەکتری و لە لایەکی تریشەوە دەبێتە مایەی پتەوی ڕیزی موسوڵمانان و پێشخستنی کاروباریان و بەربڵاو بوونی بانگەوازی ئیسلامی و پاراستنی کۆمەڵکاری موسوڵمانانە لە ڕووی لافاو و زریان و شاڵاوی دوژمنان و ناحەزان.

فەرموودەی دەیەم

حَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَحَابِّينَ فِيَّ

وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَوَاصِلِينَ فِيَّ

وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَنَاصِحِينَ فِيَّ

وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَزَاوِرِينَ فِيَّ

وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَبَاذِلِينَ فِيَّ.

الْمُتَحَابُونَ فِيَّ عَلَى مَنَابِرَ مِنْ نُورٍ يَغْبِطُهُمْ بِمَكَانِهِمُ النَّبِيُّونَ وَالصِّدِّيقُونَ وَالشُّهَدَاءُ.

## فەرموودەی دەیەم

## مەنزیلەی برایەتی دینیی

(عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ : سَمِعْت رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَأْثُرُ عَنْ رَبِّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى : حَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَحَابِّينَ فِيَّ، وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَوَاصِلِينَ فِيَّ، وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَنَاصِحِينَ فِيَّ، وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَزَاوِرِينَ فِيَّ، وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَبَاذِلِينَ فِيَّ. اَلْمُتَحَابون فِيَّ عَلَى مَنَابِرَ مِنْ نُورٍ، يَغْبِطُهُمْ بِمَكَانِهِمْ النَّبِيُّونَ وَالصِّدِّيقُونَ وَالشُّهَدَاء).[١]

## کوردیەکەی

عوبادەی کوڕی صامت خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەیەکی قودسیدا لە خوای پەروەردگاری خۆیەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: خۆشەویستیم بۆ کەسانێك پێویست بووە کە لەبەر خاتری من یەکترییان خۆش بوێت. خۆشەویستیم بۆ کەسانێك پێویست بووە کە لەبەر خاتری من پەیوەندیان بەیەکەوە بەستووە. خۆشەویستیم بۆ کەسانێك پێویستبووە کە لەبەر خاتری من ئامۆژگاری یەکتری دەکەن و لێکی قبوڵدەکەن. خۆشەویستیم بۆ کەسانێك پێویستبووە کە لەبەر خاتری من دەبەخشن. ئەوانەی لەبەر خاتری من یەکتریان خۆشدەوێت لەسەر

---

[١] ترمذی (٢٣٩٠)، ئەحمەد (٢١٥٢٧ و ٢٢٠٠٢)، ئیبنوحیببان (٥٧٧)، ئیمامی مالیک لە: الموطأ (١٧٣٥) بە لەفزی (وجبت محبتی)، ئیمامی نەووویش رحمەالله لە (ریاض الصالحین / باب فضل الحب في الله ) هەر بە لەفزی (وجبت محبتی) هێناویێتی و دواتر نوسیویەتی (صحیح رواه مالك فی الموطأ باسناده الصحیح)، شێخی ئەلبانیش رحمەالله لە (صحیح الترغیب والترهیب/٣٠٢٠) و لە (صحیح الجامع الصغیر/٤٣٢١)دا بە سەحیحی داناوە.

مینبەری نوور دادەنیشن. پێغەمبەران و پیاو چاکان و شەهیدان خۆزگە بۆ پلەو پاداشتیان دەخوازن.[١]

## راویەکەی

عوبادەی کوڕی صامت خوا لێی رازی بێت لە تیرەی غەنەمی کوڕی عەوفی خەزرەجییە. لە بەیعەتی هەردوو عەقەبەی یەکەم و دووەمدا بەشداربوو.. یەکێک بوو لەو دوازدە نەقیبەی بەیعەتیان بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا. لە هەر هەموو غەزاکاندا لە خزمەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا بوو. لەبەر ئەوەی خۆی حافزقورئانبوو، بووبۆوە بە مامۆستای فێرکاری قورئان بۆ ئەهلی صوففە (ئەوانەی لەبەر بێ جێگایی هەر لە مزگەوت دەمانەوە)..

_زیاتر لە چل یاوەر ریوایەتیان لێوە وەرگرتووە. لەوانە: ئەبوئومامەی باهیلی، ئەنسی کوڕی مالیک، ئەبوموسلیمی خەولانی، جوبەیری کوڕی نوفەیر، جەنادەی کوڕی ئەبوئومەییە، ئەبوئیدریسی خەولانی و ئەبولئەشعەثی صەنعانی و وەلیدی کوڕی و جابری کوڕی عبداللە و عەمری کوڕی حەرام و شورەحبیلی کوڕی حەسەنەو دەیانی تر. سەدانی تابیعینیش والله اعلم..

_دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عوبادە چووە شام و لە بەیتولمەقدیس نیشتەجێبوو. پاشان بەشداری فەتحی ئیسلامی میسری کردو گەڕایەوە

---

[١] بەم خۆزگە و خواستنە دەوترێت (الغبطة) کە بریتیە لەوەی کە حەز بکەیت وەك ئەوت هەبێت، بێ ئەوەی ئەویش ئەوەی لەدەست بچێت کە هەیەتی. بەڵام (الحسد) خۆزگەخواستنە بەوەی کە ئەوەی بەرامبەر هەیەتی بدرێتە تۆ و لە دەست ئەودا نەمێنێت (دلیل الفالحین شرح ریاض الصالحین ٣/٣٣٥).

شام. دژی زۆر له هەڵوێستەکانی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان دەبۆوە. تا ئاخری سوێندی خوارد کە له ناوچەیەکدا نابێت موعاویه دەسەڵاتی بەسەریدا هەبێت. ئیتر کە گەڕایەوە بۆ مەدینە. سەیدنا عومەر لێی پرسی کە بۆچی هاتۆتەوە؟ فەرمووی لەبەر رەفتاری موعاویه. سەیدنا عومەر پێی فەرموو: بگەڕێرەوە شوێنی خۆت. خوا ئەو شوێنە کاول کات کە جەنابت و هاوشێوەی جەنابتی لێ ناحەوێتەوە. بگەڕێرەوەو موعاویه دەسەڵاتی بەسەرتدا نابێت.. جارێک ئەم و موعاویه له کۆڕێکدابوون. کابرایەک هەستاو مەدحی موعاویەی کرد. عوبادەش هەستاو چنگێک خۆڵی کردە دەمی کابراوە. موعاویه زۆر تووڕەبوو. عوبادە بە موعاویەی فەرموو: کاتێک ئێمە بەیعەتمان بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا جەنابت لەوێ نەبوویت. بەیعەتمان پێدا کە له ووتنی حەقدا شەرم لەکەس نەکەین و له لۆمەی لۆمەکاران نەترسین. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: خۆڵ بکەنە دەمی ئەو کەسانەوە کا ئاوا رووەوڕوو مەدح دەکەن..

_ له سەردەمی سەیدنا عوسماندا خوا لێی رازی بێت موعاویه نامەی بۆ خەلیفە نارد کە عوبادە ئەهلی شامم لێهەڵدەگێڕێتەوە. یان ئەو لێرە بێت و من بۆی چۆڵدەکەم یان چارەسەری بکە. ئیتر سەیدنا عوسمان فەرمانی بە عوبادە دا کە بڕواتە رەمەلە لە فەلەستین..

_ساڵی ٣٤ک له تەمەنی ٧٢ ساڵییدا له رەمەله کۆچی دوایی کرد. خوا لێی رازی بێت.

_عوبادە پیاوێکی قۆزی چوارشانەی تێکسمراوی باڵابەرزبوو. له دوای خۆی وەلیدو محمدوداوودو عوبەیدواللهی بەجێهێشت. کە هەموویان فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە.

ـ (١٨١) فەرمودەی ریوایەت كردووە، كە شەشیان (متفق علیه) ین و دووی تر هەر لای بوخاریین و دووی تر هەر لای موسلیمن و ئەوانی تر لای خاوەن سونەنەكان و فەرموودەوانانی ترن.

## واتا و مانای فەرموودەكە

خوای پەروەردگار هەر لە ئەزەلەوە دەیزانی كە ئەم دین و مەنهەجە خواییەی ئەو بڵاو نابێتەوە و نابێتە خاوەن دەسەڵات و سەروەری هەتا لە دڵی كۆمەڵێك مرۆڤی خواویست و دیندارى ڕاستەقینە و كۆمەڵكاریی پشوو درێژ و خۆڕاگردا نەچەسپێت، تا كۆمەڵێكی ئاوەها پێشڕەوی لەسەر پەروەردە نەبێت كە ببێتە نموونەی بەرچاوی دینەكە و پاشان بە خەڵكی تری بگەیەننەوە، خەڵكی بۆ بانگهێشت بكەن بەگیان و ماڵ و سامان بیپارێزن و جیهادی لە پێناودا بكەن و بەرەو ڕووی دوژمنانی دینەكە بوەستنەوە و فاك و فیك و فێڵ و تەڵەكەی دوژمنان نەیان خەڵەتێنێت، تا كۆمەڵێكی ئاوەها قوڵ بۆوە لە دینەكە نەیەتە كایەوە، ئەم دینە مەحاڵە لەچەند كەسێك زیاتر تێپەڕ بكات، بویە هەر دەبێت كۆمەڵێكی دیندار و جوامێر و ئارام و دڵنیا و دلێرانە شوێن پێغەمبەری خوا بكەون و بە ئاڕاستە و ئامۆژگاریەكانی ئەو پەروەردە بىن، بۆ هێنانە دی ئەم ئالیەتە. ئەم كۆمەڵە دلێر و بەجەرگە خواویستە، خوای گەورە كۆمەڵێك ئەحكامی دارشت تا یەك ڕیزی و یەك دیدی و یەك بزاوت و ئامانجی پێ بێتە دی، كە ئەوەش لە دڵەوە دەست پێ دەكات، دڵی ئەم كۆمەڵە دیندارە بەهیمەتە پێویستە بە تەواوی بۆ خوای تاك و تەنها یەكلا بوبێتەوە،

ئەم فەرموودەش لەم بوارەدا ئاراستە دەکات... ئەم فەرموودەیە بانگهێشتی موسوڵمانان دەکات بۆ:

- یەکرِیزیی و خۆشوویستن لەبەر خوا.
- پەیوەندی پێکەوە بەستن لەبەر خاتری خوا.
- ئامۆژگاریکردنی یەکتری لەبەر خاتری خوا.
- بەخشین و یارمەتی دانی یەکتری لەبەر خاتری خوا.

ئەم فەرموودەیەش بانگهێشتە بۆ تێگەیشتن لەم روکنانەی برایەتی دینی و قبوڵ کردن و پێوە پابەند بوونیان تا ئەم برا دینیانە بگەنە ئەو مینبەرە نوورەی کە هەر خوا خۆی کە خاوەنیەتی دەزانێت چۆنە، بەڵام بە تەئکید ئەوەندە بەرز و بەرِێزە کە پێغەمبەران و پیاو چاکان و شەهیدان ئاواتە خوازن پێی، کەواتە با هەوڵی بۆ بدەین و خۆی بۆ ساز بکەین، پاڵفتە بین... ئافەرین بۆ ئەو کەسانەی کە لەبەر خاتری خوای گەورە ئەم فەرموودەیە دەکەنە گەرما پێوی رەفتاری رۆژانەیان.

**هەندێك دەقی تر لە سەر یەکتر خۆش وویستن لەبەر خاتری خوای گەورە:**

ئەنەس خوا لێی رِازی بێت دەگێرِێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ، وَجَدَ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ، أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ، أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا لِلَّهِ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ).[1] واتە: سێ سیفەت هەن لە هەر کەسێکدا هەبن ئەو کەسە شیرینی باوەرِ دەچێژێت: کە خوا و پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە هەموو کەس و شتێك لا خۆشەویستر بێت، هەرکەسێکی خۆش وویست تەنها لەبەر خاتری خوای گەورە خۆشی

---

[1] بوخاری (١٦)، موسلم (٤٣).

بوویت، ئەوەندەشی پێ ناخۆش بێت بگەڕێتەوە سەر کوفر کە خوای گەورە قوتاری کردوە لێی هەروەکو کە پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ناو ئاگرەوە.

- ئەبوو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمْ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لا ظِلَّ إِلا ظِلُّهُ: الإِمَامُ الْعَادِلُ، وَشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ رَبِّهِ، وَرَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ فِي الْمَسَاجِدِ، وَرَجُلَانِ تَحَابَّا فِي اللَّهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ، وَرَجُلٌ طَلَبَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وَجَمَالٍ فَقَالَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ، وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ بِصَدَقَةٍ فَأَخْفَاهَا حَتَّى لا تَعْلَمَ شِمَالُهُ مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ، وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللَّهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ).[١]

واتە:حەوت پۆلە خەڵك هەن كە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا دەیانخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە، لەو کات و جێگایەدا کە هیچ سێبەرێك نیە جگە لە سێبەری خوا نەبێت: پێشەوا (سەرۆك-ئەمیر)ێكی داد پەروەر، گەنجێك كە لە خوا پەرستیدا قاڵ بوبێتەوە پێوەی گۆش بوبێت، پیاوێك كە دڵ بە مزگەوتەوە بوبێت، دوو كەس كە یەكتریان خۆش ویستوە تەنها لەبەر خاتری خوا، لەبەر خاتری ئەو یەكیان گرتوە و كۆمەڵكاری یەكن لەبەر خاتری ئەویش لەیەكتر جیا دەبنەوە، پیاوێك كە ئافرەتێكی چاك و جوان بانگی بكات بۆ ئەوەی زینای لەگەڵدا بكات بەڵام ئەم دەڵێت من خۆفی خوام لە دڵدایە و كاری وا ناكەم، هەروەها كەسێك كە بەدەستی ڕاستی خێر و چاكە دەكات و ناهێڵێت دەستی چەپی پێی بزانێت، هەروەها كەسێك كە تەنهایە و زیكر و یادی خوا چاوەكانی پڕ دەكات لە فرمێسك لە خۆشەویستی و ترسی ئەو.

- هەرئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (إِنَّ اللَّه تَعَالَى يَقُولُ يَوْمَ الْقِيَامةِ: أَيْنَ الْمُتَحَابون بِجَلالِي؟ الْيَوْمَ أُظِلُّهُمْ

---

[١] بوخاری (١٧٤)، موسلم (١٧١٢).

فِي ظِلِّي يَومَ لا ظِلَّ إِلاَّ ظِلِّي).[١] واته: خوای پەروەردگار لە ڕۆژی قیامەتدا دەفەرموێت: کوان ئەوانەی لەبەر خاتری ڕێز و گەورەیی من یەکتریان خۆش ویست؟ ئەمڕۆ دەیانخەمە ژێر سێبەری خۆمەوە، ئەمڕۆ هیچ سێبەرێك نیە جگە سێبەری من.

- موعازی کوڕی جەبەل خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (الْمُتَحَابون فِي جَلالِي، لَهُمْ مَنَابِرُ مِنْ نُورٍ يَغْبِطُهُمُ النَّبِيُّونَ وَالشُّهَدَاءُ).[٢] واته: خوای گەورە دەفەرموێت: ئەوانەی لەبەر ڕێز و مەزنی من یەکتریان خۆش ویستووە مینبەری نووریان دەدەمێ کە پێغەمبەران و پیاو چاکان و شەهیدان ئاواتەخوازی ئەو پلە و پایە و پاداشتەن.

## هەندێك دەقی تر لەسەر گەورەیی و پاداشتی پەیوەندی بەستن لەبەر خاتری خوای گەورە:

- ئەبوو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە فەرمووی: (أَنَّ رَجُلا زَارَ أَخًا لَهُ فِي قَرْيَةٍ، فَأَرْصَدَ اللَّهُ عَلَى مَدْرَجَتِهِ مَلَكًا، فَقَالَ: أَيْنَ تُرِيدُ؟ فَقَالَ: أُرِيدُ أَخًا لِي فِي هَذِهِ الْقَرْيَةِ. فَقَالَ: هَلْ لَهُ عَلَيْكَ مِنْ نِعْمَةٍ تَرُبُّهَا؟ قَالَ: لا، إِلا أَنِّي أُحِبُّهُ فِي اللَّهِ. قَالَ: إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكَ بِأَنَّ اللَّهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَحَبَّكَ كَمَا أَحْبَبْتَهُ).[٣] واته: کابرایەك بەرەو گوندێکی تر کەوتە ڕێ بەو هیوایەی سەردانی برایەکی (دینی) خۆی بکات، خوای

---

[١] بوخاری (٦٦٠)، موسلیم (١٠٣١). صحيح، المشكاة (٥٠١١ / التحقيق الثانى) ، التعليق الرغيب (٤ / ٤٧)

[٢] ترمذی (٢٣٩٠)، ئەحمەد (٢١٥٢٥)، طەبەرانی لە: المعجم الكبير (١٤٩)، حاکم لە: المستدرک (_٧٣٩٦)، ئیبنوحەجەر لە: فتح الباری (٥٧٣٠). ئەلبانی رحمەاللە لە صحیح مشكاة المصابیح (٥٠١١ توێژینەوەی دووەمی) و لە: التعليق الرغيب على الترغيب والترهيب (٤٧/٣)دا بە سەحیحی داناوە.

[٣] موسلیم (٢٥٦٧)، ئەحمەد (٩٠٣٦)، ئیبنوحەجەر لە: التلخيص الحبير (٢٥٣٨).

گەورە فریشتەیەکی نارده سەر ڕێگاکەی، کە کابرا گەیشتێ فریشتەکە پرسی: بۆ کوێ دەچیت؟ ووتی دەمەوێ بچمە ئەو گووندە برایەکی دینی خۆمی لێیە و سەردانی دەکەم، فریشتەکە پرسی: حساباتێکی دنیایی لە نێوانتاندا هەیە تا داوای لێ بکەیت؟ کابرا ووتی: نەخێر، تەنها لەبەر خاتری خوای گەورە دەچم بۆ سەردانی و خۆشم دەوێت، ئینجا فریشتەکە فەرمووی: دەی من نێرراوی خوام و مژدەی ئەوەت دەدەمێ کە خوای گەورە تۆی خۆش دەوێت هەروەك چۆن تۆ ئەو برایەت خۆش دەوێت لەبەر خاتری ئەو.

- هەر ئەبوو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:(مَنْ عَادَ مَرِيضًا أَوْ زَارَ أَخًا لَهُ فِي اللَّهِ نَادَاهُ مُنَادٍ: أَنْ طِبْتَ وَطَابَ مَمْشَاكَ، وَتَبَوَّأْتَ مِنَ الْجَنَّةِ مَنْزِلاً).[١] واتە: هەرکەسێك بچێتە سەردانی نەخۆشێك یاخود سەردانی برایەکی لەبەر خاتری خوا، جارچیەك بانگی لێ دەکات کە ئافەرین چاکت کرد، چوونی سەردانی نەخۆشیەکەت چاك بوو خوای گەورە لە بەهەشتەکەیدا مەنزڵگەیەکت بۆ دروست دەکات.

- ئەنەس خوا لێ ی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە لە دوای کۆچی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەیدنا ئەبو بەکر بە سەیدنا عومەری فەرموو خوا لێیان ڕازی بێت: (انْطَلِقْ بِنَا إِلَى أُمِّ أَيْمَنَ، نَزُورُهَا كَمَا كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَزُورُهَا، فَلَمَّا انْتَهَيْنَا إِلَيْهَا بَكَتْ، فَقَالَا لَهَا: مَا يُبْكِيكِ؟ مَا عِنْدَ اللَّهِ خَيْرٌ لِرَسُولِهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَتْ: مَا أَبْكِي أَنْ لَا أَكُونَ أَعْلَمُ أَنَّ مَا عِنْدَ اللَّهِ خَيْرٌ لِرَسُولِهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَلَكِنْ أَبْكِي أَنَّ الْوَحْيَ قَدِ انْقَطَعَ مِنَ السَّمَاءِ، فَهَيَّجَتْهُمَا عَلَى الْبُكَاءِ فَجَعَلَا يَبْكِيَانِ مَعَهَا).[٢] واتە: بابچینە دیدەنی ئوم

---

[١] ترمذی (١٩٢٧)، ئیبنوماجە (١٤٣٣)، ئەحمەد (٨٣٣٣)، ئیبنوحیببان (٣٠٣٧). ئەلبانی رحمەاللە لە: (صحيح الترغيب والترهيب/٢٥٧٨)دا بە سەحیحی داناوە.

[٢] موسلیم (٢٤٥٤) ئیبنوماجە (١٦٣٥)بەیهیقی لە: السنن الكبرى (١٣١٦٠).

ئەیمەن -خوا لێی ڕازی بێت- هەروەکو کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی دەبردە دیدەنی، کە چوونە لای و بینیان گریا، فەرموویان بۆچی دەگریت؟ خۆ دەزانیت کە لای خوا بۆ پێغەمبەری خوا چاکترە وەك لە ژیانی دنیا و ئێرەیی، ئووم ئەیمەن فەرمووی: لەبەر ئەوە ناگریم کە نازانم کە لای خوا چاکترە بۆ پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەمە دەزانم، بەڵام من بۆ ئەوە دەگریم کە ئیتر وەحی ئاسمان پسا و ئیتر وەحی نایەت، بەشێوەیەك گریا کە ئەوانیشی هەژاند و خستنیە گریان.

## هەندیك دەقی تر لەسەر گەورەیی پاداشتی ئامۆژگاریی و ئاڕاستە کردن لەبەر خوای گەورە:

- ئەبوو روقیەی تەمیمی کوڕی ئەوسی داری خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (اَلدِّينُ اَلنَّصِيحَةُ، قُلْنَا: لِمَنْ يَا رَسُولَ اَللَّهِ؟ قَالَ: لِلَّهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِرَسُولِهِ وَلِأَئِمَّةِ اَلْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ).[١] واتە: دین ئامۆژگاری کردنە، ووتمان بۆ کێ؟ فەرمووی: وەرگرتنی ئامۆژگاری خوا و کتێبەکەی و پێغەمبەرەکەیەتی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەروەها گوێڕایەڵی پێشەوایانی موسوڵمانان و ئامۆژگاریی کردنیان و ئامۆژگاری کردنی گشتی موسوڵمانانە.

---

[١] موسلیم (٥٥) ئەبوداوود (٤٩٤٦)، ترمذی (٢٠٥١)، نەسائی (٤٢١٤)، ئەحمەد (١٧٢١٤).

**هەندێك دەقی تر لەسەر گەورەیی پاداشتی بەخشین بە یەكتری لەبەر خاتری خوای گەورە:**

پێشتر لە باسی گەورەیی چاكەی بەخشین بە یاوەران و هاوڕێیانی جیهاددا چەند فەرموودەیەكمان هێنایەوە لێرەشدا بیان خەینەوە بەرچاو جارێكی تر:

- حەمزەی كوڕی صوهەیب خوا لێی ڕازی بێت دەیفەرموو كە صوهەیبی ڕۆمی خوا لێی ڕازی بێت خواردنی زۆری دروست دەكرد و دەیبەخشیەوە. جارێک سەیدنا عمر خوا لێی ڕازی بێت پێی فەرموو: تۆ خۆراكێكی زۆر دەبەخشیتەوە. مەگەر ئەمە ئیسراف نییە؟! صوهەیب فەرمووی: ئەوە لەبەر ئەوەیە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (خِيَارُكُمْ مَنْ أَطْعَمَ الطَّعَامَ، وَرَدَّ السَّلَامَ).[١] واتە: باشترین كەستان ئەوەیە كە خۆراك دەبەخشێتەوە و وەڵامی سەلام دەداتەوە، ئائەمەیە كە وای لە منیش كردوە زۆر خواردن ببەخشمەوە.

- سەیدنا عەلی خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: (لأَنْ أَجْمَعَ أُنَاسًا مِنْ أَصْحَابِي عَلَى صَاعٍ مِنْ طَعَامٍ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَخْرُجَ إِلَى السُّوقِ فَأَشْتَرِيَ نَسَمَةً فَأَعْتَقَهَا).[٢] واتە: كۆمەڵێك لە یاوەرانی خۆم لەسەر زەمیلەیەك خواردن كۆكەمەوە پێم خۆشترە وەك ئەوەی بچمە بازار و كۆیلەیەك بكرم و ئازادی بكەم.

---

[١] ئەحمەد (١٦/٦). ئیبنوحەجەر لە: (الأحاديث العاليات ژ/٢٥) ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/٤٤)دا دەفەرموێ سەحیحە.
[٢] بوخاری لە (الادب المفرد ٢٤٦-٢٤٧ ژ /٥٦٦).

## ئەو پەند و ئامۆژگاریانەی کە لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت:

١- زەرورەتی یەکترخۆشویستن لەبەر خاتری خوای گەورە، هەروەها پەیوەندی بەستنی هاتووچۆکردنی یەکتری و ئامۆژگاری و قبوڵکردنی ئامۆژگاری و بەخشین بە یەکتریی. هەمووی لەبەر ڕەزامەندی خوای تاکوتەنها بێت و بەس، کە جگە لە زۆرکردنی پاداشت، لە دنیاشدا دەبێتە مایەی زۆربوونی سۆزو خۆشەویستی بەرامبەر یەکترو متمانەی زیاتر بەیەکترو پتەوکردنی ڕیزی کۆمەڵکاریی موسوڵمانان لەسەر ئەساسی ڕێکخستنی دڵ و دەرونیان لە دیدو هەست و ڕەفتارو هەڵوێستەکانیانەوە.

**ئەوەی کە یارمەتی موسوڵمان دەدات کە ببێتە خاوەنی ئەم سیفەتە زۆرشتن لەوانە:**

أ- دڵنیابوون لەوەی کە هەر یەکێك لەو ڕەفتارانەی کە ئاماژەی پێکراون دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی خۆشەویستی خوای گەورە بۆ خاوەن سیفەتەکە.

ب- دڵنیابوون لەوەی کە پتەوی ڕیزو بەهێزیی کۆمەڵکاریی موسوڵمانان بەهەر یەکێك لەو سیفەتانە بەهێز دەبێت و موسوڵمانان دەبنەوە یەك دیوارو یەك جەستەو وەکو جاران دەبنەوە درکی چاوی دوژمنانی دین و خواوویستیی. بەمەش هەیبەت و سام بۆ موسوڵمانان لە دڵی کافراندا دروستدەبێتەوە.

ج- پێویستە موسوڵمان دیراسەی مێژوی ژیانی یاوەران و تابعین و ناودارانی سەلەف بکات، تاکو بتوانێت وەکو ئەوان خۆی پەروەردە بکات و ڕەفتار بکات.

٢- سووربوونی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەسەر ژیانی کۆمەڵکاریی بۆ موسوڵمانان و هاندانیان لەسەریی. چونکە هەریەك لەم سیفەت و ڕەووشتانە دەبێت لە ناو کۆمەڵی موسوڵمانانندا بچەسپێنن، تا ببێتە مایەی کاریگەرێتی دینداری لەسەر تاکوکۆ. چونکە

کەسی تاك هەرچەندە چاك بێت بە تەنها دەرەقەتی هەواوهەوەسی خۆی دێت (ئەگەر واش بێت و دەرەقەتی بێت!) بەڵآم بە تەنها دەرەقەتی نەخشەو پلانی دوژمنان نایەت. بۆیە تا زیاتر بن و کۆمەڵکاریان زیاتر بێت و خواوویست تر بن بەهێزتر دەبن.

- عبدالله ی کوڕی موبارەك بەڕەحمەت بێت دەفەرموێت:

لَوْلَا الْجَمَاعَةُ مَا كَانَتْ لَنَا سُبُلٌ وَكَانَ أَضْعَفُنَا نَهْبًا لِأَقْوَانَا

واتە: ئەگەر کۆمەڵکاریەکەمان نەبوایە ڕێگای ڕاستمان نەدەماو لاوازەکانیشمان دەبوونە نێچیری بەهێزەکانمان.

## ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٧ | پێشەکی |
| ١٠ | فەرموودەی یەکەم |
| ٧٢ | فەرموودەی دووەم |
| ٩١ | فەرموودەی سێیەم |
| ١٠٣ | فەرموودەی چوارەم |
| ١٢٤ | فەرموودەی پێنجەم |
| ١٣٤ | فەرموودەی شەشەم |
| ١٤٩ | فەرموودەی حەوتەم |
| ١٦٠ | فەرموودەی هەشتەم |
| ١٧٠ | فەرموودەی نۆیەم |
| ١٨٠ | فەرموودەی دەیەم |
| ١٩٢ | ناوەڕۆك |

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)

ئامادەیی ئامەد

ماڵپەر

zadyreman.com

فەیسبووك

fb.com/zadyreman

هەژماری تویتەر

twitter.com/zadyreman

هەژماری ئینستاگرام

instagram.com/zadyreman

ئیمێڵ

zadyreman@gmail.com